# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٤١ یەکشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٤٠١ _ ١٩ی فێورییەی ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




## خەباتی ڕەوا بۆ مافی ڕەوا

... مەسەلەی کورد لە ئێران کێشەی چەندین میلیۆن کوردە کە دەبێ مەترەح بکرێ. ویستەکانمان ڕەوا، ئینسانی و درووستن. پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە لە مەسەلەکە بڕوانین و بچینە پێشێ، سەرکەوتنمان زیاتر دەبێ. موهیمییش ئەوەیە پەیامەکانی خۆمان کە ڕوا و دیموکراتیکن لە دەرەوە بەباشی وەربگیردرێ. دەبێ بە هەموو ئەو کەسانەی گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە، بڵێین کە داوای کورد زۆر سادە و ڕەوایە. کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاددا هاتووە و شتێکی زیادی نییە. بۆیە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە و بەشێکە لە مافی ئادەمیزاد و ئەو دەوڵەت و ڕێکخراو و شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن، پێویستە لە داوا ڕەواکانی کورد پشتیوانی بکەن... بە گشتی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە خەڵک هەست بەوە بکات کە حاکمە بەسەر چارەنووسی خۆیدا.

**(د. عەبدولڕەحمان قاسملوو)**

## کوردستان

# سەرچەشنی تۆلێرانسی سیاسی و کولتووری فرەیی




## لێدانەوەی قەوانی کۆن لە دۆخی نوێدا

**عەلی بداغی**

ژمارەی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی گەلان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە ٥١ وڵاتەوە گەیشتە ١٤٩ وڵات و لە ساڵی ١٣٦٩ەوە هەتا ئێستا بۆ ٢٠٦ وڵات زیادی کردووە کە ١٩٦ وڵاتیان ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن. هۆکاری بنچینەیی ئەو گۆڕانکارییانەش بۆ بنەڕەتی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» دەگەڕێتەوە کە وای کردووە لە ماوەی کەمتر لە ٨٠ ساڵدا پتر لە ١٥٠ گەل و نەتەوە کیانی سیاسیی سەربەخۆی خۆیان هەبێت و هەوساری چارەنووسیان بگرنە دەست.

مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی مرۆیی بناغە و بنەڕەتی مافەکانی دیکەی مرۆڤە و بەو هۆیەوە هەموو کەس و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ سەرنجدان بە جۆری ئێتنیک، ڕەگەز، نەژاد و ئایین دەتوانن جڵەوی کاروباری خۆیان لە بوارەکانی سیاسی...

ل٢




## خالید عەزیزی:

## نیگەرانی لە تەواوەتیی ئەرزی بە دابەشکردنی دەسەڵات دەڕەوێتەوە، نەک تەواوەتیخوازی

هەرکات باس لە ئێران و داهاتووی ئێران دەکرێ، چەمکگەلێکی وەک «تەواوەتیی ئەرزی و «تەجزیە» دێنە بەرباس کە دیارە بەرهەمی نەناسینی ئێران و فامنەکردنی پرسی نەتەوایەتی و داننەنان بە پرسی فرەییە لەو وڵاتەدا. بێگومان بێتوو لایەنەکان باوەڕیان بە دێموکراسی و بنەما و ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ و بنەڕەتی هاوبەشیی هەمووان هەبێت، ئەوکات ئیدی ئەو چەمکگەلی تەجزییە و تەواوەتی خاکە مانایەکیان نابێت... هیچ ئاڵترناتیڤ و بەدیلێک لە دەرەوەی وڵات سەرکەوتوو نابێت بێتوو دان بە واقع و ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵاتدا نەنێت و دروشم و بەرنامەکانی بە سەرنجدان بە دۆخی ڕاستەقینەی وڵات گەڵاڵە نەکرابێت... لە ئێستادا دەبێت چەند بنەمایەکی ڕێککەوتنمان هەبێت و لەسەر ئەو بنەمایانە ناوەندگەرێتی جێی خۆی بدا بە لامەرکەزی، واتە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای هاوبەشی بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردن و پەراوێزخستنێک... ئیستبدادی دینی دەبێ جێگەی خۆی بدا بە دێموکراسی و بۆ ئەوەش کە جارێکی دی سەرەڕۆیی ئایینی لە وڵاتدا دروست نەبێتەوە، دەبێ لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا بەئاشکرا و بەڕوونی پێ لەسەر جیایی دین لە دەسەڵات دابگیرێ و کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەی سێکۆلاریزمدا بشکێتەوە

(٢)


## سیاسەتی تاکزمانی ململانێ و کەلێنی نێوان نەتەوەکانی لە ئێراندا پتر کردووە




## د. ئازاد محەممەدیانی: شۆڕشی ژینا ڕەنگە دواقۆناغی خەباتی ئێرانییەکان بێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی دێموکرات، ئازاد و بەرانبەریخواز

پێداگری، بەردەوامی، یەکگرتوویی و سەلماندنی بنەمای داننان و قبووڵکردنی جیاوازییەکان تەنیا ڕێگەی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەیە. ئەگەریش ئەو بنەمایە جێ نەکەوێ و لەلایەن هەمووانەوە وەر نەگیرێت، ڕەنگە کۆماری ئیسلامی بڕووخێ بەڵام ناتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا سەرکەوتووە. چون پێم‌وایە بزووتنەوەی هەمەلایەنەی «ژن-ژیان-ئازادی» بزووتنەوەیەکی کولتوورییە کە دەبێ ئاکامەکەی گۆڕانی ئەو کولتوورە سەپاوە باوەی ئێستا بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە. بێ ئەو گۆڕانکارییە مەزنە ناتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا سەرکەوتووە.

لە ڕاستیدا ڕووناکبیرانی ئێرانی کە بەشی هەرە زۆریان چەپ بوون، هاوشێوەی لایەنەکانی دیکە تەحلیلێکی دروستیان لە تیۆرییەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و حەولیان بۆ گەیشتن بە حکوومەتی ئیسلامی نەبوو، لە پێش هەموویاندا چەپەکان لە سەر بنەمای ئەو لێکدانەوەیە کە ئیسلامییەکان دژی ئیمپریالیستن و بۆ گەیشتن بە ئێرانی سەربەخۆ دەتوانن هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو بن و بە هاوکاری ئەوان دەتوانن ئێران لە بلووکی ڕۆژهەڵاتی دونیا نزیک بکەنەوە،



بەرەی نەتەوەییش لەسەر ئەو بنەمایەی کە مەلاکان لەوە بێهێزترن کە حکوومەت بکەن و پێویستیان بەوان هەیە کە وڵات بەڕێوە بەرن، کەوتنە ڕیزی ئەوانەوە و متمانەیان پێ کردن.

(٤)

کوردستان
ژمارە ٨٤١
٣٠ی ڕێبەندانی ١٤٠١ _ ١٩ی فێورییەی ٢٠٢٣

درێژەی...

## لێدانەوەی قەوانی کۆن له دۆخی نوێدا

... کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریدا بگرنە دەست. هەربۆیەشە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە تەنیشت پێویستیی ڕەچاوکردن و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادیيە بنگەیی و سروشتییەکاندا باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووس کراوە و ئەو بابەتە لە ڕیزی ئەسڵە بنەڕەتییەکانی مافە نێونەتەوەییەکانیشدا جێی گرتووە کە بە پاراستن و دەکارکردنیان پێش هەموو شتێک جگە لە خاوەنێتیی سەروەریی نەتەوەیی، دەکرێ بەر بە پێشێلکردنی مافی کەمایەتییەکان لەنێو هەر پێکهاتەیەکدا بگیردرێ. بە واتایەکی دی مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی قسەهەڵنەگر و دانەشکاو بۆ هەر نەتەوەیەکە هەتا بتوانێ نیزامی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی هەبێ و ستاتویەکی نێونەتەوەیی بۆخۆی دەستەبەر بکات. دواتر بە پەسەندکرانی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی دیکەش ئەو مافە نەک بەتەواوی بەڕەسمی ناسرا و پێداگریی لەسەر کرا، جێبەجێکردنیشی وەک ئەرک خرایە سەر شانی دەوڵەتەکان.

مافی دیاریکردنی چارەنووس پێوەندییەکی گرێدراو و لێکدانەبراوی لەگەڵ چەمکگەلی وەک دێموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ هەیە و یەکێک لە هۆکارەکانی گرینگیدانی ئەو ئەسڵە بە پرسی دێموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ لەوەدایە کە نەبوونی دێموکراسی لە هەر وڵاتێکدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە، دۆخێک کە نەتەوە بندەستەکان لە ئێران لە سەت ساڵی ڕابردوودا هەموو جۆرێکی ئەو پێشێلکردنانە دەرحەق بەوان بەڕەوا زاندراوە. ئەو دۆخەش وای کردووە نەتەوەکان -کورد بەتایبەتی- بۆ دابینبوونی مافەکانیان خەباتێکی دووروودرێژ بکەن، بەڵام بێتوو دوو دەسەڵاتی ناوەندگەرای پاشایەتیی پەهلەوی و ڕێژیمی ئیسلامی ڕێژیمێکی دێموکراتیک بان و ڕێزیان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک بنەڕەتی مافەکانی مرۆڤ گرتبا و وەڵامیان بە ویست و داخوازیی بەحەقی گەلانی ئەو وڵاتە بۆ بەشداری و هاوبەشیی سیاسی و مافی وەکیەک بەبێ هیچ چەشنە فەرق و جیاوازای و هەڵاواردنێک دابایەوە؛ نە کەلێنی نێوان دەسەڵات و نەتەوەکان ئاوا بەرفراوان دەبوو؛ نە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی وڵات هێندەی دەخایاند و نە ئەوەندەش تێچووی قورسی دەویست.

ڕێژیمە ناوەندگەراکانی تاران لە یەک سەدەی ڕابردوودا کە هەر لەجێدا لەسۆنگەی لاوازیی خۆیانەوە و لە چەند قۆناغێکی مێژووییدا بەشێکی زۆر لەو جوغرافیا سیاسییەی ئێستا بە ناوی ئێران دەیناسین لێ کراوەتەوە و بە وڵاتانی دیکەی دراوسێوە لکێندراوە، هەموو کاتێک "تەواوەتیی ئەرزی"یان وەک پیرۆزییەک پێش بنەماکانی مافی مرۆڤ خستووە و هەڕەشەی "تەجزییە"یان گۆپاڵێک لەسەر نەتەوە مافخوازەکانی ئەو وڵاتە ڕاگرتووە. لە چەند مانگی ڕابردووشدا کە شۆڕشی ژینا بە مانیفێستێکی تەواو مەدەنی و مافخوازانەوە جێی بە وەهمی پیلان، عەقڵییەتی شوێنیستی، باوەڕە نادێموکراتیک و سیاسەتی دژە مافی مرۆییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لێژ کردووە، پرسی "تەواوەتیی ئەرزی" و "تەجزییە" نەک هەر لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ بیانووی سەرکوت، بەڵکوو لەلایەن کۆمەڵێک هێز و ڕەوتی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیشەوە بۆڵد دەکرێ و تەنانەت بە ناوبردنی وەک هێڵی سوور دەکرێتە گۆپاڵێک بۆ هێرش و هەڕەشە بۆ سەر نەتەوە مافخوازەکانی وەک کورد لەم وڵاتەدا. بەپیرۆزکردنی سنوورێک کە بە شایەتیی مێژوو و بە هۆکاری جۆراوجۆر کە هەروەک باس کرا زۆرجار بەهۆی ناژیری و لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندییەوە چەندین جار گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بچووک کراوەتەوە، بەردەوام کراوەتە پاساو بۆ بەردەوامیی سەرکوت، کوشتوبڕ، سەرەڕۆیی، توندوتیژی و سەپاندنی هەڵاواردن و نابەرانبەری؛ بێئەوەی بزانن کە تەواوەتیی ئەرزی بە سڕینەوەی جیاوازییەکان و پێخوستکردنی مافەکانی نەتەوە بندەستەکان لەلایەن دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست و بەگشتی بە تەواوتیخوازی ڕاناگیرێ و ناپارێزرێت.

هاوکێشەکە ڕوونە. هەتا ئێستا هیچ کام لە نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران خواستی سەربەخۆییان نەبووە و حیزبە سەرەکییەکانی ئەم نەتەوانەش -کورد بۆ نموونە- دەیانەوێ پرسی نەتەوایەتی و مافە مرۆییەکانی خۆیان لە ئێراندا لە چێبوونی نیزامێکی فدراتیودا چارەسەر بکەن. بەڵام کاتێک کولتووری نەتەوەیەک لە وڵاتێکی ناوەندگەرادا مەترسیی فەوتانی لەسەر بێت و نیزامی سیاسیی وڵات ئیزنی هاوبەشی لە ئیدارەکردنی وڵات و بەخاوەنکردنی مافەکانی ئەو پێکهاتەیە و خۆدیتنەوەیان لە شانۆ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەدا پێ نەدا، مافەکانیان بە شێوەی سیستماتیک پێخوست بکات، هەوڵی سڕینەی شوناس و ژینۆسایدی زمان و مێژوویان بدات و لە هەموو کەرتەکاندا پەراوێزیان بخات؛ ئیدی ئەوە دەسەڵاتە کە هەموو شەرعییەتەکانی لە خۆی داماڵیوە و ئەو نەتەوەیەش مافی خۆیەتی لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدات. ئەو بڕیارەش هەرچی بێت دەبێ بەڕەسمی بناسرێ و ڕێزی لێ بگیردرێت و خۆ ئەگەر بێتوو ئەو مافنواندنە لە هەر فۆرمێکدا ڕەوشی جیاواز لە پێشوو لەو وڵاتەی لێ بکەوێتەوە، بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە نوێیە لە ئەستۆی حکوومەت و دەسەڵاتی ناوەندگەرایە.

کە واتە هیچ خاک و جوغرافیایەک پیرۆزیی پتر لە ئازادی و مافی ژیان و کەرامەتی نەتەوەیەکی مافزەوتکراوی نییە و، شۆڕشی ژیناش بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەم خاڵگۆڕانێکە لە مێژووی ئێراندا و هەم دەرفەتێکی زێڕینە بۆوەی داهاتووی ئەم وڵاتە بە عەقڵییەتێکی جیاواز لەوەی هەتا ئێستا ناوەندگەراکان دەکاریان کردووە دابرێژرێتەوە و باشتر وایە ئەو دەرفەتەش لەکیس نەچێت و لە بار نەبرێت.

خالید عەزیزی

# نیگەرانی لە تەواوەتیی ئەرزی بە هاوبەشیی سیاسیی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات دەڕەوێتەوە، نەک تەواوەتیخوازی



**پوختەی قسەکانی کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی بەهێزکردنی شۆڕشی ئێران لەم بارودۆخەدا" کە ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی ڕێبەندان " بە دەسپێشخەریی ئەنجومەنی کۆماریخوازانی ئێران لە واشنگتۆن بەڕێوە چوو. کۆڕگێڕەکانی دیکەی ئەو کۆنفرانسە کە ڕۆژی ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی ڕێبەندان بەڕێوەچوو، بریتی بوون لە: حەسەن شەریعەتمەداری، شوکریە برادۆست، مەهدی عەرەبشاهی، فەرزانە بەزرپوور، شەهریار ئاهی و عەلی ئەفشاری.**

زۆر خۆشحاڵم دەرفەتێک پێک هاتووە بۆوەی بتوانین تێیدا باس لە ئۆلگووی شوێندانەری ڕێبەری چ لە قۆناغی خەبات بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و، چ لە قۆناغی ئیدارەدانی وڵاتدا بکەین.

بۆ هەمووان ئاشکرایە کە دوای ڕاپەڕینەکەی ئەمدواییە لە ئێران کە ماوەی ٥ مانگە وەڕێ کەوتووە، هەموو سەرنجەکان لەسەر پرسەکانی ئەم وڵاتەیە. خەباتی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە. بەڵام ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا لە بەردەوامیی خۆیدا دەرفەتگەلێکی باشی خوڵقاندووە و ئێستا لە فازی دووهەمدا ئەو پرسیارە بۆڵد دەبێت کە ئاخۆ ئێمە دەتوانین ئاڵترناتیڤێک لەدژی کۆماری ئیسلامی پێکبێنین؟ هەر ئەوەندە کە خەڵک لە ڕێژیم ڕاپەڕیون و لەسەر شەقام دروشمیان لەدژی بەرز کردووەتەوە، ڕێژیمی سیاسیی ئێستای پێ دەڕووخێت؟ سروشتییە نیزامێکی سیاسی کاتێک تووشی بەرگژەی توند دەبێت کە ئاڵترناتیڤێکی بۆ دروست بووبێت.

لە ئێستادا هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا و نەمێنێت، بەڵام ئەدی نیزامی سیاسی داهاتوو دەبێ لەسەر چ بنەمایەک چێ بکرێتەوە؟ ڕاستە کە مۆدێل و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات لە دنیادا زۆرە، بەڵام مۆدێلی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوو دەبێ تابعێک لە هەلومەرج و واقعی کۆمەڵگەی ئێران بێت. مخابن کە خەڵکی ئێران و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە دێموکراسی نییە. ئەساسەن جێکەوتنی دێموکراسی لە وڵاتێک کولتووری خۆی دەوێ و کات و زەمەنی زۆر دەبات، بۆ نموونە ڕێنێسانێک کە لە ئیتالیا دەستی پێ کرد، دەیان ساڵی خایاند هەتا وەک مۆدێلێکی سیاسیی دێموکراتیک لەو وڵاتەدا سەقامگیر بوو. لەم ڕووەوە چارەسەر بۆ ئێرانێک کە دێموکراسیی تاقی نەکردۆتەوە، لەوانەیە ئاڵۆز و هەستیار بێت، بەڵام کارێک نییە کردەنی نەبێت.

ئەوەندەی بۆ پرسی کورد و بۆ کوردستن دەگەڕێتەوە، سروشتییە کە ئێمە هیچکات بەنیسبەت ئیدارەی سیاسیی داهاتووی ئێرانەوە بێتەفاوەت نەبووین و لەو پێوەندییەدا سیاسەتی پاسیڤمان نەبووە. ئێمە پاشخانێکی دەوڵەمەندمان لە وێژمانی حیزبی دێموکرات و ڕوانگەکانی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو هەم لە مەیدانی خەبات، هەم لە بەستێنی وتووێژ و دانوستان و هەم لە بواری یارمەتیدان بە یەکیەتی و یەکڕیزیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی هەیە. بزووتنەوەی سیاسیی کورد پاشخان و کولتوورێکی دەوڵەمەندی لە خەباتی سیاسیدا هەیە، هەر ئەوەش کە دوای کوژرانی ژینای کچەکورد لە تاران چەخماغەی ئەم شۆڕشەی ئێستا لە کوردستان لێ درا و دروشمەکانی شۆڕش لە کوردستانەوە بە هەموو ئێراندا بڵاو بوونەوە و لە شوێنە سیاسی و گشتییەکانی دنیادا گوترانەوە، ئەوە پێمان دەڵێ کە ڕوانگەکانی کورد بۆ داهاتووی ئێران و پرسی کورد دەتوانن دەرفەت بێ، نەک بەوجۆرەی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەش بە هەڕەشەی دادەنێن.

هەرکات باس لە ئێران و داهاتووی ئێران دەکرێ، چەمکگەلێکی وەک "تەواوەتیی ئەرزی و "تەجزیە" دێنە بەرباس کە دیارە بەرهەمی نەناسینی ئێران و فامنەکردنی پرسی نەتەوایەتی و داننەنان بە پرسی فرەیيە لەو وڵاتەدا. بێگومان بێتوو لایەنەکان باوەڕیان بە دێموکراسی و بنەما و ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ و بنەڕەتی هاوبەشیی هەمووان هەبێت، ئەوکات ئیدی ئەو چەمکگەلی تەجزییە و تەواوەتی خاکە مانایەکیان نابێت. هەر لە ماوەی شۆڕشی ئەمدواییانەدا دەبینین زۆر لەو کۆسپانە لە نێوخۆی کۆمەڵگەدا هەڵگیراون و هەر باسیان نییە، بۆ نموونە لە تاران و تەورێز و ئیسفەهاندا بۆ داکۆکی لە کوردستان دروشم دەدرێ و لە کوردستانیش باس لە یەکیەتی، هاوکاری، هاوئاهەنگی و هاوپێوەندی نێوان هەموو جۆراوجۆرییەکان لەدژی ڕێژیم دەکرێت؛ کەچی "تەواوەتیی خاک" و "تەجزییە" لەسەر زمانی هەندێک لە لایەنە سیاسی و فکرییەکان بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات دێنە بەرباس. بەواتایەکی دی ئەو بابەتانە لە نێوخۆی ئێران و کوردستان و شێوەی مامەڵەی خەڵک لەگەڵ ئەو پرسە تەواو جیاوازە لە چاو دنیای دەرەوە، لە حاڵێکدا لە نێوخۆ کۆماری ئیسلامییەک هەیە بە حوکمکردنی ڕەهای سپای پاسداران و هەموو بەرنامەکانی سەرکوتکردنی ویست و مافەکانی خەڵک لە ژووری فکرییەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدا گەڵاڵە دەکرێن، خەڵکیش کە لەگەڵ واقعەکان بەرەوڕوون، خۆیان بەو پەراوێزانەوە کە لەلایەن سایبرییەکانی ڕێژیمەوە پەرەی پێ دەدرێت سەرقاڵ ناکەن.

بابەتێکی دیکەی ڕۆژەڤی سیاسی لە دۆخی ئێستادا پرسی ئاڵترناتیڤ و ڕێبەریکردنی شۆڕشەکەیە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا ڕێزمان هەیە بۆ هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی هەموو کەسایەتی، هونەرمەند، وەرزشکار و هەموو ئەو سێلبریتییانەش کە دەیانەوێ لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا هاوبەش و بەشدار بن، بەڵام تاکەکان ناتوانن خەبات ڕێبەری بکەن و وڵات ئیدارە بدەن؛ ئەوە ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە و هاوپەیمانییە سیاسییەکانە. لە وڵاتێکی وەک ئەمریکادا میلیاردێرێکی وەک ترامپ بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە ئەندامی حیزبی کۆماریخواز، چونکی حیزبی سیاسی بەرپرسایەتیی هەڵوێستەکانی هەڵدەگرێ و دەبێ وەڵامدەر بێت. لەو بزووتنەوەیەدا نابێ ئێمە ببینە هۆی پڕش‌وبڵاوی و تاکگەرایی. هەر ئەوەش وایکردووە کە هەتا ئێستا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لەدژی ڕێژیم دروست نەبووە.

لە بابەت ئاڵترناتیڤیشدا، گوتومانە و پێ لەسەر ئەو ئەسڵە دادەگرینەوە کە هیچ ئاڵترناتیڤ و بەدیلێک لە دەرەوەی وڵات سەرکەوتوو نابێت بێتوو دان بە واقع و ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵاتدا نەنێت و دروشم و بەرنامەکانی بە سەرنجدان بە دۆخی ڕاستەقینەی وڵات گەڵاڵە نەکرابێت. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا پاشخانێکی دەوڵەمەندمان لە خەبات و تێکۆشان دژی دوو ڕێژیمی ناوەندگەرا لە تاران بووە. قوربانیی زۆرمان لەو خەباتەدا داوە، قۆناغی زۆر و جۆراوجۆرمان بڕیوە، ڕێبەرانمان زیندانی و ئیعدام و لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تیرۆر کراون، لەو چەند ساڵەدا چەندین جار هێرشی مووشەکیمان کراوەتە سەر، بەڵام حیزبەکەمان توانیویەتی بەرگەی ئەو دۆخە بگرێت، درێژە بە خەباتی خۆی بدات و دەبینین کە ڕۆژانە کچ و کوڕی وڵاتەکەمان دێنە نێو ڕیزی حیزبەوە، بۆیە ئێمە دەبێ هاندەری ئایدیای ڕێکخراوەیی و کاری بەڕێکخراو لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا بین و نابێت بیر لە حیزب‌سڕینەوە بکەین. ڕێبەریی ڕاپەڕینەکەش دەبێ لە دڵی هاوپەیمانییە سیاسییەکانەوە و بەپێی قورسایی هێزەکان دروست بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی وتووێژ و دانوستان بۆ هاوبەشی لە هەر هاوپەیمانییەکی سیاسیدا هێڵی سووری نییە و گوێ بۆ هەمووان ڕادەگرین، ئەوانە هێڵی سووریان هەیە کە ناوەندگەران و ئەزموونی دێموکراسییان نییە، چونکی داکۆکی لە ناوەندگەراییە کە هێڵی سوور بە سەر ئەم و ئەودا دێنێ، وەک ئەوەی لە کۆماری ئیسلامیدا دەیبینین. بۆیە ئەو کولتووری حەزف و سڕینەوە زەبرێکی زۆر لە ڕێبەریکردنی شۆڕش و بنیاتنانەوەی داهاتووی وڵات دەدات.

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین بزووتنەوەی سەرانسەریی یەکلاکەرەوەی چارەنووسی کۆماری ئیسلامی دەبێ به هاوبەشی هەموو جۆراوجۆرییەکان شکڵ بگرێت، چونکی هەتا هەڵاواردن و پەراوێزخستن هەبێت، پرۆسەی ئاڵترناتیڤسازی و ڕێبەریکردنی شۆڕش سەرکەوتوو نابێت. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و ناوەندگەرێتی لەسەر بنەمای سڕینەوەی جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەردەوامیی سیکلێکە کە بێتوو پێناسەکەمان لە جوغرافیای سیاسیی ئێران لەسەر بنەمای ناوەند و پەراوێزنشینەکان بێت؛ ئەو واقعە نەگۆڕ دەمێنێتەوە کە ئێمە ئێستا دەمانەوێ بیگۆڕین. بۆیە ئەگەر دەمانەوێ تەواوەتیی خاکی ئێران پارێزراو بێت و ترس لە جیابوونەوەکان ئاسەواریان نەمێنێت، دەبێ شێوەی ئیدارەکردنی وڵات دڵگر و سەرنجڕاکێش بکەین. ئەگەر تاران -وەک فۆڕمی ئیدارەی سیاسیی وڵات- سەرنجڕاکێش بێت، پێویست ناکا کوردەکان، بەلووچ و تورکەکان لێی بتەکنەوە؛ کە وابوو کێشەیەک هەیە و ئەو کێشەیەش ئەوەیە کە لە هەر دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ناوەندگەراییەکی موتڵەق بووە کە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئیستبدادی ئایینیشی هاتووەتە سەر.

ئێستا چارەسەر بۆ قۆناغی ئێستا چییە؟ لە دۆخێکدا کە ئێمە ئەزموونی پڕۆسە دێموکراتیکەکانمان کەمە و نمرەی ڕاستەقینەش دەبێ لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بە حیزبەکان بدرێ، بۆیە دەبێ لە ئێستادا چەند بنەمایەکی ڕێککەوتنمان هەبێت و لەسەر ئەو بنەمایانە ناوەندگەرێتی جێی خۆی بدا بە لامەرکەزی، واتە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای هاوبەشی بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردن و پەراوێزخستنێک. هەروەها ئیستبدادی دینی دەبێ جێگەی خۆی بدا بە دێموکراسی و بۆ ئەوەش کە جارێکی دی سەرەڕۆیی ئایینی لە وڵاتدا دروست نەبێتەوە، دەبێ لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا بەئاشکرا و بەڕوونی پێ لەسەر جیایی دین لە دەسەڵات دابگیرێ و کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەی سێکۆلاریزمدا بشکێتەوە. تەواوەتیخوازی یان نیگەرانی لە تەواوەتیی خاکی ئێران دەبێ بە هاوبەشیی سیاسیی هەموو نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات بڕەوێتەوە. بۆ ئێمە لە حیزبی دێموکرات گرینگە لە چارەسەرەکاندا بیرمان لەلای پرسی نەتەوەیی خۆمان بێت، هۆکاری ئەمەش ڕوونە.

لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینەدا هەڵسوکەوتی حکوومەت، سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەگەڵ کوردستان جیاوازییەکی زۆری لەچاو ناوچەکانی دیکە هەبوو. لە کوردستان خەڵک کەوکوژی درانە بەر دەستڕێژ و ڕێژیم لە کوردستان بەدوای تۆڵەکردنەوە بوو. تۆڵەی ئەوەی کوردستان بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی سەنگەری خەباتگێڕی بووە و لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا کە قەڵتوبڕی حیزب و لایەنە سیاسییە دژبەرەکان دەستی پێ کرد، حیزب و لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان لە کوردستان کۆ بوونەوە و کوردستان بووە سەنگەری ئازادی و خەباتکاری و پەرەدان بە کولتووری دێموکراسی و فرەحیزبی. ئەوەیە ئەوان بەدوای تۆڵەکردنەوە لە کوردستانن. سپای پاسداران بۆ ئەوەی سەرنجەکان لە نێوخۆی کوردستان بەلاڕێدا ببا، مەترسیی هەڕەشەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی زەق کردەوە و بەو بیانووە چەند جار بە مووشەک و درۆن بنکەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەشی کردە ئامانج. مەبەستم ئەوەیە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان چ فارس، تورک، بەلووچ، عەڕەب و تورکمەن و نەتەوەکانی دیکە بە هەموو باگگڕاندێکی ئیتنیکی و نەتەوەیی یەکتری قبووڵ بکەن و ئەو جۆراوجۆرییە بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر یەکتری نەزانن و وەک دەرفەتێک بۆ پێکەوەبوون و پێکەوەمانەوەی چاو لێ بکەن. ئێمە لە قۆناغی ئێستادا ئامادەی وتووێژ، هاخەباتی و کاری هاوبەش لەگەڵ هەموو لایەنەکانین و دواتر کە چووینە فازی بەڕێوەبردنی وڵات، ئەوکات لەسەر بنەمای ڕێککەوتن درێژە بەو هاوپێوەندییە دەدەین. ڕاستە ئێمە باوەڕمان بە فێدرالیزم وەک شکڵی ئیدارەکردنی وڵات هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە گوێ بۆ دژبەرانی فێدرالیزم یان بۆچوونەکانی دیکە نەگرین؛ مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە لە وڵاتی فرەنەتەوەدا چارەسەری دوگم نییە و ناشبێت.

بە کورتی فێدرالیزم چارەسەری سیاسیی ئێمەیە و دەکرێ قسەوباس و وتووێژی زیاتری لەسەر بکەین. ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە بنەماکانی دێموکراسی، جیایی دین لە دەسەڵات، هاوبەشیی هەمووان، بنەڕەتەکانی مافی مرۆڤ و سڕینەوەی هەڵاواردنەکان هەبێت؛ دەتوانین دەسکەوتی باشمان لەو دانوستانەکاندا هەبێت؛ بەڵام بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕاپەڕین و شۆڕشێکی جەماوەری بەبێ ڕێبەری ناتوانێ تاهەتایە درێژەی هەبێ، ناشکرێ داهاتووی شۆڕش و نیزامی سیاسی بە قەزاوقەدەر و سێناریۆیەکانی داهاتوو بسپێرین، بەتایبەت کە ئێمە ئەزموونی شۆڕشی ٥٧ و بەردەوامی سیکلی نیزامی سیاسیی نادێموکراتیک و ئیستبدادیمان هەیە. ڕووخاندنی ڕێژیم هەموو شتێک نییە، گرینگ ئەوەیە چیی لە بری بنیات دەنێین.

کوردستان
• ژمارە: ٨٤١
٣٠ی ڕێبەندانی ١٤٠١ _ ١٩ی فێورییەی ٢٠٢٣

# ڕاپرسی یان ڕاسازی؟!


کەریم پەرویزی

ڕای ئەفلاتوون وابوو کە مرۆڤەکان وەکوو بوونەوەرگەلێکن کە لەبەردەم ئەشکەوتێک بەسترابێتنەوە و سێبەری دونیای واقیعی دەکەوێتە نێو دیوارەکانی ئەشکەوتەکە و مرۆڤ تەنیا سێبەرکان دەبینێ و ناتوانێ پشتی سەری چاو لێ بکا و دونیای واقیعی ببینێ! ئەو سێبەرانە کە دەکەونە سەر دیواری ئەشکەوتەکان، لای مرۆڤەکان وەکوو هەموو ڕاستییەکان دەبینرێن و سێبەری واقیع، بۆتە ڕاستیی ڕەها لەبەرچاوی مرۆڤە دابەسراوەکان لەبەردەمی ئەشکەوتەکان. گەر بە هەرکام لەو مرۆڤانە بڵێی ئەوەی تۆ دەیبینی تەنیا سێبەرێکی لێڵە و ڕاستی و هەقیقەت ڕەنگە بە ڕەنگی دیکە و شێوازی دیکە بێ و چەندین هەقیقەت سێبەرەکەیان سەر یەک کەوتبێتەوە و تۆ جیایان ناکەیتەوە لێت تووڕە دەبێ و پێی وایە سووکایەتیت بە ڕوانگە و بڕواکانی کردووە!

ئەم ڕوانینەی ئەفلاتوون بۆ مرۆڤ، کە بە ئەشکەوتی سێبەرەکان ناسراوە، هەرچەند زیاتر لە ٢٦٠٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام لێرەولەوێ نموونەی وەها وەهم و بەرچاوتەنگییەک لەنێو مرۆڤەکان و کۆمەڵگەی مرۆییدا دەبینێتەوە و دووبارە بەشێک لە ڕاستییەکانی لای ئەفلاتوونت بۆ دەسەلمێتەوە!

لەم جیهانە پڕ لە هەراوهوریای ئەمڕۆدا، میدیا و بەتایبەتی سۆشیال میدیا بوونەتە ئامرازێکی باش بۆ پێوەندیگرتن و یەکتر ئاگادارکردنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بوونەتە ئامرازێک کە زۆر جار وەکوو ئەشکەوتەکەی ئەفلاتوون کەلکیان لێ وەر دەگیرێ و لە ڕاستیدا دەیانەوێ خۆڵ لە چاوی خەڵک بکەن و هەقیقەت وەها بەرتەسک بکەنەوە کە تەنیا سێبەرێکی ناڕوونی چەندین هەقیقەتی تێکەڵکراو ببینی!

ڕاپرسی و وەرگرتنی ڕای خەڵک بنەما و پێوەرێکی گرینگە بۆ کارکردن لە دونیای ئەمڕۆدا و بەتایبەت لە دونیای ئاڵۆزی سیاسەتدا کە لەگەڵ ژیان و داهاتووی مرۆڤەکانەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە و لەسەر چارەنووسیان کاریگەریی ڕاستەوخۆ دادەنێ، ڕاپرسی وەکوو شتێکی بەکەڵک و باش دەبینرێ و ڕەنگە هەر ڕەوتێکی سیاسی یان هەر کەسێکی سیاسەتمەدار پەنا دەباتە بەر ڕاپرسی و وەرگرتنی ڕای خەڵک بە سیاستەمەدار و ڕەوتێکی خەڵکی و سەرکەوتوو و ئاوەزمەند بناسرێ.

بەڵام ئەوە هەموو هەقیقەتەکە نییە، بەڵکوو هەندێ جار کاری ڕاپرسییش بە چەواشەکاری و بە دەستێوەردان لە پێگەی ڕاپرسی وەرگرتنەکە و جۆری دارشتی پرسیار و جۆری بڵاوکردنەوەی پرسیارنامە و جۆری لێکدانەوەی ڕاوەرگرتنەکە دەکرێ. لە ڕاستیدا ڕاپرسییەکە لە هەقیقەتی خۆی دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە پرۆسەیەک بۆ ڕا دروستکردن و ڕاسازی!

لەم ڕۆژانەدا بنکەی ڕاپرسیی ئێرانییەکان لە هۆلەند کە بەناو بنکەی "گەمان" ناسراوە، ئاکامێکی لە بەناو ڕاپرسییەکی ئەو بنکەیە بڵاو کردەوە و وەها بە ئامار و داتا و نموودار ڕازاندبوویانەوە کە دەیانەوێ سێبەرێکی زۆر جوان و ڕازاوە نیشانی خەڵک بدەن و بڵێن کە ئەمە هەقیقەتە هەتاهەتاییەکەیە! بەڵام کە دەڕۆیتە نێو نێوەڕۆکی ڕاپرسییەکە و ئاکامگیرییەکە کە بڵاویان کردۆتەوە تێ دەگەی کە ئەمە ڕاپرسی نییە بەڵکوو هەوڵێکی ڕازاوەیە بۆ ڕاسازی!

یەکەم هەنگاو شێوازی بڵاوکردنەوەی ئاکامگیرییەکەیان وەهایان دارشتووە کە بەشێکی مەبەستدار لەو ڕاپرسیەدا زەق دەبێتەوە ئەویش بریتیە لەوەی کە دەیانەوێ جۆرێک لە نیزامی دەسەڵاتداری واتە نیزامی پاشایەتیی بەقەول مەشرووتە بە زمانی ئەمڕیی پرۆمۆت بکەن یان بە واتایەکی دیکە لە نێو هەموو بژاردەکاندا بەرجەستەی بکەنەوە و بە ڕازاوەتر نیشانی بدەن!

هەوڵی دووهەمیشیان کە لەو ئاکامگیرییەدا دەردەکەوێ، ئەوەیە کە کەسێکی تایبەت کە تەنیا تایبەتمەندیی ئەوەیە کە سەردەمانێک باوکی وەکوو پاشای ئەم وڵاتە ستەمی لە خەڵک کردووە، ئێستە زەقی دەکەنەوە و دەیانەوێ بیکەن بە تەنیا ئاڵترناتیڤی خوازراوی خەڵک! لەو بڵاوکراوەی بنکەی "گەمان" کە گومانی لەسەرە، لە چەندین نموودار‌دا، یەک زانیاریی جێی گومانیان بە چەندین شێوە کەم و کۆ کردۆتەوە و نموودار‌ی جۆربەجۆریان بۆ دروست کردووە لەبەر ئەوەی لە زێهنی بینەردا بە هەموو شکڵ و شێوازێک ئەو ناوە لە سەرەوەی هەموو ناوەکان بێ! لە هەوڵێکی دیکەشدا کە کردوویانە، ئەرکی شوڕای ئۆپۆزیسیۆن کە ئەگەر دروست بکرێ، نەک بۆ ڕێبەریکردنی شۆڕش و دانی هەزینە و گیانفیدایی و لەنێو خەڵک و سەرشەقامدا حازربوون دانەناوە، بەڵکوو ئەرکێکی زۆر گەورە و پایەبەرز کە لە کەسایەتیی جەنابی ئاڵترناتیڤ بێتەوە داناوە کە بریتیە لە موزاکەرە لەگەڵ دەوڵەتانی بیانی! ئەوەی لەسەر شەقامە و خوێن دەدا پێویستی بە ڕێبەرێکە کە خەڵکی دیکەشی لەگەڵ بێنێتە سەر شەقام، بەڵام بنکەی گوماناوی، پێی باشە کە جەنابی ئاڵترناتیڤ خۆی لەوکارانە نەدا و بڕوا لەگەڵ پاشاکانی دیکە وتوویژ بکا!

ئەم جۆرە ڕاوەرگرتنە بەڕوونی سنووردارە و لەنێو پرسیارنامەکەی خۆشیاندا دەستنیشانیان کردووە و تەنیا چەند ناوێک کە ئەمان پێیان باش بوووە خستوویانەتە بەر پرسیارکردن و ڕایان لەسەر ئەو جۆرە سیمایانە وەرگرتوە! خودی جۆری پرسیارنامە بڵاوکردنەوەکەشیان لەژێر گومانداە، چوونکە خۆیان دەڵێن لە ڕێگەی چەند تەلویزیۆنێک و لە ڕێگەی تێلێگرام و ئینستاگرام بڵاویان کردۆتەوە. دەی دیارە کە لەو ڕێگایانەوە تەنیا و تەنیا بەدەستی ئەو جۆرە کەسانە دەگا کە کارمەندەکانی ئەو تەلویزیۆنانە و سیماکانی نێو سۆشیالمیدیا لەگەڵیان دۆستن و یان بە زمانی ئەمڕۆیی بڵێین فالۆیان دەکەن، ئەو پرسیارنامانەیان بەدەست دەگا و هەربۆیە دەبینی کە ئاکامی ڕاپرسییەکە بەرەو ئەو ڕاسازیە دەڕوا کە بنکەی گوماناوی دایڕشتووە.

بۆ وێنە لە خودی زانیارییەکانی ئەو ڕاپرسییەدا هاتووە کە ئەو وەڵامنامەی بەدەستیان گەیشتۆتەوە خاوێنیان کردوونەتەوە و ئەو وەڵامانەی پێیان جێی گومان بووە وەلایان ناون! جا ئەوە کە چ جۆرە وەڵامێکیان وەلا ناوە هەر خۆیان دەزانن و ڕای دڵخوازی خۆیان. بەڵام خۆیانیش بڵاویان کردۆتەوە کە لەنێو چ پارێزگاگەلێک زۆرترین وەڵامیان بۆ هاتۆتەوە و لە چ جۆرە چین و توێژێکی کۆمەڵگە وەڵامیان داوەتەوە.

زانیاریەکانی خۆیان ئەمە دەڵێ:

– بەشداران لە پارێزگاکانی تاران و ئەلبورز و ئیسفەهان و کرمان و یەزد و خوراسان و فارس: ٧٠%

– بەشداران لە پارێزگاکانی سنە (کوردستان)، کرماشان، ئیلام و ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا) و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و زەنجان و ئەردەبیل و لورستان و کهکیلوویە و بەلوچستان و گولستان: ١٧%. یانی ٧٠%ی پرسیارنامەکان هی پارێزگا فارسنشینەکان بووە و تەنیا ١٧%ی هی نەتەوە ستەملێکراوەکانن!

لە بەشێکی دیکەی زانیاریەکاندا دەڵێن کە:

بەشدارانی دەرەوەی وڵات لە ئامریکا و کانادا وئاڵمان، نزیک بە ٦٠%. یانی زۆرینەی بەشدارانی ڕاپرسییەکە لە دەرەوەی وڵات لەو ئێرانییانەن کە لە ئامریکا و کانادان کە بەشێکی هەرە زۆریان لە تەیفێکی تایبەتن کە دوای نەمانی سیستمی پاشایەتی ڕوویان لەوێ کردووە. هەروەها بەپێی وەزعی مادی بەشداران دەستەبەندیان کردوە:

– بەشدارانی دەهەکی پێنجەمی کۆمەڵگە بەرەو سەر واتە، ئەوەی داهاتی زیاتر لە ٥ میلیۆنی لە مانگدا هەیە: %٨٠

– بەشدارانی دەهەکی خوار دووهەم، واتە ئەوی ژێر ٣ مەلیۆن داهاتی مانگانەی هەیە: %٧

یانی چینەکانی مام ناوەند و سەرووی کۆمەڵگە زۆرینەی هەرە زۆری بەشدارانی ڕاپرسیەکە پێک دێنن! خشتەی ژمارە ١٧ی زانیارییەکانی تایبەت بە ڕاپرسییەکەش ئیدی بەڕوونی هەموو شت دەڵێ:

– ئەو کەسانەی لە ڕاپرسیدا بەشدارییان پێ کراوە، ئەوانەی بە زمانی فارسی دەئاخێون کە نزیک بە ٨٠%ی بەشداران پێک دێنن!

– کوردەکان ٥%ی بەشدارییان پێ کراوە و بەلووچەکان ٠.٥% نیو لەسەدی بەشداربووەکانن!

لە پرسیارێکیشدا کە تایبەت بە شوڕای ئۆپۆزیسیۆن کراوە، تەنیا ١٠% دەنگیان بەوە داوە کە نوێنەری کورد لەو شوڕایە هەبێ! یانی بەپێی ئەم ڕاسازییە، کورد و بەلووچ و نەتەوە غەیرە فارسەکان تەنیا بۆ کاتی قوربانیدان و خوێندان دەبێ لە پێش بن و چەشم و چراغی ئێرانن! لە کاتی دروستکردنی شوڕای ڕێبەریکردن و ئیدارەی شۆڕش و داهاتووی وڵاتدا دەبێ لە پشت درگای کۆبوونەوەکە ڕاوەستن و ئەرکی نیگابانیی شوڕاکەیان لەسەر شان بێ!

ئەم ڕاسازییە بەڕوونی دەڵێ کە تەنیا ڕای بەشێکی کەمی کۆمەڵگە ئەویش لەنێو تەیفێکی دیاردا ئەنجام دراوە کە فارسن و لە شارە فارسەکان دادەنیشن و ژیانیان لە ئاستی مامناوەند و بەرزدایە و زۆر بەکەمییش لە شۆڕشەکەدا بەشدار بوون، هەر بەپێی خودی ڕاپرسییەکە کەمتر لە ٣٠% یان گوتوویانە لە شۆڕشدا لە سەر شەقام بەشدار بوون!

بنکەی جێی گومانی گەمان کە دەستی داوەتە ئەم ڕاسازییە، دیارە کە هەوڵی داوە کەسێک و ڕەوتێکی تایبەت زەق بکاتەوە و داهاتوویەکی وەهمی دروست بکا و لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە بیخاتە بەردەمی ئەوانەی چاو لە نێو ئەشکەوتەکە دەکەن و پێیان بڵێ کە ئەم وەهم و سێبەرە ڕاستیی ڕەهایە و کۆمەڵگە ئەمەی دەوێ! بەڵام ئەوەی بیریان لێ نەکردووە و نایزانن ئەوەیە کە دوای ٢٦٠٠ ساڵ ئیدی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی ئێرانیش فێر بوون کە گومان لە شتە گوماناوییەکان بکەن و تەنانەت سێبەرەکانیش دەخەنە ژێر پرسیار و چاوی جیاکردنەوەی هەقیقەت و تراویلکەیان هەیە!

# بایەخی پرسی زمان بۆ ئێمە

کوردستان

٢١ی فێورییە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە. هەرئێستا لە جیهاندا سەدان زمان و نەتەوەی زیندوو هەیە و ڕەنگە لەوە زیاتریش زمان و نەتەوەی جیاواز بووبن کە بەداخەوە ئاسەواریان نەماوە و لەنێو زمان و نەتەوە باڵادەستەکاندا ئاسیمیلە بوون و تواونەتەوە. زمانی هەرنەتەوەیەک تەنیا میراتی ئەو نەتەوەنییە کە پێی دەدوێ، بەڵکوو میراتی مرۆڤایەتییە و پاراستنی لەفەوتان، پاراستنی فەرهەنگ و کەرامەتی کۆمەڵگای جیهانییە. لەوسۆنگەیەوە دەسەڵاتەداگیرکەرەکان و ئەو ڕێژیم و نەتەوباڵادەستانەی هەوڵی سرینەوەی زمان و شوناسی نەتەوەژێردەستەکان دەدەن، لەڕاستیدا بەگژ مرۆڤایەتی لەتەواویەتی خویدا دەچنەوە و تەنیا ستەم لە نەتەوەیەک لە زمانێک ناکەن.

زمان بە یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک دادەنرێ. بۆیەشە کە حکوومەتە دیکتاتۆر و نادێموکراتیکەکانی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە درێژایی تەمەنیان، بە گرتنەبەری سیاسەتی تاکزمانی و پەراوێزخستنی زمانی نەتەوەکانی دیکە هەوڵی تواندنەوەی ئەو زمانە لە زمانی نەتەوەی سەردەست و لەو ڕێگەیەوە لاوازکردنی خەباتی شوناسخوازیی کورد و نەتەوە نافارسەکانی دیکەیان داوە.

لەوانەیە زمان بۆ زۆرینەی خەڵکی دنیا تەنیا ئامرازێکی پەیوەندیکردن بێت، بەڵام بۆ کورد زمان چەکت بەرگری لە شوناس و ڕێگری لە توانەوە و ئامرازی خۆپێناسەکردنە. ئەگەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدرێژایی مێژووی بە سیاسەتی نەیارانی زۆری لەنێو نەچووە، هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە زمانەکەی پاراستووە و پاراستنی زمانەکەش مانەوەی ئەو نەتەوەیەی دەستەبەر کردووە.

سیاسەتی دوژمنکارانەی نەتەوە باڵادەستەکان لە ئێران بەتایبەت دوای قۆناغی دەوڵەت-نەتەوە کە ڕەزاخانی پەهلەوی دەیویست بە زەبری چەک بە سەر ئێرانیدا بسەپێنێ، بەشی سەرەکیی لەسەر تواندنەوەی زمانەکەی وەستاوە. لە ئێران کە بەرەبەرە نوێگەرایی بە لاساییکردنەوە لە وڵاتی دیکە لە سەردەمی ڕەزاشای قاجارەوە هاتە ئاراوە، پاش کودەتای ڕەزاخان و دامەزرانی نیزامی پاشایەتیی پەهلەوی کۆلۆنیالیزمی فەرهەنگی و داگیرکردنی زمان و شوناسی نەتەوە و ئەتنیکەکان یەکێک لە سیاسەتە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی پەهلەوی بوو، کە بە میرات هێشتا لە ناخ و زەینی بەشێک زۆر لە بژاردە و کەسانی بەرچاوی غەیرە کورد ماوەتەوە و ئەمەش بەدەر لەوەی کە لە پاش ڕووخانی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئێرانشاریەتی تێکەڵ بە مەزهەبیش کرا و سیاسەتی زاڵکردنی یەک کولتوور و فەرهەنگ بەسەر نەتەوەکانی دیکە بە تایبەتی کورد ستایلی دیکەی بە خۆی گرت. دیارە بێگومان ئەگەر باگراوندنی خەباتی فەرهەنگی و نەتەوەیی کورد لەگەڵ هاتنە مەیدانی جیلی نوێی شوناسخواز نەبا، خەسارەکانی سیاسەتی یەکزمانی کردنی ئێران زیاتر و زۆرتر لە فەرهەنگ و زمانی کورد دەدرا. لەگەڵ ئەوەشدا کورد یەکەم نەتەوەی نێو ئێران بوو کە لە هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ڕووبەڕووی سیاسەتی سڕینەوەی زمان و فەرهەنگ وەستایەوە و دواجاریش ئەمە ویست و پێداگری و بەربەرەکانیی کورد بوو کە پرسی زمانی دایک تەنانەت بە نەقوستانیش بووبێ لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ئاماژەی پێدرا، ئەگەرچی ئێستەشی لەگەڵ بێت دیسان بە هۆکاری ئەمنیەتی و سیاسی نەخراوەتە بواری جێبەجێکردن و مەیدانییەوە.

زمانەکان لە خۆیاندا هۆکاری هەڵاواردن و ململانێ یان هەڕەشە نین. ئەو پلەبەندییە نادیمۆکراتیکە لە زمانەکان بە پێیی یاسا بنەڕەتییەکانی ئێران لە هەردوو ڕژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا بۆ سنووردارکردن، پەراوێزخستن و تاواندنەوەی ئاخێورانی زمانە بەکەمینەکراوەکان لە نەتەوەی زاڵدا داندراون. ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە سنووری زمانیی ئەو زمانانە هیچیان بە چوارچێوەی کارگێری پارێزگاکانی نێوخۆی وڵاتی ئێران و سنووری سیاسیی وڵاتەکەوە نەبەستراونەوەتەوە و لە بەردەوامییەکی زمانیی دەرەوەی سنووریی وڵاتی ئێراندان. هەر بۆیە، ئەم سیاسەتە کە مافی مرۆڤی زمانیی نەتەوە پەراوێزخراوەکانی زەوت کردووە، نەک نەبووەتە هۆی یەکپارچەیی نیشتمانی لە ئێراندا، بەڵکوو پێکدادن، ململانێ و فراوانکردنی کەلێنەکانی لە نێوان نەتەوەکاندا توندتر کردووە. چونکە، نەتەوەی زاڵ مافی کۆنترۆڵی یاسایی بەسەر زمانەکاندا بۆخۆی قایل بووە و هەروەها، زمانی زاڵکراو بۆ نواندنەوە، بەرهەمهێنانەوە و بنیاتنانی پێوەندییەکانی دەسەڵات بە قازانجی ئاخێوەرەکانی بەکارهێنراوە. بەم شێوەیە زمانەکانی غەیری فارسی وەک ئاخێوەرەکانیان قوربانیی سەرەڕۆیی سیاسی و هەڵاواردن بوون.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، لە ماوەی شەش مانگ شۆڕشی ژینادا، دیمەنی زمانیی خۆپیشاندانەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا، بە پێیی دروشمە نووسراو و گوتراوەکان بە زمانە جۆراوجۆرەکان ئەو ڕاستییەی خستە ڕوو کە داننان بە جیاوەزییەکان و بەڕەسمی ناسینی ناسنامە و تایبەتمەندییە زمانی، کولتووری، و نەتەوەییە جیاوازەکان نەک هەر هۆی لێکترازان نین، بەڵکوو دەکرێت هۆی هاوپێوەندیی و پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەی بەردەوام لە نێوان گەلانی ئێراندا بین. هەر بۆیە، تێگەیشتنی هاوبەش لە مافی مرۆڤی زمانیی لە ئێستادا بۆ بە ڕەسمی ناسینیی ئەو مافانە لە یاساکانی دوارۆژدا بە ئەو شێوەیەی ئاخێوەرانی زمانی زاڵ هەیانە، هەروەها سڕینەوە و لابردنی هەڵاواردنەکان و نایەکسانییە پێکهاتەییە گەورەترەکانی تر لە ڕووی سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەوە پاڵنەرێکی گرنگ دەبن بۆ تێگەیشتنێکی وردتر لە مافە زمانییەکان و پێکەوژیانێکی جێگیر و سەقامگیرتر لەداهاتووی نەتەوەکان لە ئێراندا، چونکە ئەگەر مافی نەتەوەکان وەک یەک پارێزراو بێت، ململانێکان کەمتر و تەبایی و پێکەوەژیان بەهێزتر دەبێت.

# ڕوو لە کوردستان بۆ بەهێزبوون لە تاران

لە تەواوی مێژووی کورد هەر لە مادەکانەوە تا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، زۆر بەدەگمەن دەبیندرێت کە ئێمە هێرشمان کردبێتە سەر دراوسێ، یا چەوساندنەوەی ئەوی دیکەمان لە سیاسەت حوکمڕانییەکانماندا هەبێت. بەتایبەتی لە مێژووی هاوچەرخ کە بە شێوەیەکی سیستماتیک چەوسێندراوین، نەک دژەکردەوەی وەک ئەوانمان نەبووە، بەڵکوو ئاشتیخوازی و برایەتی لەبیر و گوتار و کردەوەکانمان بۆ یەک چرکەش لەبیر نەکراوە، تەنانەت بەرگری ڕەواش بە شێوەیەک کە زیانی بە ئێمە گەیاندبێ نەمانکردووە.

با نموونەیەکی دیکە بێنمەوە، لە تەواوی ئەو ساڵانەی ڕۆڵەکانمان بە شێوازی جیاواز ئامانجی گوللە و زیندان و ئەشکەنجە و چەوساندنەوەن، تەنانەت بە دەگمەن خوێن لە لوتی یەک ئەندامی بنەماڵەی دەسەڵاتداری ڕێژیم لە کوردستان نەهاتووە. لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی فارس کە هەمیشە فەرشێکی سووری بە درێژای شەقامان ڕاخستوە بۆیان و ئامادەی گفتوگۆ و دیالۆگ بووین، لە هەموو هەوڵێک بۆ یەکیەتی و هاودەنگی بە کەمکردنەوەی داواکانمان پێشوازیمان لێ کردوون، تەنانەت ئەوەندە ئاشتیخوازین کە ئامادەی دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ قاتڵی ڕێبەرانمان هەین.

لە ئاکامی ئەو هەموو ئاشتیخوازی و هەوڵە بۆ برایەتی و بەرابەری ژمارەی ئەو کەس و لایەنانەی کە بڕوایان بە مافی کورد هەیە یا دانیان بە لانیکەمی مافەکانمان هێنابێ لە ژمارەی یەک یا زۆر خۆشبین بین لە ژمارەی قامکەکانی دوو دەست تێپەڕ نابێ. واتە دوای ٢٥٠٠ ساڵ ئاشتیخوازی تا فارسێک دەبینین بڵێ کە کورد نەتەوەن و مافی خۆیانە، قیری ڕەش سپی دەبێ. سەیرتر لەوە ئەوەیە کە کورد بەو حاڵە، تا بە ئێستاش لە دوایین هەستانەوەی ناوداری ژن، ژیان، ئازادیشدا بەشێکی بەرچاوی کورد و دینامیزمەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی لەو هەوڵانەی خۆی دەستی هەڵنەگرتووە و باوەڕی تەواوی هەیە کە دەبێ هەر لەسەر ئەو ئاراستەیە بەردەوام بێت.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە تا کەی؟ تا کەی ئێمەی کورد لاوازی نەتەوەکانی دیکە بەهێز بکەین و بۆ ئەوەی دوبارە ستەمان لێ بکەن؟ تا کەی داخوازە ڕەواکانمان بکەینە قوربانی یەکیەتییەک کە هیچ کات باوەڕیان پێمان نەبووە و ناشبێت. بۆ بە کەمترین هەنگاوی ئەوان ڕوو بە خۆمان شاگەشکە دەبین، بەڵام بە گەورەترین هەنگاوی خۆمان بەرانبەر ئەوان کە بێئاکام دەمێنێتەوە بێهیوا نابین. بەتایبەتی ئەگەر دەبینین هێزی کۆمەڵگەی کوردی و دینامیزمەکانی لە بەهێزترین ئۆپۆزیسیۆنی فارسی قات بە قات بەهێزترە.

بۆیە کاتی ئەوە هاتوو ڕێگەیەکی جیاواز بگرینە بەر، ئەو ڕێگەیەش ئەوەیە ڕوو لە کوردستان بکەین و خۆمان لە کوردستان بەهێز و بەهێزتر بکەین تا بتوانین بەو هێزەی خۆمان ئەوان ناچار بکەین. چونکە بەبێ ناچارکردنی ئەوان مومکین نییە کە بە لانیکەمی داخوازەکانمان ڕازی بن. بێگومان هەر دەبێ دەرگامان کراوە بێ بۆ گفتوگۆ، بەڵام نابێ ئێمە لەبەر دەرگای خەڵک بپاڕێینەوە، تا دەرگامان لێ دەکەنەوە. هەموو هێز و وزەی خۆمان بۆ یەکیەتی و یەکدەنگی کورد بە کاربێنین ئەو کات وزەمان ڕوو لە تاران زیادتر دەبێ و دەستکەوتی زیادتریشمان دەبێ. بە شەو و ڕۆژ بۆ کوردستان بدوێین لە لوڕستانەوە تا خوڕەمئاوا بکەینە بەردەنگی خۆمان، بەوەش ماندوو نەبین و هەر بەردەوام بین. چونکە سێ بەردەنگی کورد بەهێزترە لەو تریبوونەی کە بە فێڵ و بە مەبەستی تایبەت تەنیا بۆ چەند خولەک وەک خێر بە ئێمەی دەدەن.


ئەلبورز ڕووینتەن

بە کورتی و کوردی ڕوومان لە کوردستان بێ، چونکە لە کوردستان بەهێز بین لە تاران هەین، ئەگەر نا بە هیوای تاران بین هەر بێ کوردستان دەمێنینەوە، تەنانەت ئەگەر مەبەستمان دەستکەوتی کورت ماوە و زۆر کەمیش بێ بە بەهێزی کوردستان بەدی دێ و بەپێچەوانەی نا مومکینە.

د. ئازاد محەممەدیانی

# شۆڕشی ژینا لێکەوتەی گۆڕانکارییەکی مەزنە لە ناخی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا

دیمانە: دیاکۆ دانا

**شۆڕشی ژینا شۆڕشی ژنانە دژ بە عەقڵیەتی پیاوسالاری چەقبەستووی ئینسانی ڕۆژهەڵاتی، شۆڕشی نەوەی نوێی ئێران و کوردستانە دژ بە نۆرم و بەها سوونەتیەکانی داسەپاو لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە، شۆڕشی نەتەوەکانی ئێرانە بەدژ دەسەڵاتی ڕەهای ناوەندخواز و سەد ساڵ پەراوێز خران و هەڵاواردن، شۆڕشی عەقڵی مۆدێرن و چەند ڕەهەندی دژ بە عەقڵیەتی تاک ڕەهەندییە، شۆڕشی جیاوازییەکانی ڕەگەزایەتییە دژ بە هەڵپەساردن و نەدیتن، شۆڕشی چینی زەحمەتکێش و کاریگەرە دژ بە سەرمایە و نیزامی چینایەتی سەد ساڵەی ئێران و لە ئاکامدا شۆڕشێکە بۆ دنیایەکی جیاواز و نیزامێکی ئەخلاقی کە ڕوانینێکی ئەخلاقی تایبەت، داسەپاو نەبێ، بەڵکوو هەلبژاردنێک بێ لە نێوان هەموو جۆراوجۆریە ڕەوشتیەکاندا**



**بەرایی: ٢٢ ڕێبەندانی ئەمسال ٤٤ مین ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە کاتێکدا گەیشتەوە کە شۆڕشێکی نوێ بە ناوی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و ئێران لە ئارادایە. ئامانجەکانی ڕاپەڕینی ٥٧ ئازادی و دێموکراسی و بەرهەڵستبوونەوە دژی دیکتاتۆریی پەهلەوی بوو، بەڵام خومەینی کە سواری شەپۆلەکانی شۆڕش ببوو، نیزامێکی سیاسیی داخراوتر و نادێمۆکراتیکتر لە ڕێژیمی پەهلەویی بنیات نا. خەسارناسیی شۆڕشی ٥٧ و ئاماژەکانی شۆڕشی ژینا مژاری وتوێژێکی "کوردستان" لەگەڵ دوکتور ئازاد محەممەدیانی، لێکۆلەری سیاسییە:**

**لە کاتێکدا ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هاتەوە، کە گەلانی ئێران لە گەرمەی شۆڕشێکی قووڵ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێک دان کە ٤٤ ساڵ لەوەپێش هەر بە شۆڕش هاتە سەر کار، ئێوە باکگراوندە مێژوویەکانی نارەزایەتی و شۆڕشەکان لە ئێرندا چۆن دەبینن؟ ئەوەی شۆڕشی ٥٧ی لێکەوتەوە و ئەو شۆڕشەی کە ئێستاش لە ئارادایە؟**

ئەوەی ئێستا لە ئارادایە درێژەی هەمان ڕەوتە کە لە دەورەی قاجارەوە دەستی پێ کردووە. بزووتنەوەی مەشرووتە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ئازادیخوازی و حەول بۆ سەقامگیرکردنی حکوومەتی یاسا لە ئێراندا بوو. بزووتنەوەیەک کە دەیویست کۆتایی بە واتای "ڕەعیەت" بێنێ و تاکی ئێرانی لە قەوارەی هاووڵاتیەکی ئازاددا کەرامەتی پارێزراو بێت، هاوکات دەسەڵاتی شا لە چوارچێوەی یاسادا بەرتەسک بکرێتەوە و نەتوانێ وەک سێحەبی ماڵ و نامووسی خەڵکی هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتی بکا، ئەو دوو بنەما سەرەکییەی بزووتنەوەی مەشرووتە بووە هۆی جووڵاندنی کۆمەڵگەی ئێران و حەولی بێوچانیان بۆ دەستەبەربوونی مافی یەکسانی و ئازادی. لە ڕاستیدا ئەو بیرۆکەیە وەک خۆی بەپێی زەرووڕەتی مێژوویی ویست و داواکاری دیکەشی لێ زیاد و کەم بووە، بەڵام وەک سەرەکیترین تەقەلای ئێرانییەکان تا ئێستاش بەردەوام بووە، سەرەڕای ئەو بنەما سەرەکییانە دەسەڵاتی زاڵی شای ئێران لە دوو دەورەی باوک کوڕدا بووە هۆی هێندێک گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێراندا کە هۆکاری نارەزایەتیەکان بوون. ئەگەر نارازیانی دژ بە دەسەڵاتی پەهلەوی پۆلێنبەندی بکەین لەم چوار بەرەیەدا خۆیان دەبیننەوە:

١) **ئیسلامییەکان** کە دژایەتیی ئەوان لە سەرەتادا، واتە لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری پەهلەوییەوە پیشەیی بوو، بەو هۆیەی کە بەرنامەکانی ڕەزاخان بۆ مۆدێرنکردنی ئێران لە پێش هەموو چینێکدا چینی مەزهەبی بەتایبەت مەلاکانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، تا ئەوکات نەهادی دین یا ڕۆحانییەتی شیعە دوو نەهادی گرینگی قەزاوەت و پەروەردەی لە ئیختیاردا بوو، بێجگەلە هێندێک حەول کە لە دەورەی قاجاردا بۆ نیزامی پەروەردەی سەربەخۆ لە دین درابوو، پەروەردە و فێرکردن هەر لەژێر دەسەڵاتی مەلاکاندا مابۆوە، قەزاوەتیش هەر بەم شێوەیە تەنیا لە پاوانی مەلاکاندا بوو کە بە شێوەیەکی سوننەتی و لە چوارچێوەی فێقهی شیعەدا دەکرا. دامەزرانی دەزگای داد و پەروەردەی مۆدێرن لەو قۆناغەدا ئەو دوو بنکە گرینگەی دەسەڵاتی کۆمەلایەتیی لە ڕۆحانییەتی شیعە ئەستاند و بازنەی دەسەڵاتداریێتی و هەر بە کاریگەری لەوە ئابوورییشی تەسک کردنەوە، سەرەڕای ئەوەیکە بەپێی یاسایەکی نوێ مەلاکان مەجبوور دەکران بە سەربازیکردن. ئەو هۆکارانە ببووە هۆی ئەوەیکە لە سەفی پێشەوەی نارازیانی دژ بە پەهلەویدا بن و زۆر زوو کەوتنە بەربەرەکانێ لە گەڵی، ئەوانە هۆکارەکانی پیشەییبوونی نارەزایەتی ڕۆحانییەت بوون و لە درێژەی دەسەلاتداریێتیی پەهلەویدا هێندێک هۆکاری وەک کەشفی حیجاب و مافی دەنگدانی ژنان و شتی دیکەشی پێوە زیاد بوو. لە بەرەی ئیسلامیەکاندا چینێکی دیکە هەبوون کە پێوەندییەکی مێژووییان لەگەڵ ڕۆحانییەتی شیعە هەبوو، بازاڕی سوونەتیی ئێران، بازاڕێک کە لە پێوەندییەکی ئابووری و شەرعییدا بوو لەگەڵ ڕۆحانییەتی شیعە، وەک شەرعییەتوەرگرتن بۆ کەسابەت و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان. لە ڕاستیدا بەرنامە ئابوورییەکانی پەهلەوی بە تایبەت محەمەدڕەزاشا پێگەی ئابووریی ئەوانی خستبووە مەترسییەوە و ئێستا مەجبووربوون بۆ درێژەی کاری بازرگانی و تیجارەت لەگەڵ بازاڕێکی مۆدێرن بکەونە کێبەرکێیەوە کە بەرهەمی سیاسەتی نوێی حکوومەت بوو. ئەوانە دواتر بوون بە پێگەی سەرەکیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆحانییەت لە ڕەوتی شۆڕشدا و تەنانەت دوای سەرکەوتنی شۆڕش و تا ئێستاش وەک هاوپەیمان ماونەتەوە.

٢) **چەپەکان**، کە دوای تەبعیدی ڕەزاشا و کرانەوەی فەزای سیاسیی ئێران لە دەیەی بیستی هەتاویدا بە کاریگەری لە کەشی سیاسیی جیهان و هاوسنووری لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت لەگەڵ ئێران بوونە بەشێکی گرینگ لە ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی پەهلەوی، دیارە ئەوە بەو مانایە نییە جیاوازی لەنێوان جەریانە چەپەکاندا نەبوو، بە شێوەیەکی گشتی لایەنە چەپەکان بە دوو بەشی مائۆئیستەکان و مارکسیست-لینینیستەکاندا دابەش ببوون، گرینگترین هۆکاری دژایەتییان لەگەڵ پەهلەوی نزیکبوونی لە ئەمپڕیالیزمی ئامریکا بە تەعبیری ئەوان و نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان و پەراوێز خستنی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوو. زیندانەکانی حکوومەتی پاشایەتی لێوانلێو بوو لەو جیاوازبیرانەی کە باوەڕیان بە مارکسیزم هەبوو، بە شێوەیەک کە ئەم توێژە ببوونە بەشێکی گرینگی ڕزگاریخوازانی دژبەری پاشایەتی. بێجگە لە مارکسیستەکان هێندێک لایەن بە کاریگەریی لە فەزای جیهانی و فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێران کە گوتاری ئیسلامی خەریک بوو تێیدا پەرەی دەستاند، ئەم دوو شێوە ڕوانینەیان تێک هەڵکێشابوو و مارکسیزمی ئیسلامییان ساز کردبوو کە کەمیش نەبوون و دواتر بوونە سەرسەختترین دوژمنانی کۆماری ئیسلامی، کە "سازمانی مجاهدینی خەڵقی ئێران" یەک لەو نموونانەن یا تاقمی "خداپرستان سوسیالیست".

٣) **لایەنە ناسیۆنالیستەکان** کە "جبهەی میلی" ئێران گرینگترین نوێنەری ئەو توێژە بوون کە دوای کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بە تۆمەتی پشتیوانی لە موسەدیق کەوتنە ژێر گوشار و پەراوێز خران. وەک لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی پاشایەتی زۆربەیان لایەنگری گەڕانەوە بۆ ویست و خولیاکانی بزووتنەوەی مەشرووتە و دەوڵەتی میللی بوون.

٤) **نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران** وەک بەشێکی گرینگی دژبەرانی حکوومەتی پەهلەوی بە درێژەی دوو دەسەڵاتداری باوک و کوڕ لە بەربەرەکانێدا بوون کە گرینگترینیان کوردستان، ئازەربایجان و خووزستان بوو، جگە لەوەیکە ئەو نەتەوانە لە چوارچێوەی ڕەوتە سەرانسەرییەکانی ئێرانیشدا لە تێکۆشانێکی کەموێنە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی پاشایەتیدا بوون. گرینگترین داواکاریی ئەو لایەنانە کە دەکرێ کوردستان وەک نموونەی بەهێزی ئەم نەتەوانە بێنینەوە، مافی چارەی خۆنووسین و دەسەڵاتێک بوو کە ناوەندخواز نەبێ. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی پەهلەوی کە لە سەرەتای دەسەڵاتی پەهلەوییەوە لە چوارچێوەی "گوتاری ناسیۆنالیزمی کەونارای پەهلەوی" لەسەر بنەمای زمانی فارسی و مۆدێرنیزاسیۆنی ڕەزاخان هاتە ئاراوە و ئەویتری خۆی بە نەتەوەکانی ئێران دەزانی و ڕێگەچارەی گەیشتن بە ئێرانێکی یەکپارچەو مۆدێرنیان لە سڕینەوەی جیاوازیەکاندا دەدیت و ئەو سیاسەتە هۆکاری سەرەکیی دژایەتی نەتەوەکانی ئێران بەرامبەر حکوومەتی پەهلەوی بوو.

بێشک ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی دژایەتیی پەهلەوی و دواتر ڕووخانی، لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادییشدا ڕەنگدانەوەیان هەیە و من ئەو شۆڕشە بە ڕەوتی گەشەسەندووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران و گەلی کورد دەزانم، کە ڕەنگە دواقۆناغی خەباتی ئێرانییەکان بێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی دێموکرات، ئازاد و بەرانبەریخواز.

**لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێراندا هێزی سیاسی گۆڕانکاریخوازی جۆراوجۆر لە دەرەوەی بەرەی ئیسلامیستەکاندا بوونیان هەبوو، ئەو هێزانە چۆن و بە چ هۆیەک پەراوێز خران کە بەمجۆرە ڕێگا بۆ کۆماری ئیسلامی خۆش کرا؟**

جگە لە کوردستان، تەحلیلی نادروستی لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی بە نیسبەت نەخشی خومەینی و جەریانی مەزهەبی بووە هۆی ئەوەیکە متمانە بە ئەم مەلایە بکەن و خۆیان لەژێر چەتری ئەودا ببیننەوە. لە ڕاستیدا ڕووناکبیرانی ئێرانی کە بەشی هەرە زۆریان چەپ بوون، هاوشێوەی لایەنەکانی دیکە تەحلیلێکی دروستیان لە تیۆرییەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و حەولیان بۆ گەیشتن بە حکوومەتی ئیسلامی نەبوو، لە پێش هەموویاندا چەپەکان لە سەر بنەمای ئەو لێکدانەوەیە کە ئیسلامییەکان دژی ئیمپریالیستن و بۆ گەیشتن بە ئێرانی سەربەخۆ دەتوانن هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو بن و بە هاوکاری ئەوان دەتوانن ئێران لە بلووکی ڕۆژهەڵاتی دونیا نزیک بکەنەوە، بەرەی نەتەوەییش لەسەر ئەو بنەمایەی کە مەلاکان لەوە بێهێزترن کە حکوومەت بکەن و پێویستیان بەوان هەیە کە وڵات بەڕێوە بەرن، کەوتنە ڕیزی ئەوانەوە و متمانەیان پێ کردن. لە ڕاستیدا خوێندنەوەی هەموویان لە خومەینی و مەلاکان، ئەوە بوو کە ئەوانیان وەک توێژێکی دژی شا دەدیت کە تەنیا دەیانهەوێ وەک بەشێک لە کۆمەڵگە نەخشیان لە ڕووخاندنیاندا هەبێ و ئاگایان لەوە نەبوو کە خومەینی و تیۆریسیەنەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە وەک "دوکتور عەلی شەریعەتی" و "موتەهەری" و "بەهەشتی" و ... بیریان لە دەزگایەکی ئایینی لە سەر بنەمای فیقهی شیعە دەکردەوە کە نەخشی هەبێ لە پەروەردە و سیستەمی دادی وڵاتدا، متمانەیەک لە سەر نەبوونی زانیاری لەسەر ماکی بیرۆکەی خومەینی و هاوبیرەکانی لێکەوتەکەی یاسایەکی بنەڕەتی ئیسلامی و کۆمەڵگەیەکی داخراو بوو کە وردە وردە هەموو لایەنەکانی جیاواز بیری حەزف کرد.

**شۆڕشی ساڵی ٥٧ بۆچی نەیتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات؟ بۆچی دیموکراسی لێ نەکەوتەوە؟ بۆچی ڕزگاریی بە دیاری نەهێنا؟**

حکوومەتێک کە هاتە سەر کار لە ئەساسدا هیچ باوەڕێکی بە ئازادی و دێموکراسی نەبوو، لە ڕاستیدا حاکمانی نوێی ئێران بۆ ئەوەیان شۆڕش نەکردبوو کە حکوومەتێکی دێموکڕات بەپێی ویست و داواکارییەکانی گەلانی ئێران و زەرووڕەتی مێژوویی ئێران پێک بێنن. وەک لە پرسیاری یەکەمدا باسم کرد مەلاکان بۆیە دژی پەهلەوی بوون کە سەروەریی کۆمەڵایەتییان بگەڕێننەوە. حزووری ئەوان لەسەر ئەساسی داواکاری پیشەیی بوو، کە لە چوارچێوەی حکوومەتێکی ئیسلامیدا دەکرا ئەو ویستە پیشەییانە گەڕەتی بکرێن. کە چاو لە ئەو یاسا بنەڕەتییە دەکەی کە لێکەوتەی شۆڕشە، سەروبەری ئەو یاسایە بە قازانجی مەلاو توێژی ڕۆحانییەتی شیعەیە. لەوەها دۆخێکدا ناتوانی چاوەڕوانی حکوومەتێکی دێموکڕات و وڵاتێکی ئازاد بی.

**گەورەترین پرسەکان لە شۆڕشی نوێدا چیین؟ ململانێیەکانی نێوان دینداری و سێکۆلاریزم، فێدێڕالیزم و ناوەندخوازی، ئیدئۆلۆژی و دێموکراسی؟**

لام وایە شۆڕشی ژینا لێکەوتەی گۆڕانکارییەکی مەزنە لە توێی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا، جۆرێک گۆڕانکاری کە لە ئەساسدا جیهانبینییەکی جیاواز و سەردەمیانەی بە نیسبەت هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ئینسان و مافی ئەو ئینسانە لە دنیایەکی ئەمڕۆییدا هەیە. شۆڕشی ژینا شۆڕشی ژنانە دژ بە عەقڵیەتی پیاوسالاری چەقبەستووی ئینسانی ڕۆژهەڵاتی (مەبەست ڕۆژهەڵاتی ناوینە)، شۆڕشی نەوەی نوێی ئێران و کوردستانە دژ بە نۆرم و بەها سوونەتیەکانی داسەپاو لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە، شۆڕشی نەتەوەکانی ئێرانە بەدژ دەسەڵاتی ڕەهای ناوەندخواز و سەد ساڵ پەراوێز خران و هەڵاواردن، شۆڕشی عەقڵی مۆدێرن و چەند ڕەهەندی دژ بە عەقڵیەتی تاک ڕەهەندییە، شۆڕشی جیاوازییەکانی ڕەگەزایەتییە دژ بە هەڵپەساردن و نەدیتن، شۆڕشی چینی زەحمەتکێش و کاریگەرە دژ بە سەرمایە و نیزامی چینایەتی سەد ساڵەی ئێران و لە ئاکامدا شۆڕشێکە بۆ دنیایەکی جیاواز و نیزامێکی ئەخلاقی کە ڕوانینێکی ئەخلاقی تایبەت، داسەپاو نەبێ، بەڵکوو هەلبژاردنێک بێ لە نێوان هەموو جۆراوجۆریە ڕەوشتیەکاندا. ئەوە خوێندنەوەی منە لە شۆڕشی ژینا و هەموو ئەوانە ململانێیەکی مێژوویین کە ئەو شۆڕشە دەیهەوێ کۆتایی پی بێنێ.

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتەرانە چۆن دەکرێ شۆڕشی نوێ بە سەر کۆماری ئیسلامیدا سەرکەوێ؟**


پێداگری، بەردەوامی، یەکگرتوویی و سەلمانی بنەمای قەبوولی جیاوازییەکان، تەنیا ڕێگەی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەیە. ئەگەریش ئەو بنەمایە نەسەپێندرێ ڕەنگە کۆماری ئیسلامی بڕووخێ بەڵام ناتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا سەرکەوتووە، چون پێموایە بزووتنەوەی هەمەلایەنەی "ژن-ژیان-ئازادی" بزووتنەوەیەکی کولتوورییە کە دەبێ ئاکامەکەی گۆڕانی ئەو کولتوورە سەپاوە باوەی ئێستا بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە. بێ ئەو گۆڕانکاریە مەزنە ناتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا سەرکەوتووە.

**کورد چۆن دەتوانێ لە هاوکێشە سیاسییە نوێیەکاندا لە نێوان شوناسخوازیی خۆی و هەوڵدان بۆ هاوپێوەندیی سیاسی سەرانسەری کایە بکات، کە هەم چاوێکی لە گەرەنتیی مافە نەتەوایەتیەکانی هەبێت و هەم بەشێکیش بێت لەو هاوپەیوەندییە سەرانسەریە؟**

ئەم شۆڕشە، شۆڕشی کوردە و دروشمە سەرەکییەکەی لە کوردستانەوە هەناردەی ئێران کراوە و ئێستا جیهانی بووە. کورد دەبێ ئەو زەرفییەتە بەجیهانیبوونە بقۆزێتەوە، ناتوانی شتێک هەناردە بکەی و دواتر پلانت بۆ ئیدارە و تەبیینی نەبێ. پێداگری لەسەر دروشمە سەرەکییەکەی شۆڕشی ژینا و کەڵکوەرگرتن لەو سەرمایەیەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقام و مەیدانی خەباتدا بۆ ڕێبەرانی سیاسییان کۆ کردەوە، وشیاری نوێنەرانی کوردی لە مەیدانی سیاسەتدا پێویستە. لام وایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە کوردستان بەهێزترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تێیدا شەپۆل دەدا و خەڵک حوزووری ڕۆژانەیان هەیە، نوێنەرایەتی کورد دەبێ بە پشتبەستن بە ئەم سەرمایە بەهێزە کۆمەڵایەتییە، بۆ پێداگری لە سەر مافەکانی کورد لە فەزای سیاسی ئێراندا حزووری کاریگەریان هەبێ و بە متمانەبەخۆییەوە هەموو هەلەکان بۆ گەیاندنی دەنگی ئەو گەلە بقۆزنەوە. کوردستان ناتوانێ ئیدی مافەکانی دەستەبەر نەبن ئەگەر ڕێبەرایەتی کورد بتوانێ دروست و دەقیق هەنگاو هەڵهێنێتەوە. ئەوە نابێ لە بیر بکەین تۆران لە سیاسەت و ململانێکاندا مانایەکی نیە جگەلە دۆڕان، کەواتە دەبێ هەموو مەیدانە سیاسییەکان بکرێتە مەیدانی کایەی سیاسەتی کوردی.


**زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا**

سپاس بۆ بەسەرکردنەوەی ئێوە



مستەفا شەڵماشی

# ئاخۆ دێموکراسی دەتوانێ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی بێت؟



بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە پێویستە دوو چەمکی دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بەوردی هەڵسەنگێندرێن و شوێنکاریان لەسەر یەکتر ڕوون بکرێتەوە. هەر لەجێدا دێموکراسی بۆخۆی زۆر قسەی لەسەرە و لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی هەر وڵات و هەر گرووپ و دەوڵەتێکەوە پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێ و بەگوێرەی قازانجەکانی خۆیان لێکی دەدەنەوە. تەنانەت لەگەڵ سیستمی ئیداریی جۆراوجۆریشدا لێک دەدرێ، یا دەگونجێنرێ. هەر لە دنیای مۆدێرندا ئەگەر چاو لە سیستمەکان بکەین کە لەسەر بنەمای دێموکراسی دامەزراون، دەبینین کە سیستمی پاشایەتیی مەشرووتە، سیستمی کۆماری، سیستمی فیدراڵی، سیستمی کۆنفیدراڵی و سیستمی کانتۆنی تێدایە.

دێموکراسی ئەگەر بە شێوە زانستییەکەی لێک بدرێتەوە، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس. واتە ئەگەر دێموکراسییەکە بە شێوەیەکی زانستی لە وڵاتەکەدا قبووڵ کرابێ و هەموو بەشەکانی دێموکراسی وەک، مافی مرۆڤ، مافی گرووپ و کەمینەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافی پێکهێنانی ڕیفراندۆم و مافی یەکسانیی هەموو کەسەکان و گرووپەکانی تێدا سەلمێنرابێ، یارمەتیدەرێکی گرینگە بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسیش. چونکە واتای بنچینەیی دێموکراسی کە لە یۆنانی کۆنەوە هاتووە و ساڵ لە دوای ساڵ گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پێش کەوتووە، بریتییە لە: فۆرمێک یا شێوەیەک لە دەسەڵات کە کۆمەڵانی خەڵک و نەتەوەیەک لە ڕێگای دەنگدانەوە دەتوانن شەرعییەتی پێ بدەن و شەرعییەتیشی لێ وەرگرنەوە. واتە گرووپێک لە خەڵک، جا ئەوە نەتەوەیەک، شارێک و وڵاتێک و... لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەتوانن چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، یا بڕیار لەسەر مەسەلەیەک بدەن کە بە شێوەی کاتی، یا بەشێوەی درێژخایەن چارەنووسیان دیاری دەکا. ئەوە جگە لەوەی کە دێموکراسی تەنیا مافی دەنگدانیش نییە. بەڵکوو سیستمێکی بەربڵاوە کە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئازادیی تاک وکۆمەڵ، یەکسانی، دەرفەتی وەکیەک بۆ نەتەوەکان و تاکەکان، دەرفەتی وەکیەک بۆ ئایین و کولتوورەکان، ژنان و پیاوان و زۆر باری کۆمەڵایەتیی دیکە دەگرێتەوە. بۆ ئەوەش هەم پێویستیی بە ئازادی دەنگدان و هەم پێویستی بە میکانیزمی کۆنترۆڵ لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە.

جگە لەو میکانیزمە پێشکەوتووە کۆمەڵایەتییە، چۆنیەتیی دروستبوون و پێناسەی هەر وڵاتێکیش گرنگە. ئەو وڵاتانە کە فرەنەتەوەن، ئەگەر لە دروستبوونی سیستمی وڵاتەکە و یاسای بنەڕەتیی وڵاتەکەدا نەهاتبێ کە پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو وڵاتە چییە، زۆر ئاستەمە لە دواییدا و بە پڕۆسەی دێموکراسیدا مافی دیاریکردنی چارەنووس جێبەجێ بکرێ. بۆ وێنە لە وڵاتانی وەک ئێران و تورکیە و سووریەدا کە لە بناغەڕا لە سەر بنەمای یەک میللەت-یەک دەوڵەتدا دروست کراون تا یاسای بنەڕەتی نەگۆڕدرێ و بە شێوەی تەوافوقی لەنێوان نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا پێناسەی وڵاتەکە نەگۆڕدرێ بۆ پێناسەی فرەنەتەوەبوون، تەنانەت ئەگەر ڕێگا بە ڕیفڕاندۆمیش بدرێ وەک میکانیزمێکی دێموکراتیک، هێشتا ناتوانرێ بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کەلکی لێ وەربگیردرێ. چونکە مادام بوونی نەتەوەیەک یا گرووپێکی ئێتنیکی بەڕەسمی نەناسرێ، مافی هەڵبژاردنی جیاش نادرێ بەو نەتەوە یا گرووپە. تەنانەت ئەگەر بۆ وێنە لە چوارچێوەی ئێراندا باسی ڕیفڕاندۆم سەبارەت بە مەسەلەی کوردیش بکرێ، دەگوترێ ئەو ڕیفڕاندۆمە پێویستە لەنێو هەموو خەڵکی ئێراندا بکرێ، کە ئەوکاتە هەرگیز زۆرایەتی بەدەست ناهێنێ. بۆ وێنە لە ئێراندا بیانووی داتاشراوی یەک نەتەوەبوونی ئێران، ئەویش بەو شێوەی کە هەموو شتێکی بۆ جەعل کراوە و نەتەوەی وەهمیی "ئێران"ی بۆ دروست کراوە، هەمیشە ڕێگرە لە بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس. کەواتە بەر لە بەکارهێنانی ئامرازە دێموکراتیکەکە، پێویستە بە شێوەی تەوافوقی و ڕێککەوتن لەنێوان نەتەوەکانی نێو وڵاتەکەدا وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە، سیستم دابمەزرێ و پەیمانی پێکەوەژیان بە مافی یەکسانەوە و بە مافی دیاریکردنی چارەنوسیشەوە ببەسترێ. لە غەیری ئەوەدا نەتەوەی فەرمانڕەوا هیچ کاتێک ئامادە نابێ بیسەلمێنێ یەکێک لە نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بەکار بێنێ.

هەروەک چۆن ئەو ڕۆژانە کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرانی ناوەندگەرای ئێرانیش تەنانەت تێرمی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" تەنیا دەبەستنەوە بە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤییەتەوە و دەیانهەوێ بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەو مافە ئیعتیباری نێونەتەوەیی نییە و لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت کۆتایی پێ هاتووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە تایبەت بۆ نەتەوەکان، یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی قانوونی نێونەتەوەیی مۆدێرنە و بەشێکیشە لە مافی مرۆڤ. بەگشتی بەندێکی قانونی نێونەتەوەییە کە لەژێر چاوەدێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبێ بەڕێوە بچێت.

ماددەی ١ و ٢ی پێڕەوی نێوخۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو میکانیزمە دیاری دەکا بۆوەی مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی سەرزەوی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوە بچێ، پێویستە شانسی وەک یەک بۆ هەموو نەتەوەکان دەستەبەر بکرێ و هەموو نەتەوەکان بتوانن بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و بە شێوەیەکی ئازاد ستاتوتی خۆیان بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەڵبژێرن. ئەو میکانیزمە لە ساڵی ١٨٦٠ەوە پێناسە کراوە و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەن لێنین -ڕێبەری یەکیەتیی سۆڤییەتەوە- ڕۆژی ٨ی ژانوییەی ١٩١٨ لە چاردە خاڵدا پێناسە کرا و لەلایەن سەرۆکی ئامریکا (ویلسن)یشەوە ڕۆژی ١٨ ژانویەی ١٩١٨ بەڕەسمی ناسرا. پوختەی ئەو یاسایە ئەوەیە دەبێ ڕێز لە ویستی نەتەوەکان بگیردرێ و ڕێگە بدرێ بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆیان دیاری بکەن. نموونەی ئەو نەتەوانەی کە لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەو مافەیان بەکار هێناوە، ئەریتیریا، وڵاتانی باڵکان و وەڵاتانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوون. هەروەها ناوچەی فەڕانسەوی زمان لە کانادا و سکاتلاند لە بەریتانیا ئەو مافەیان بەکار هێنا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەڵام زۆرایەتی دەنگی بۆ مانەوە دا. جگە لەوانەش لە کاتالۆنیای ئیسپانیا و لە باشووری کوردستانیش ڕیفڕاندۆم بەڕێوە چوو، بەڵام سەرەڕای سەرکەوتنی ئەو مافە تا ئێستا بەکار نەهێنراوە. کەواتە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کە بە پیادەکردنی ئەو، سنووری وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەگۆڕدرێ. چونکە ئەو مافە لەسەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی داڕێژراوە و بۆ هەر نەتەوەیەکە کە تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوەی تێدابێ. کە دیارە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەش گرنگترینیان بریتین لە: نیشتمانی هاوبەش، زمان و کولتوور و مێژووی هاوبەش و ئابووریی لێکگرێدراو کە دیارە بە هاتنی گلۆبالیزم، ئابووری ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەماوە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک خۆیان بە یەک بزانن و لە پرۆسەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمدا گەیشتبنە ئەو قۆناغەی خەبات بکەن بۆ بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوس و خۆیان لە حیزب، دامەزراوە و ئەنجومەنی مەدەنیی جۆراوجۆردا ڕێکخستبێ و ئامادەییان هەبێ بۆ بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس. بەمجۆرە هەم خۆیان وەک یەک نەتەوە پێناسە بکەن و ئێتنیک و هۆوییەتی خۆیان لەوێدا بدۆزنەوە و هەم ئامادەکارییان کردبێ بۆ خۆبەڕێوەبەری.

ئەگەر بەو هێمایانە کوردستان هەڵسەنگێنین، زۆر لەمێژە و دەتوانم بڵێم زیاتر لە سەد ساڵە کە ئامانجی دوارۆژی زۆربەی ڕێبەران و حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە پشتبەستن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دیاری کراوە و بەرنامەی خۆیان لەسەر ئەومافە داڕشتووە و لە چوارچێوەی وڵاتانێکدا کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون، بە شێوەیەک لە شێوەکان، خەباتیان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کردووە. جگە لەوە کوردستان لە باری کولتوور و ڕێکخراوی مەدەنییشەوە لە ڕیزی پێشەوەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وێنە بێنینەوە جگە لەوەی حیزبی نیزیک هەشتا ساڵەی هەیە بە بەرنامەیەکی پێشکەوتووی نەتەوەیی، دێموکراتی و سۆسیالیستییەوە، لە پێش ئەویشدا حیزبی هەبووە و ئێستاش چەندین حیزبی هەیە و لە بواری ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشدا پێشکەوتووترین بەشی ئێرانە.

مافی دیاریکردنی چارەنوس لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمیشدا و لە بڕیارنامەی ئاتلانتیکدا، چاردەی ئاگۆستی ١٩٤١ گونجێندرا و لەلایەن ڕۆزڤێلت سەرۆکی ئەوکاتی ئامریکا و چرچیل، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بریتانیاوە، پشتی گیرا و بوو بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان. دیارە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆخۆی سیستمی بەڕێوەبەری نییە، بەڵکوو میکانیزمی دیاریکردنی سیستمی بەڕێوەبەرییە. بەتایبەت بە ڕێگای ڕیفڕاندۆمدا نەتەوەیەک دەتوانێ بڕیار بدا بۆ سەربەخۆیی، فیدراڵی، خودموختاری یا هەر سیستمێکی دیکە. بەڵام بۆ ئەوەی نەتەوەیەک پشتیوانیی جیهانی بۆ بەکارهێنانی ئەو مافە بەدەست بێنێ، دەبێ چەند بناغەیەک بۆ خۆی بینا بکا:

١) پێویستە ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوەیە بە جۆرێک گەشەی کردبێ کە هەر تاکێکی ئەو نەتەوەیە، خەمی نیشتمان بە خەمی خۆی بزانێ.

٢) پێویستە لە باری کولتوورییەوە ئامادەیی هەبێ و دیپلۆماسییەکی باشی نێونەتەوەیی بکا و نوێنەری ناسراوی نەتەوەیی هەبێت.

٣) پێویستە حیزبی نەتەوەیی هەبێ کە تەنیا دالغەکەی بریتی بێ لە وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی.

٤) پێویستە بناغەی ئابووری و فەرهەنگیی پتەوی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی بنیات نابێ.

٥) پێویستە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی زیندوو پێک بێنێ دواتر و لە هەمووان گرینگتر پێویستە خەباتەکەی بە جەماوەری بکات کە من پێم‌وایە نەتەوەی کورد کەم‌وزۆر هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە و تەنیا لە یەک شتدا کەم دێنێ، ئەویش کۆکردنەوەی هێزی نەتەوەییە لە یەکگرتنێکی نەتەوەییدا.

**ئەنجام:**

دێموکراسی دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنوس، بەڵام خۆبەخۆ ناتوانێ دابینی بکا. پێشتر دەبێ بە شێوەی تەوافوقی دان بە بوونی نەتەوە جیاوازەکان دابنرێ و پاشان مافەکانیان لە قانونی بنەڕەتیدا بەڕەسمی بناسرێ. جگە لەوەش میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو مافانەش لە قانونیدا هاتبێ و پیادە بکرێ. ئەوکات دێموکراسی هەم بۆ چۆنیەتیی دابینکردنی ئەو مافانە و هەم بۆ پاراستنیان سیستمێکی جێگای متمانە دەبێ. لێرەوە گرنگیی سیستمی فیدراڵی بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دەردەکەوێ. سیستمێک کە تێیدا وەڵاتی ئێران جارێکی دیکە پێناسە بکرێتەوە. دەبێ لە مەنشورێکی تەوافوقیدا پێکهاتەی ڕاستەقینەی ئێران کە لە کام نەتەوانە پێکهاتوە بەڕەسمی بناسرێ. پاشان لە ژێر ڕووناکیی ئەو مەنشوورەدا دەوڵەتی سەردەمی گوزەر لە کۆماری ئیسلامی پێک بهێنرێ، کە ئەرکی سەرەکیی ئەو دەوڵەتە نوسینەوەی قانوونی بنەڕەتییە لەسەر بناغەی فرەنەتەوە بوونی ئێران و دابەشکردنی دەسەڵات بە سەر نەتەوەکانی ئێران دا لە سیستمی فیدڕاڵیی بەڕێوەبەریدا. ئەوە سەرەڕای گونجاندنی دێموکراسی، پلۆرالیزم، سێکولاریزم، یەکسانیی ژن و پیاو مافی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان. تەنیا دێموکراسییەکی تەوافوقی ئەوتۆیە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێراندا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس.

# به تێپەڕینی زیاتر لە سەدەیەک لە سەرەڕۆیی لە ئێران، خەباتی گەلی کورد بۆ ڕزگاری پتەوتر بووە

**خەڵکی خەباتگێڕ و ڕاپەڕیوی کوردستان!**
**نەتەوە بندەستەکانی ئێران و هاونیشتمانییانی خۆشەویست!**

شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، ڕاپەڕینی ئازار و ناڕەزایەتییە کەڵەکەبووەکانی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆڕیی پاشایەتی و بەردەوامیی پڕۆسەی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئازادی، مافخوازی، دیمۆکڕاسی و ڕزگاری لە دەست دیکتاتۆڕی بوو.

ئەزموونی مێژوویی نیو سەدە لە سەرەڕۆیی پاشایەتیی پەهلەوی لەگەڵ داهێنانی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی لە بەستێنی تەکووزیی "ترسی ڕەهای جیهانی ڕۆژهەڵات" کە لەسەر بنەمای حاشاکردن لەوانیدی و سڕینەوەی ئیرادەی گەلانی نافارس و هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، سڕینەوەی فیزیکی بنیاد نرابوو، بەشێوەی لۆژیکی لەگەڵ کۆکردنەوەی دەسەڵات لە هەموو بیاڤەکانی سیاسەت و ئابووری بەهۆی دامەزراندنی تاکەحیزبی حکوومەتی و لە هەمان کاتدا سەرکوتی سەربازیی "ئەوی تر"، جگە لە بەرهەمهێنانەوەی سیکلی توندوتیژی و ئینکار و ڕەتکردنەوەی هەمەلایەنەی ناسنامە نەتەوەییەکانی تر و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، دەسکەوتێکی تری نەبوو و کۆمەڵگەی لە هەر چەشنە دەرفەتێک بۆ چالاکیی سیاسی بێبەش کردبوو. بەڵام لەگەڵ بەردەوام بوونی ئەو ڕوانگەیە، لە لایەک پاڕادۆکسە گوتارییەکانی ناسیونالیزمی پاوانخوازی ئێرانی کە هاوکات خەونی بە ئاوێتەکردنی ئاخێزی ئایینی و ئوستوورەیی دەبینی و لەلایەکی دیکە بەرگریی نەتەوەکان کە لەگەڵ سەرکوتی ڕەهای حکوومەتی، کەلێنی چینایەتی و هەڵاواردنەکان بەرەوڕوو بوو، کۆتایی بە ژیانی سیاسیی سیستەمی سەرەڕۆ هێنا.

کوردستان کە ئەزموونی مێژووی سیاسیی پێش و دوای دەسپێکی سەرەڕۆیی پەهلەوی هەبوو، و بە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، کۆبیرەوەریی سووژەی کوردستانی هەم وەک تیۆری و هەم بە کردەوە پەرە پێدابوو، هەردەم لە پڕۆسەی سەرکوت و بەرگریدا وەک دیاردەیەکی نامۆ بەسەر جەستەی نەزمی بەرهەمهاتووی سەرەڕۆیی نوێی کۆماری ئیسلامی مایەوە و هەرگیز لە خەباتی ناسنامەخوازی نەوەستا. ئەو تایبەتمەندییە وەک بەرەنجامی مێژووی کۆمەڵایەتی-سیاسی، کاریگەرترین هۆکاری بەشداریی کارای کوردستان لە شۆڕشی ٥٧ بوو، هەر بۆیە لە مەودایەکی کورتدا کۆمەڵگەی کوردستان لەژێر باندۆری حیزبە کوردییەکاندا ڕێک خرایەوە و ڕۆڵێکی بەرجەستەی لە بیاڤی گشتیدا گێڕا. کارایی ژین-سیاسەتی کوردستان و پێکهاتەی فەرهەنگی خەباتی سیاسی، فرەیی و دێموکراسیخوازی، تایبەتمەندییەکی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردستان بوو، کە لەو سەردەمە مێژووییەوە تا ئێستا هەروا بە پڕدیاری ماوەتەوە.

لە نەبوونی ئەزموونی هاوشێوە و وەکیەک و لە هەلومەرجی لاوازی و ئاوابوونی مۆدێرنیزم لە کولتووری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا دەسەڵاتی زاڵی نەرتیخوازیی ئایینیدا، شۆڕشی ٥٧ کە لە هەناوی کەلێنە ناسنامەییە نەتەوەیی، چینایەتی، ڕەگەزییەکان ... سەری هەڵدابوو، لەلایەن گوتاری ئایینیەوە کە بەدرێژایی مێژووی خۆی دژی مۆدێرنیزم بوو، توانی بە پشتبەستن بە ئایینزا و نەریت و لەڕێگەی هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکارییەوە سواری شەپۆلەکانی ڕاپەڕین ببێ و دەست بە سەر جووڵانەوەی دژی سەرەڕۆیی دابگرێت.

وەهم و گومانی درۆیین لە دادگەریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەلایەن دامەزراوە حکوومەتییە ئایینییەکانەوە و پێشاندان و نواندنی خەبات دژی مۆدێرنیزم و پێشکەوتنە مرۆییەکان بە نیشانەی بەربەرەکانی لەگەڵ ئیمپریالیزم بە چەشنێک فریودەرانە (لە نەبوونی وشیاریی سیاسیی گشتیدا) بوو کە تەنانەت سەرەتا بەشێک لە ڕەوتە غەیرەئایینی و تەنانەت دژە ئایینییەکانی لە یەک بەرەدا کۆ کردەوە. لە کاتێکدا ئەو پاڕادۆکسە دەروونییەی حکوومەتی دینی و لایەنگرانی شۆڕشی ئیسلامی هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا ئاشکرا بوو، گەلی کورد لەگەڵ دژایەتیی ئاشکرا و بایکۆتی ڕیفراندۆمی "بەڵێ یان نا بۆ کۆماری ئیسلامی"، سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ لە سەرڕۆیی لە چوارچێوەی سەرەڕۆیی ئایینی ڕاگەیاند. ئەو دوو قۆناغە لە سەرەڕۆیی سیاسی لە نێوەڕۆک و شێوازدا وێڕای جیاوازی، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشیان هەبوو. زمانی فارسی و حاشاکردن لە زمانەکانی دی و باستانگەرایی لە پایە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی لە سەردەمی دیکتاتۆڕیی پاشایەتی بوون کە دیکتاتۆڕی نوێی ئایینی کۆماری ئیسلامی، سیستەمی ویلایەتی فەقیهی پێوە زیاد کرد. لەو ڕووەوە کە خەباتی خەڵکی کوردستان لە بنەڕەتدا ڕزگاریخوازانە، سێکۆلار، دێموکراسیخواز و دژی ناسنامەی سەپێنراو و سەتەمی نەتەوەیی بیچمی گرتووە، بەرەنگاری هەر دوو دیکتاتۆڕیی پاشایەتی و ئایینی بوویەوە.

ئێستا کە نزیکەی سەدەیەک لە هەر دوو دەورەی سەرەڕۆیی لە ئێران تێدەپەڕێ، سیاسەتی سەرکوت و سڕینەوە، بەشێوەی بەربڵاوتر و فراوانتر لە جاران بەردەوامە و لە بەرامبەریشدا خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاری پتەوتر بووە. لە شەپۆلی نوێی خەبات کە بە شۆڕشی ژینا دەناسرێتەوە، دەرکەوتەی چەندبارەی مانگرتن و ناڕەزایەتیی گشتی لە کوردستان بەدوای بانگەوازی حیزبەکان، هاوئاهەنگی و تێکەڵاویی کۆمەڵگا و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی زیاتر لە پێشوو دەرخست و سەرەڕای بێدەنگی و سیاسەتگەلی پاوانخوازی و کۆلۆنیالیی میدیایی ئارایی، حەقیقەتی یەکگرتوویی ژیانی سیاسی-کۆمەڵایەتیی کوردستانی لە ناوخۆ و دەرەوە ئاشکرا کرد.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری ٢٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆڕیی پاشایەتی، بۆ جارێکی دیکە دروشم و ئامانجە ڕەوا و دیمۆکڕاتیکەکانی ئەو شۆڕشە واتە ئازادی، بەرابەری، دیمۆکڕاسی، سێکۆلاریزم، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافە نەتەوەییەکان وەبیر هەموو لایەک دێنێتەوە و جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە کە تا وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە، بە یەکگرتوویی و خەباتی شێلگیری گشت نەتەوەکانی ئێران بەتایبەت لە چوارچێوەی شۆڕشی شکۆداری ژینا بەردەوام دەبێ و هاوشانی هێزە سیاسی و پێشکەوتنخوازەکانی سەراسەری ئێران درێژە بە خەبات لە پێناو وەدیهاتنی ئەو ئامانجە بەرزانە دەدا.

سەرکەوێ خەباتی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆڕی و ستەم و کۆنەپەرستی

سەرکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی

بڕووخێ ڕێژیمی دواکەوتووو وکۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی

ژن، ژیان، ئازادی

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٤٠١**

# لە پەسنی مامۆستایانی پێشەنگ و دەروەستدا



مەنسوور مروەتی

بەشداریی گەرموگوڕ و چالاکانەی مامۆستایانی ئایینیی کوردپەروەر لە شۆڕشی ژینا و پشتگیری و پشتیوانیی ئەوان لە داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم شۆڕشەیە. سەرنجڕاکێش لەو ڕووەوە کە ئەم هەڵوێستەی مامۆستایان بەلای زۆر کەس و لایەنەوە تا ڕاددەیەکی زۆر بابەتێکی نوێ بوو. هەڵبەت بەشداریی مامۆستایانی کوردپەروەری کوردستان لە مێژووی شۆڕشەکانی کورددا بابەتێکی تازە نییە، بەڵام جیاوازییان لەگەڵ ئەوەی ئێستا ئەوەیە کە پێشتر بەشداریی مامۆستایان بە شێوەی تاک و تەرا و جیاواز لەوەی ئەم شۆڕشە بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا بە شێوەی کۆمەڵ و بە دەرکردنی بەیاننامە و نیشاندانی هەڵوێستی بەکۆمەڵی ئەم توێژەی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو. ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم کەوتنە هەڕەشە و گوڕەشە لە مامۆستایان، بەڵام ماوەی زیاتر لە دوو حەوتوویە دەستیان کردووە بە ڕەشبگیر و چەندین کەس لەوانیان لە شارەکانی کوردستان دەسبەسەر کردووە.

کۆماری ئیسلامی جگە لە هێزی سەرکوت هیچ هێزێکی دیکەی لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا بەدەستەوە نەماوە و مەبەستی ئەوەیە بە گرتنی مامۆستایان لەلایەک دەنگی ئەوان کپ کا و لە خەڵکیان داببڕێ و لەلایەکی دیکەوە وێڕای بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگە؛ درێژە بە سەرکوتی بێ‌ئەنجامی خەڵکی ڕاپەڕیو بدا، کە ئەزموونی ئەم پێنج مانگەی شۆڕشی ژینا پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێ.

ئەم مامۆستا تێکۆشەرانە بەپێچەوانەی مەلاکانی سەر بە حکوومەت کە لە بەرەی دژی خەڵکدان و پاڵیان بە ڕێژیمەوە داوە و پتر لەوە لە خزمەتی دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕژیم‌دان، هەر لە سەرەتاوە بەڕوونی باسیان لەوە کرد کە پەروەردەی قوتابخانەی پێشەوا قازی محەممەدن و بڕیاریان داوە تا سەر وەکوو پێشەوا پشتی خەڵکی خۆیان بەرنەدەن. ئەم مامۆستایانە بەردەوام بە خوێندنەوەی سروود و شێعری شۆڕشگێڕانە لە ڕاستیدا مینبەری مزگەوتەکانیان کردووەتە سەنگەرێکی ئاوەدانی ئەم ڕاپەڕینە.

هەوڵەکانی ڕێژیم لەم دەسبەسەرکردنانە بۆ کپکردنی دەنگی مامۆستایان و نانەوەی ترس بۆ پێشگرتن بە پەرەگرتنی زیاتری شۆڕشەکە لە حاڵێک‌دایە کلیلی سەرەکی و بەهێزی پەرەگرتنی ئەم شۆڕشە ڕووخانی دیواری ترس لە کۆمەڵگە و پەرەگرتنی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕەین لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە. کە واتە گومان لەوەدا نییە کە ئەم شەپۆلەی پەلامار و ڕفاندنی مامۆستایان کۆتاییەکەی سەرکەوتنی مامۆستایان و پاشەکشەی ڕێژیمی بەدواوە دەبێ.

وەک باس کرا خۆپێناسەکردنی مامۆستایان بە قوتابیی قوتابخانەی پێشەوا قازی محەممەد خاڵێکی سەرنجڕاکێشی هاتنە مەیدانی ئەوان بوو. هەر ئەم بابەتەش خۆی لە لایەکەوە بەهێزیی گوتاری کوردایەتی و لەلایەکی دیکەشەوە هێنانە بەرباسی پرسی سەرەکیی کورد لە ئێران، واتە پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسەیە.

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە باری ئایینیەوە، سەر بە چەند ئایینی جیاوازن و حکوومەتە ناوەندییەکان و بەتایبەتیش کۆماری ئیسلامی لەمە کەڵکی خراپیان وەرگرتووە و هەوڵیان داوە لەم بابەتە کێشە و دووبەرەکی لە کوردستاندا بنێنەوە، مامۆستایان کوردپەروەر زۆر بەڕوونی لە وتارەکانیاندا باسی ئەوەیان دەکرد کە جیاوازیی ئایینی لە کوردستاندا کێشە نییە و کێشەی کوردستان پرسی نەتەوەییە کە تا ئێستا لە لایان ناوەندگەراکان و حکوومەتەکانەوە بێ چارەسەر ماوەتەوە.


خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش و گرینگ لە گوتار و هەڵسوکەوتی مامۆستایانی کوردپەروەری ئایینی ئەوەیە کە ئەم مامۆستایانە خوێندنەوەیەکی کوردانە و میانەڕەویان لە ئایین لە کوردستان هەیە و ئەم بابەتە خۆی گرینگییەکی زۆری لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەیە. چونکە لەگەڵ پەرەگرتنی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتی توندئاژۆی ئیسلامی لە ناوچەکە، کوردستانیش لەم بەڵایە بێبەری نەبووە و ئەم ڕەوتە بەردەوام هەڕەشەی لە ئاسایش و ئەمنییەتی کوردستان کردووە. ئەوەش لەولاوە بمێنێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی ماکەی سەرەکیی پەرەپێدانی ئیسلامی توندئاژۆ و یارمەتیدەر و بزوێنەری ئەم ڕەوتە مەترسیدارە لە ناوچەکە و جیهان بووە.

کەواتە چالاکی و گوتاری میانەڕەوانەی مامۆستایانی کوردپەروەری کوردستان خۆی یارمەتی بە سەقامگیری ئاسایش و ئەمنیەت لە کوردستاندا دەکا و ڕۆشنگەریی ئەوان ڕێگری لەوە دەکا لاوانی کوردستان فریوی لایەنە توندئاژوەکان بخۆن و بەلاڕێدا بچن.

خوێندنەوەیەکی کوردانە لە ئیسلام لە گوتاری ئەم مامۆستا تێکۆشەرانە یەکێکی دیکە لە خاڵە ئەرێنییەکانی چالاکییەکانی ئەمان بوو کە لەم شۆڕشەدا زیاتر خۆی دەرخست. لەمێژە باسی ئەوە دەکرێ نەتەوەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە بە خوێندنەوەیەکی خۆماڵیانە لە ئیسلام، کەڵکی باشیان لە ئیسلام بۆ یەکدەستکردن و پێشوەچوونی نەتەوەکەی خۆیان داوە و تەنانەت کوردەکانیش لەو بوارەدا یارمەتیدەرێکی باشی ئەوان بوون. بەڵام بەداخەوە بۆ ئەو بابەتە کورد هیچ کەلکێکی لە ئایین و خۆماڵیکردنی ئایین بەپێی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وەرنەگرتووە و ئەمە لە گوتار و هەڵسوکەوتی مامۆستایان و شارەزایانی ئایینی لە کوردستاندا هەمیشە غایب بووە. بەڵام لەم شۆڕشەدا بە خۆشییەوە ئەم مامۆستا بەڕێزانە بەباشی پەردەیان لە سەر ئەم پێویستییەی کۆمەڵگەی کوردستان هەڵدایەوە و وەک باس کرا مینبەری مزگەوتەکانیان کردە جێگای باس و خواسی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان و خوێندنەوەی بابەت و شیعر و دەقەکانی ئەدەبیات و هونەری بەرگریی کورد.

هەموو ئەمانەی کە باس کرا بەشێک لە خاڵە ئەرێنی و پێویستیەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانە کە مامۆستایانی کوردپەروەری ئایینی لە کوردستاندا شانیان وەبەر داوە و پێویستە بزووتنەوەی سیاسی، نەتەوەیی کوردستان پشتگیرییان بکات.

# خامنەیی و بڕیاری لێخۆشبوونەکەی!



عومەر باڵەکی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرکوتی خوێناویی ڕاپەرینی ژینادا نیزیک بە ٦٠٠ کەسی کوشت کە پتر لە ١٠٠ کەسیان منداڵ بوون، چەند هەزار کەسی بە فیشەکی شەڕ و ساچمە بریندار کرد و لەو سۆنگەیەوە دەیان کەس کوێر کران کە بەڵگەکان دەڵێن هەمووی بەئانقەست بوون؛ هەروەها بە هەزاران کەسیشیان دەسبەسەر و ڕاپێچی گرتووخانەکان کرد کە ژمارەیەک لەوان بەپەلە ئێعدام کران. ئێستا پاش هەموو ئەو دۆخە ڕێبەری ڕێژیم قایل بووە کە بەشێک لەو دەسبەسەرکراوانە بەر بدرێن، هۆکار چییە و ئامانجەکانی ڕێژیم لەو بڕیارە کامانەن؟

ڕوونە کە سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی ژینا و ڕەشبگیر و ئێعدامکردنەکان هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە ڕادەی نێونەتەوەییدا بە سەر کۆماری ئیسلامیدا قورس شکاونەتەوە. یەکەم ئەوە کە ئەم سەرکوت و زەبروزەنگە کە بۆ مەبەستی دروستکردنی خۆف و ترساندنی خەڵک بووە، بێ‌ئاکام بووە و نەک نەیتوانیوە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکان بوەستێنێ؛ بگرە بۆتە هۆی کەلێن و درزی گەورە لەنێو هەیئەتی حاکمەی ئێراندا. لە ڕادەی نێونەتەوەییشدا هەم زەبری قورسی لە پێگە و ئێعتباری سیاسیی ئێران دا و هەم ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ هێنانی گوشاری پتر بۆ سەر ڕێژیم زیاتر و یەکدەستتر کرد. کۆی ئەو دەرەنجامە وای کردووە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بکەونە بیری ئەوە کە بە ئازادکردنی بەشێک لە دەستبەسەرکراوەکان ڕوخسارێکی شەریف و ئینسانی! لە خۆیان پێشان بدەن و ڕوو بە بیروڕای نێوخۆ و دنیای دەرەوە بڵێن ڕێژیمەکەیان بەڕەحم و بەزەییە. بەڵام ئەوانەی کۆماری ئیسلامی دەناسن، دەزانن نە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی مرۆییە و بایەخە ئینسانییەکانی بەلاوە گرینگە، نە قەت باوەڕی بە مافی ناڕەزایەتی‌دەربڕین و ئاشتەوایی نێوان خەڵک و دەسەڵات بووە، نە ئاڵوگۆڕێکیش لە بیرکردنەوە و عەقڵییەتی سیاسیی ڕێبەرانی ڕێژیمدا پێک‌هاتووە، کەواتە دەبێ نیازەکانی پشتی ئەو بڕیارە چ بن؟

ئەوەی لەو بڕیارەی خامنەیی‌دا کە لەسەر داوای سەرۆکی دەزگای داد بۆ لێخۆشبوون لە ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوانی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەدا پتر لە خودی بڕیارەکە سەرنجی لەسەر بوو، ئەو مەرج و پێشمەرجانە بوو کە لەبارەی دەسبەسەرکراوان گەڵاڵە کرابوو بۆوەی ئاخۆ بەر لێبوردنەکەی ڕێبەر! دەکەوێ یان نا؟ بەپێی فەرمان لێخۆشبوونەکە ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە: "بەشداریی تاوانێکی نەکردبێ کە بەپێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی دەچنە خانەی "مەحاربە"، "فەساد لەسەر عەرز" و "بغی"، هەروەها تاوانبار نەکرابێ بە سیخوڕی و پێوەندی‌هەبوون بە دەزگا ئەمنییەتی و هەواڵگرییە بیانییەکان. مەرجەکانی دیکەش بریتین لەوە کە تاوانبار نەبێ بە کوشتنی بەئانقەست، بە سووتاندن و زیان‌گەیاندن بە دامودەزگای دەوڵەتی و ئەندامەتیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دژەشۆڕشی! بە سەردا ساغ نەکرابێتەوە و پێشینەی تاوانی لە دووجار زیاتر نەبووبێ و کەسیش سکاڵای لەسەر نەبێ. پاش هەموو ئەوانەش کەسی بەندکراو پەژیوانی دەربڕیبێ و بەڵێننامەی نووسیبێ کە تاوانی! لەو بابەتە دووپات ناکاتەوە."

ئێستا پرسیار ئەوەیە مادام کەسێک یەکێک ئەو بەناو تاوانانەی نەکردبێ، لە ئەساسدا بۆ دەستبەسەر کراوە و کێ بەرپرسیار لە گرتنی ئەو هەزاران کەسەی لە ڕەوتی ڕاپەرینی ژینادا قۆڵبەست کران و لە کار و ژیانیان خستن و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەزیت و ئازار دران و ئێستا شانازیی ئەوە بە خەڵک دەفرۆشن ئەو هەزاران کەسە کەوتوونەتە بەر ڕوحم و بەزەیی ڕێبەری نیزام!

"عفو" (لێخۆشبوون) لە واتای وشەییدا مانای جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لە دەستەواژە حقووقی و یاساییەکاندا بە مانای ئەو کردارە دێت کە لەلایەن دامودەزگای حکوومەتی بەتایبەتی کەسی یەکەمی حکوومەت، مەجلیس بەپێی ئەو دەسەڵاتەی قانوون بۆی دەستنیشان کردووە حوکمی بەدواداچوونی تۆمەتبارێک ڕادەگرێ، یان بەشێک لە ماوەی زەمەنیی سزا یان هەموو ماوەی سزاکە لەسەر تاوانبار لا دەبا و لەو ماوە زەمەنییەی سزا کە تاوانبار ماویەتی و دەبێ بیکێشی، دەبەخشرێ. مافی دانی لێخۆشبوون و عفوو لە یاسای هەموو وڵاتاندا هەیە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو مافە لە دەسەڵاتی کام کەسایەتی یا دەزگای دەسەڵاتداریی وڵات‌دایە بە قانوون دیاری کراوە و مەبەستی قانووندانەر لە هێنانی ئەو برگەیە لە قانووندا ئەوەیە لەو ڕێگەیەوە واتا لێبوردنی گشتی بە تایبەتی بۆ زیندانییانی سیاسیی جۆرێک لە ئارامی و سەقامگیری بگێڕنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی تووشی نائارامی و شڵەژانی نێوخۆیی بوون. لە هەمان کاتدا عەفوو یا بەخشینی تاوانبار یا تاوانباران و لادانی سزاکان لە سەریان جۆرێک وەڵامدانەوەی دەسەڵاتە بە ویستی کۆمەڵگە کە ناڕازییە بەو جۆرە سزادانە و بەردەوامیی ئەو جۆرە سزادان و زیندانیکردنە خوێندنەوەی ئەوەی لێ دەکرێ کۆمەڵگە بەدژی دەسەڵات دژکردەوەی توندتری هەبێت.

بەپێی ماددەی ٩٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامیی ئێران لەدوای دەرچوون و جێبەجێبوونی حوکمی لێخۆشبوون هەموو ئاسەواری قانوونیی مەحکوومییەت لەنێو دەچی، واتا ئەگەر پەروەندەی تۆمەتبارێک کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بێ وحوکمی کۆتایی وەرنەگرتبێ، هەموو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەک ڕادەوستی و پەروەندەکە دەبەسترێ و ئەو پەروەندانەی حوکمی کۆتاییان وەرگرتووە، ماوەی زەمەنیی سزاکە بە تاوانبار دەبەخشرێ و پەروەندەکە بە یەکجاری دادەخرێت. بەڵام کاتێک ڕاگەیەندراوی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی لەگەڵ لێخۆشبوونی ڕێبەری ڕێژیم لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەخوێنینەوە و ئەو مەرجانەی دەستنیشان کراون بۆ ئەوەی کەسێک ئەو لێخۆشبوونە بیگرێتەوە، بەتەواوی هەست بە جیاوازی لەنێوان نێوەرۆکی ماددەی ٩٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی و ڕاگەیەندراوی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دەکەین. لێرەدا چەندین پرسیار دێنە ئاراوە:


یەکەم، بە سەرنجدان بەو هەشت مەرجەی لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوون و وەک تاوان دەستنیشان کراون و گوتراوە ئەگەر کەسێک یەکێک لەو تاوانانەی لێ ڕوو نەدابێ، لێبوردنەکەی ڕێبەر دەیگرێتەوە؛ پرسیار ئەوەیە ئەو هەزاران کەس و لاوانەی لەسەر شەقامەکان هێزە ئەمنییەتییە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم گرتوویانن و بێ لێپرسینەوە ڕاپێچی زیندانیان کردوون لەسەر چی گیراون و کێ و چ دەزگایەکی خاوەن دەسەڵات لە ئێران لەهەمبەر ئەوان وەڵامدەرە؟ چونکە هەموو ئەو هەزاران دەستبەسەرکراوە بە قسەی کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ئەمنی و قەزایی بە تاوانی ئەو کردەوانە گیراون کە دەزگای قەزایی لە ڕاگەیەندراوەکەی خۆیدا بە مەرجی نەکردنی داناوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هەموو ئەو کەسانەی لە ڕاپەڕینی ژینادا دەستبەسەر کراون بێ‌تاوانن و تاوانی ئەوان تەنیا بەرزکردنەوەی شوعاری "ژن، ژیان، ئازدی"یە و لەو پەروەندەیەدا تاوانباری سەرەکی دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامین کە لەسەر ئەو باوەڕەن تەنانەت هەناسەکێشانی خەڵکیش دەبێ بە ئیزنی ئەوان بێ.

دووهەم بابەت کە دەتوانین لە جیاوازیی نیوان ماددەی ٩٨ی قانوونی سزادانی ئیسلامی و ڕاگەیەندراوەی دەزگای دادی ڕێژیمدا تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە نێوەرۆکی ئەو ماددەیە باس لەوە دەکا پەروەندەی هەر تۆمەتبار یان تاوانبارێک کە وەبەر عەفو-لێخۆشبوون کەوت ئەو پەروەندە دەبەسترێ و هیچ لێکەوتەیەکی یاسایی لە دوای خۆی بەجی ناهێڵی. واتا جارێکی دیکە بە هەر هۆکارێک ئەو کەسە لەسەر ئەو تۆمەت یان تاوانە دەستبەسەر و دادگایی ناکرێتەوە، مەگەر ئەوەی جارێکی دیکە تاوانێک بکات کە بەپێی ئەو تاوانەی کردوویەتی یاسا لێی بپرسێتەوە. بەڵام ڕاگەیەندرای دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە کۆتا خاڵی مەرجەکاندا باس لەوە دەکا تۆمەتبار یا تاوانبار بە دەربرینی پەژیوانی و نووسینی بەڵێننامە دەروەست دەبێت کە تاوانی لەو بابەتە ناکاتەوە و، ئەو دڵنیایە بدا بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لەوە بەدواوە پابەندی هەموو یاسا و ڕێساکانی دەسەڵات بێت و لە هیچ برگەیەکی ژیاندا بەدوای مافە یاسایی و بنەڕەتییەکانی خۆیدا نەڕوات. بەکورتی ئەو بەڵێننامەیە جۆرێک لە تۆبەنامەیە کە لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوییەوە هاتۆتە نێو ئیجرائیاتی دەزگای دادی ئێران کە هەر خۆی لە بنەڕەتڕا پێچەوانەی بنەما قانوونییەکان و مافەکانی مرۆڤیشە. لە حاڵێکدا چاوەڕوانیی کۆمەڵگەی ئێران بۆ لێخۆشبوون لەو قۆناخەدا کە ناڕەزایەتییەکانی بەدژی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی هەموو کەلین‌وکەلەبەری کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە ئەوەیە لێخۆشبوون لە زیندانییانی سیاسی دەبێ بەکردەوە وەدیهاتنی ویست و داخوازییەکانی ئەوان بێت.

سێهەم، هەر لەجێدا ئەو مەرجانەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی پێشێلکردنی ئەسڵێکی قانوونیی بنەڕەتیی وڵاتە. لە ئەسڵی ٣٧ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە کە بۆ هەر دەستبەسەرکراوێک هەتا سەڵماندنی تاوان ئەسڵ بێ‌تاوانییە، واتا هەتا لەلایەن دادگایەکی دادپەروەرەوە حوکمی کۆتایی بەتاوانبار ناساندنی بۆ دەرنەچووبێ، ئەوکەسە بێ‌تاوانە. ئەدی چۆنە دەزگای قەزایی بەڵێننامە لەو دەستبەسەرکراوانە وەردەگرێ کە هێشتا هیچ تاوانێکیان لەسەر ساغ نەبۆتەوە؟!

لە ڕاستیدا ئامانجی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنی ئەو لێخۆشبوونەی خامنەیی ئەوە بوو لە نێوخۆی ئێراندا وا پێشان بدەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی چەندە هەست بە بەرپرسایەتی دەکا و چەندە دڵفراوانە لە بەرانبەر ئەو کەسانەدا کە دژایەتییان کردووە. لە هەمان کاتدا دەزگای قەزایی و ئەمنییەتیی نیزام بە وەرگرتنی بەڵێننامە لە بەندکراوان بەتایبەتی زیندانییانی سیاسیی بەدوای شکاندنی کەسایەتیی ئەو بەندکراوانە لەنێو بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەدا بن کە بەخۆشییەوە زۆربەی ئەوانەی لە زیندان ئازاد بوون لە یەکەم دەرکەوتنیاندا ڕایانگەیاندووە کە قەت خۆیان پێ تاوانبار نەبووە و هیچ بەڵێننامەیەکیشیان پڕ نەکردۆتەوە کە ئەوەش بۆ بەرەی خەڵک سەرکەوتنە و بۆ بەرەی دەسەڵات شکان و پاشەکشەیە.

ئامانجێکی دیکەی ئەو لێبوردنە گشتییەی ڕێبەری ڕێژیم بە جۆرێک دامرکاندنەوەی تووڕەیی کۆمەڵگەی جیهانییە کە لە ماوەی ڕاپەرینی ژینادا هەڵویست و گوتاریان ڕوو بە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە، بەو مانایە کە دەسەڵاتدارانی تاران لە جاران زیاتر و بەئاشکراتر کەوتوونەتە ژێر فشاری دەرەکیی هەم دەوڵەتان و هەم بیروڕای گشتیی جیهان؛ بەڵام هەموو نیشانەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو جۆرە سیناریۆ و چەواشەکارییانە تازە دادی کۆماری ئیسلامی نادەن.



**ئامانجی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنی ئەو لێخۆشبوونەی خامنەیی ئەوە بوو لە نێوخۆی ئێراندا وا پێشان بدەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی چەندە هەست بە بەرپرسایەتی دەکا و چەندە دڵفراوانە لە بەرانبەر ئەو کەسانەدا کە دژایەتییان کردووە. لە هەمان کاتدا دەزگای قەزایی و ئەمنییەتیی نیزام بە وەرگرتنی بەڵێننامە لە بەندکراوان بەتایبەتی زیندانییانی سیاسیی بەدوای شکاندنی کەسایەتیی ئەو بەندکراوانە لەنێو بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەدا بن. ئامانجێکی دیکەش بە جۆرێک دامرکاندنەوەی تووڕەیی کۆمەڵگەی جیهانییە کە لە ماوەی ڕاپەرینی ژینادا هەڵویست و گوتاریان ڕوو بە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە**

# ترسی پان‌فارسیزم لە زمانی کوردی


کاروان مێراوی

یەکێک لە فاکتەر و بنەماکانی پێناسەکردنی نەتەوە زمانە. هەر بەم هۆیەشەوە خودی پرسی زمان بۆ هەموو نەتەوەکان پرسێکی گرنگە و ئەو پرسە بۆ ئەو نەتەوانەی لە چوارچێوەی وڵاتانی فرەپێکهاتەدان هەستیارتریشە.

بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی جیهان‌وەتەنییەکان کە هەردەم پاساوی ئەوە دەهێننەوە زمان تەنیاوتەنیا ئامرازێکە بۆ پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان و ئەم ئامرازە هیچ گرینگ نییە لە زمانی کام گرووپی مرۆڤەکانەوە بەکار ببرێت، موژگان کاڤووسی، لێکۆڵەری زمانی کوردی و لە کوردە کۆچێندراوەکانی کەلاردەشت کە لەنێو خاکی کاسپییەن (باکووری ئێران) هەڵکەوتووە؛ پێی وایە: "زمان کەرەستەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی واتا و بووژاندنەوەی شوناسێک و ڕەتکردنەوەی شوناسێکی تر... کەرەستەیەکی تێگەیشتنی بوونە و بەم هۆیەشەوە شوناسی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی هەر مرۆڤێک دیاری دەکات"(١). یان ویتگێنشتاین دەبێژێت: "زمانی من جیهانی منە و جیهانی من زمانی منە".

کورد وەک نەتەوەیەکە کە سەدان ساڵە خاکەکەی داگیر و دابەش کراوە و، بە درێژایی ئەو مێژووە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی، کێشەی زمانەکەی بووە. بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زمانی کوردی لەلایەن گرووپێکی سەردەستی فاشیزمەوە بەردەوام هێرشی جۆراوجۆری توانەوەی لەسەر بووە. هەزاران ساڵە -هەر لە سەردەمی شۆڕشی گێئۆماتا تا هەنووکە- کورد و فارس ململانێی عەقڵانییەتی سیاسی، شوناس و ناسنامەیان پێکەوە هەبووە و، ئەم ناکۆکی و ململانێیەش لە پاش دابەشکرانی خاکی کوردستان لە نێوان دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی و هەروەها لە سەردەمی سەفەوییەکاندا بە کۆچاندنی کوردەکان بۆ ناوچەکانی تری نێو جوگرافیای ئەو حوکمڕانییە سیاسییە زیاتر بووە و لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی و بەتایبەت پڕۆژەی دەوڵەت-نەتەوەی پەهلەویی یەکەمدا زۆر چڕتر بووەتەوە.

بەهۆی ئەوەی کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ ویست و ئیرادەی خۆی لە جوغرافیایەکی سیاسیدا کە کەمتر لە ٩٠ ساڵ لەوەپێش ناوی "ئێران"ی لەسەر داندرا دەژی و، هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی شوناسەکەی دراوە؛ پرسی پارێزگاری لە زمان هەموو کاتێک خەمی گەورەی خۆمخۆرانی نەتەوەی کورد بووە. بە قورسایی ئەو خەمە و زیاتریش دەسەڵاتی ناوەندی ترسێکی جیاوازتری لە زمانی کوردی هەبووە و هۆکارێکی ئەو ترسەش بۆ پێشینەی ئەو ململانێیە مێژووییە دەگەڕێتەوە کە ئاماژەی پێ کرا. هەرچەند دەسەڵاتی ناوەندی بە نێوەرۆکی فاشیزمییەوە بەردەوام لە کوردستان بە پڕۆژەی جیاواز هەوڵی "ئەوی تر"سازییان داوە و بنەمای ئەم هەوڵەش لەنێوبردنی زمانی کوردییە هەتا لەم ڕێگەیەوە کورد بتوێننەوە، بەڵام بەخۆشییەوە کوردیش لە هیچ برگەیەکی مێژوویی خۆی ڕادەستی ئەوی تر نەکردووە، و بەرگری لە شوناس و هەبوونی سەربەخۆ و جیاوازی خۆی کردووە.

یەکێک لە ڕێکارە کۆن و پێشووەکانی دەسەڵاتدارانی فارس بۆ لەنێوبردن و ئاسمیلەکردنی زمانی کوردی، کۆچاندنی زۆرەملێی مێژوویی کوردەکان بووە بۆ ناوچەکانی تری دەرەوەی کوردستان و سەبارەت بە مێژووی ئەو کۆچاندنانەش نووسراوە و گێڕانەوەگەلی جیاواز هەیە، بەڵام لێکۆڵەران پێیان وایە بەگوێرەی بەڵگە مێژووییەکان لە سەردەمی سەفەوییەکاندا ژمارەیەکی بەرچاوی نەتەوەی کورد بە شێوەی زۆرەملێ بۆ ناوچەگەلێکی جیاوازی نێو جوغرافیای ئێران دەستی پێ کردووە کە تا سەردەمی قاجارەکان و تانانەت بنەماڵەی پەهلەوییش ئەم ڕەوتە بەپێی پیلانی دەسەڵاتداران و بە شێوەگەلی جیاوازتر هەر بەردەوام بووە. "هێنری فیلد"، کەونارناسی ئەمریکایی پێی وایە؛ کۆمەڵێک لەو کوردە کۆچێندراوانە لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەواییی پاشایەتیی کەریم خانی زەند بۆ نیشتمان و زێدی ئاژدادیی خۆیان گەڕێندراونەتەوە، بەڵام محەممەد خانی قاجاڕ لە سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆیدا دیسان ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە کۆچێندرابوون تاکوو دانیشتووانی ئەو ناوچەیە ملکەچی خۆی بکات و وەکوو ژێردەستی خۆی بەکاریان بهێنێت.

بە بۆچوونی موژگان کاڤووسی کۆچاندن و گواستنەوەی کوردەکان ئامانجگەلێکی دوولایەنەی بووە، هەم لە زێدی خۆیان و هەم بۆ ئەو شوێنەی کۆچێندراون و ئەم ڕەوتەش، دیاردەیەکی سیاسییە کە ئامانجی ڕاستەوخۆشی کاریگەریی کولتوور ـ شوناس ـ زمانییە.

لە سەردەمی دەسەڵاتداریی بنەماڵەی پەهلەویدا بە هێنانەئارای پڕۆژەی دەوڵەت ـ نەتەوەی فارس_شیعی و دواتر بە گۆڕانی ناوی ئەو جوغڕافیایە لە "مەمالکی مەحرووسە"وە بۆ "ئێران" لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی و لە ساڵی ١٩٣٥ی زایینییەوە (واتە نزیک ٨٨ ساڵ پێش) بەهۆی پەرەگرتنی شوڤێنیزمی فارسی لەژێر ناوی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ئەو گۆڕانکارییە ئامانجدارانەی کە لەنێو ئەو وڵاتە فرەنەتەوە و فرەپێکهاتەیەدا دەستی پێ کرد، زمانی فارسیی شێوەی ئاخاوتنی دەسەڵاتدارانی پەهلەوی بەفەرمی بەسەر زمانی هەموو دانیشتووان و نەتەوەکانی تری نێو ئەو چوارچێوەیەدا سەپێندرا. ئاسمیلاسیۆنی زمانییش کە بەشێک بوو لەو پڕۆژەیە جیاوازتر لە جاران دەستی پێ کرد کە دەتوانین بێژین بە شێوەیەک دەستپێکی ئەم ئاسمیلاسیۆنەش لە کوردستان بووە و بۆ نموونەی ئەم دەستپێکەش دەکرێت ئاماژە بە شێوازێکی فارسیی تەقولەقی کرماشانی بە تێکەڵاوکردنی وشە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی بۆ کوردەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و بەتایبەت کرماشان بکرێت. فاکتی ئەم وابێژییەش بیرەوەرییەکانی ئۆسکار مەن، گەڕیدەی ئاڵمانییە کە زمانی فارسیی زۆر بەباشی زانیوە و لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینی سەردانی کرماشانی کردووە. ئەو دەڵێ: "ئەگەر سەردانی کرماشانتان کرد، بێگومان پێویستتان بە دیلمانج دەبێت، چونکە لەوێ جیا لە کەسانی سەر بە هێزەکانی حکوومەت، هیچ کەسێک زمانی فارسی نازانێت".




دواتر بە تێپەڕبوونی کات و لە ماوە جیاوازەکانی خۆسەپاندنی دەسەڵاتی فارس بەسەر هەموو دانیشتووانی ئەم وڵاتەدا، ئەو پڕۆژەیەیان کرد بە پڕۆسەکی بەبڵاو و فرەڕەهەند و ئاسمیلەکردنی زمانی نەتەوەکانی نێو ئەو جوغرافیایەشیان کرد بە یەکێک لە زەنجیرە پڕۆژەکانی ئەو پڕۆسەیە. ئەو پڕۆژەیەشیان لە کوردستان بە جۆرێک بردە پێشەوە و پەرەیان پێ دا کە زمانی کوردیی بە ڕادەیەک پەراوێز خست کە تا نێو بێشکەی منداڵەکانمان چووبوو. ئەم دیاردەیە تەنانەت پاش شۆڕشی ١٣٥٧ و بەتاڵانبردنی دەستکەوتەکانی و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن ڕێژیمی خومەینی و خۆسەپاندنی ئەو ڕێژیمەش بەسەر ئەو وڵاتەدا تاکوو نیزیک پانزە-بیست ساڵی ڕابردوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژی زیاتر تەشەنەی دەکرد.

کاریگەریی دیاردەی ئاسمیلاسیۆنی زمانی لە کوردستان گەیشتبووە ئاستێک کە بەشێکی بەرچاو لە ئاخێوەرانی کوردزمان لە زێد و نیشتمانی مێژوویی و باوباپیرانی خۆیاندا لە شەقامەکان و تەنانەت لەنێو بنەماڵەکانیشدا کوردی‌ئاخاوتن شەرم و فارسی‌گوتن پۆزلێدان بوو، ئەمەش بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر زمانی کوردی و شوناسی نەتەوەییمان ئەژمار دەکرا و بەداخەوە بەشیکی کۆمەڵگە خەریک بوون لە زمان و شوناسی خۆمان دوور دەکەوتنەوە و لەنێو ناسنامەی ئەویتردا دەتوانەوە. هەرچەند لواوە بوترێت لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا ڕووناکبیرانی کورد لە بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشانە بەردەوام سەنگەری زمانیان چۆڵ نەکردووە و سەرەڕای گشت ئاستەنگ و چەڵەمەکان تا ڕادەیەکی زۆر توانیویانە پێش بە پێکانی هەموو ئامانجەکانی ئەو پڕۆژەیە بگرن کە لەنێوبردنی زمانی کوردی لە ماوەیەکی کەمی دیاریکراودا بوو. بە واتایەکی تر، وێڕای خەسارەکانی ئەو هێرشە ئاسمیلاسیۆنییە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان، ئەو ڕێژە کەمە ڕووناکبیرە دیسان توانیویانە پەیکەری زمانی کوردیی بپارێزن و ڕایگرن، لێرەشدا ناکرێت باسێکی هاوشێوەی بکەین و ئاماژە بە تێکۆشانی بێ‌وچانی کەسانێکی مامۆستا شەریف حوسێن‌پەناهی نەکەین.

کەواتە جیا لە بەردەوامیی ئەو ململانێیە عەقڵیەتیی سیاسی، شوناس و ناسنامەیییەی نێوان نەتەوەی کورد و فارسەکان بە درێژایی مێژوو، دواتر بە تێگەیشتنی سەردەمیانەی مرۆڤایەتی لە گرنگیی زمان وەک ڕیشە و کۆڵەکەی نەتەوە، لە ماوەی نزیک بە دوو سەدەی ڕابرووشدا کێشەی زمان یان ململانێی زمانییشی پێ زیاد بووە و لێرەدایە کە ئەو ترسە مێژووییەی دەسەڵاتی فارسەکان لە زمانی کوردیمان بۆ دەردەکەوێت. بۆیە ئێستەش هەر لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا زمانی کوردی لە دوو بەرەی پان‌فارسیزمەوە هێرشی لەسەرە؛ بەرەیەکی ڕێژیمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێرانە کە هەنووکە دەسەڵاتدارە و هەموو توانا، کەرەستە و هێزی دەسەڵاتەکەی بۆ تواندنەوە و لەنێوبردنی زمانی کوردی خستووە کار و تەنانەت مافی خوێندنی منداڵانی کورد بە زمانی دایک و نەتەوەیی خۆیان کە بەپێی جاڕنامە و یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مافێکی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە و هەر مرۆڤێکیش نەزانێت بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت و بنووسێت بە نەخوێندەوار دادەنرێت، هەروا پێشێل دەکرێت. بەرەیەکیش پان‌فارسیزمەکانی کۆمەڵگەی فارسی دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی نێوخۆی ئێران و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی فارس‌زمانی ئەو ڕێژیمەیە لە دەرەوەی ئێرانی ئێستە کە بەردەوام نکۆڵی و تەنانەت هەڕەشە لە زمانی نەتەوەکانی تر و بەتایبەت لە زمانی کوردی دەکەن و زمانی کوردی بە مەترسییەکی جیددی و تۆقێنەر بۆ سەر خۆیان پێناسە دەکەن. نموونەی نوێترین دەربڕینی ڕاشکاوانەی ئەم ترسە، لێدوانی ئەم ماوەیەی کوڕی شای پێشووی ئێرانە کە زمانی هەموو نەتەوەکانی ناو جوغڕافیای ئێران ڕەت دەکاتەوە و نووکی ئەم نێزەیەشی ڕوو لە کوردستان و زمانی کوردییە.

د. هاشم ئەحمەدزادە، نووسەر و زمانناسی کورد دەبێژێت: "لە دەرەوەی زمان هەرچی هەیە، هەر زمانە"(٢)، بۆیە دەکرێت بگوترێ لەسەر ئەم بنەمایەش نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زمانی کوردیی کردووەتە سەنگەرێکی لەگیراننەهاتوو بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی فارسەکان و هەروەها بناغەیەکی هەرە پتەو و قاییم بۆ گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردستانی کە ئەمەش ترسی فارس و بەتایبەت پان‌فارسیزمەکانی لە زمانی کوردی زیاتر هەژاندووە.


***

**سەرچاوەکان:**

١) کاڤووسی، موژگان، "کوردەکانی کەلاردەشت و خەسارەکانی سەر زمانەکەیان". لە چەند جێیەکی دیکەی ئەو نووسینەش لەو وتارەی خاتوو موژگان کەلک وەرگیراوە.

٢) ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارەی ٨١٤. وتووێژ لەگەڵ د. هاشم ئەحمەدزادە.

# ساڵێک دوای شەڕی ئۆکراین


ئامانج زیبایی

کاتێک هەواڵی دەستپێکی شەڕی نێوان ئۆکراین و ڕووسیە بڵاو بۆوە، زۆربەی شارەزایانی سەربازی و تەنانەت سیاسی گریمانەی ئەوەیان دەکرد لە ماوەیەکی کورتدا ئەم شەڕە کۆتایی پێ دێت. زۆربەی زۆری چاودێرانیش لایان وا بوو شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیە کۆتایی پێ دێت و شەڕکردن لە بەرانبەر زلهێزێکی جیهانی ناتوانێ درێژەمەودا بێت. بەڵام خۆڕاگریی کەموێنەی خەڵکی ئۆکراین بەگشتی و کەسایەتیی کاریزماتیکی زێلێنسکی بەتایبەتی ڕیسەکەی لە ڕووسیە کردە خوری.

شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین وا دەچێتە دووهەمین ساڵی خۆیەوە. ئەم شەڕە زۆر سادەیە ئەگەر تەنیا گرێ بدرێتەوە بە خۆڕاگریی خەڵک و ڕۆڵی کەسێکی وەک زێلێنسکی. بە سەرنجدان بە ڕووداوەکانی پێش دەستپێکی ئەم شەڕە و گرژبوونی پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بۆمان دەردەکەوێ کە تەقینەوەی ناکۆکییەکان هەر لە سەرتاوە گرێدراوی ڕێکخراوە هەواڵگرییە نێودەوڵەتییەکان بووە بۆ بەرنگاربوونەوەی ڕووسیە لە نیزیک سنوورەکانی خۆی. داواکاریی ئەندامەتیی ئۆکراین لە ناتۆش هەر درێژەدەری هەر هەمان سیاسەت و هەر بە یەک ئامانج بوو، واتا بێتوو ڕووسیە قەبووڵی بەئەندامبوونی ئۆکراینی لە ناتۆدا کردبا، سنووری هاوپەیمانیی نیزامیی ناتۆ دەگەیشتە نیزیکترین ئاست بۆ دامەزراندنی قەڵغانی بەرگریی مووشەکی بۆ پاراستنی ئورووپا لە هەڕەشە و مەترسییەکانی پووتین بۆ سەر یەکیەتیی ئورووپا. یا خود ئەگەریش ئەو سیستەمی بەرگرییە بەپێی داوای وڵاتی ئۆکراین قەبووڵ نەکرێت، ئەوە ئاستی ناکۆکییەکان دەگاتە پێکدادانی سەربازی و شەڕێکیماڵوێرانکەر بەرۆکی هەموو ناوچەکە دەگرێت. بۆیە زۆر پێش دەستپێکی ئەم شەڕە ناوەندە ئەمنییەتی و هەواڵگرییەکانی جیهانی بە پڕوپاگاندای سەرهەڵدانی شەڕ ڕای گشتییان بۆ ئەم بابەتە ئامادە دەکرد. لەگەڵ دەستپێکی شەڕەکەش بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چوونە پشتی ئۆکراین و پشتیوانیی خۆیان لە خەڵک و حکوومەتی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند.

شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین لە چەند ڕەهەندی دیکەشەوە گرینگیی خۆی هەیە. کەرتێکی بابەتەکە گرێدراوی بەشی ئابوورییە و بینیمان کە لە دوای دەستپێکی شەڕەکە چۆن شەڕ کاریگەریی خۆی بە سەر ئابووریی بەشێکی زۆری جیهان پێشان دا. هەروەها ئەو ڕاستییەشی دەرخست کە ڕووسیە توانای ئەوەی هەیە ئەگەر بۆ کورت‌ماوەش بووبێ بەتایبەت لە بواری وزەدا ئاستەنگ بۆ سەر کەرتی ئابووریی جیهانی ساز بکا و جیهان دەبێ خۆی بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە ئامادە بکات، ئەمەش پێویستیی بە دانیشتن و دانووستان هەیە لەگەڵ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و وزە و بۆ هاندانیان بۆ هەناردەکردنی زیاتری نەوت و بەربەست سازکردن بۆ ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ ڕووسیە و بۆڵدکردنی ئەو بابەتە کە سەودا و دانووستان لەگەڵ ڕووسیە ڕیسکێکی گەورەیە.

بەشێکی تری ئەم شەڕە بۆ ئەو مەبەستە بوو کە هێزی سەربازیی ڕووسیە بێننە ژێر پرسیار و ئەو ڕاستییەی دەرخست کە هەر وڵات و حکوومەتێک خەڵکی وڵاتەکەی پاڵپشتی نەبێت، دواجار دەستەوەستان دەبێت جا ئەگەر خاوەنی دووهەم هێزی سەربازیی جیهانیش بێت؛ تا ئەو ڕادەیە کە تەنیا کۆماری ئیسلامی شک ببەی هاوپەیمانیی نیزامیی لەگەڵ ببەستی.

بابەتێکی دی کە جێگەی هەڵوێستەکردنە لە سەری ئەوەیە بە سەرکەوتوونەبوونی ڕووسیە لەو شەڕەدا پێش بە چەندین شەڕی دیکە گیرا لە ناوچەکە و دەکرێ بڵێین لە جیهاندا. دوای چەند ڕۆژێک لە دەستپێکی شەڕەکە گریمانەی ئەوە دەکرا ناکۆکییەکان لە چین و تایوانیش پەرە بستێنن و تەنانەت وڵاتانی سوئێد و فیلاندیش کەوتبوونە بەر شاڵاوی هەڕەشەکانی ڕووسیە. تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەڕەشەی هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان و کۆماری ئازەربایجانی دەکرد. گرینگتر لە هەموو ئەمانەش تەریککەوتنەوەی ئەم وڵاتە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بوو، و ئەوانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە هێرشکردنە سەر خاکی وڵاتان بە بیانووی جیاواز ئاکامێکی تری لە تەریککەوتنەوە نابێت. کۆبوونەوەکانی لووتکەی وڵاتانی G7 و داڤووس دوو نموونەی دیاری ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانەی کە ڕووسیە تێدا بانگێشت نەکرا. جگە لەم خاڵانەی سەرەوە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ناوکی، بەکارهێنانی درۆنە خۆکوژەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کوشتنی خەڵکی مەدەنیی ئۆکراین و گواستنەوەی کارگەی بەرهەمهێنانی ئەم درۆنانە لە ئێران ڕا بۆ ڕووسیە لەڕووی سەربازییەوە مەترسیی زۆری هەیە بۆ سەر نەیارانی هەر دوو وڵات. ڕووسیە دەستی ئاوەڵاتر دەبێ لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئەم درۆنانە و بەکارهێنانی زۆرتری ئەم درۆنانە هۆکارن بۆ دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی و بەهێزکردنیان لە داهاتوودا وەک خێرایی و توانای خاپوورکردن و پێکانی باشتری ئامانجەکانی و ئەم پۆینتانەش دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاوەڵا دەکات بۆ بەکارهێنانی ئەم درۆنانە بەدژی دژبەرانی خۆی و وڵاتانی ناوچەکە.


ئێستا کە ساڵێک بە سەر ئەو شەڕەدا ڕادەبرێت و هێشتا ئاسۆکانی ناڕوونن، دەبینین وڵاتانی جیهان بە تەرخانکردنی بەشە بووجەی خۆیان بۆ گەیاندنی یارمەتیی مادی و سەربازی بە ئۆکراین بەئاشکرا پشتیوانی لەم وڵاتە دەکەن و هەوڵ بۆ سەرکەوتنی ئەم وڵاتە دەدەن؛ چونکی باوەڕە گشتییەکە ئەوەیە بردنەوەی ڕووسیە ئاسۆی کۆمەڵگەی جیهانی لێڵ و ئەمنییەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناسەقامگیر دەکات.

# هەگبەی شاخ و شۆڕش



## هەڵۆکەی چنگ‌بەگڕی سێگرتکان و سەرشاخان

### شەهید ڕەسووڵ مستەفاپوور



برایم چووکەڵی

چۆن بترسم لە مردن گەر بزانم دیسان دێمەوە، دایکە کوردێک گۆشم دەکا، شیرم دەدا، زمانی کوردیم فێر دەکا، باوکە کوردێک، جلی کوردیم لەبەردەکا، دەمخاتەوە هەمان ڕێگە، دەمنێرێتەوە بۆ کوێستان و دەمکاتەوە بە پێشمەرگە. چ شتێک گرینگتر و سەرنجڕاکێشتر لە بەسەرهاتی پێشمەرگەی نیشتمان، پێشمەرگەی شەهید. لەم ژمارەیەی "هەگبەی شاخ و شۆڕش"دا یادی شەهید ڕەسووڵ مستەفاپوور ناسراو بە (ڕەسووڵە مستە) دەکەینەوە.

شەهید ڕەسووڵ مستەفاپوور ساڵی ١٣٤٢ لە ئاوایی "سێگرتکان" لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیی ناوچەی پیرانشار چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. بەداخەوە بەهۆی وەزعی ناڵەبار و هەلومەرجی سەختی ژیان نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و لە منداڵیدا نەخوێندەوار مایەوە و ژیانی لاوێتیشی بە کار لە مووچە و مەزرا و کوێرەوەری تێپەڕی. بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، ڕەسووڵ تازە پێی لە تەمەنی ١٥ ساڵان دەنا. ئەو لەنێو ئاوایی بە کوڕێکی بەئەدەب، لەسەرەخۆ و ڕەوشتجوان ناوبانگی دەرکردبوو.

دوابەدوای ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و پاش هێرشی سوپای ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو بۆ سەر کوردستان، ڕەسووڵ ڕێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارەی ئەو کاتدا سازمان درا. شەهید ڕەسووڵ کوڕێکی هێدی، لەسەرەخۆ، بەنەزم و دیسپلین و هاوکات؛ ئازا، نەترس و بێباک بوو. هەربۆیەش هەموو هاوسەنگەرانی ڕێزیان لێ دەگرت و خۆشیان دەویست. ئەو دڵگەرمییەکی لە ڕادەبەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو. بۆ بردنەسەری پلەی زانیاریی خۆی بێپسانەوە هەوڵی دەدا و، یەکەمین هەنگاو لەو هەلومەرجەی ئەوکاتدا فێربوونی خوێندن و نووسین بوو کە هاوکات خەباتی دژی دوژمن دەکرد و دەرسیشی دەخوێند و هەوڵی خۆپێگەیاندنی دەدا.

شەهید ڕەسووڵ ساڵی ١٣٦٠ بۆ سەردانی ماڵی خۆیان لە "سێگرتکان" مەرەخەسیی وەرگرتبوو و گەڕابوویەوە لای بنەماڵەکەی، بەڵام سیخوڕ بەوەیان زانیبوو. هێزەکانی ڕێژیم دەوری ئاواییان دابوو و مخابن ڕەسووڵ بە دیل گیرا. بەڵام ئەو لە گرتنگەکانی ڕێژیمدا تابلۆیەکی دیکەی لە پێشمەرگەی بەباوەڕی حیزب و گەلەکەی پێشان دا. ڕەسووڵ بەتوندی کەوتە بەر ئازار و ئەشکەنجەیەکی دڕەندانە. ناوەندە ئەمنیەتییەکان زۆریان هەوڵ دا بەچۆکی دابێنن و ئیرادەی پێشمەرگانەی تێک بشکێنن، بەڵام ئەوە ڕەسووڵ بوو کە زیندانی کردبووە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی و لەم تاقیکارییەشدا ڕووسوور هاتەدەر و سەلماندی کە بەڕاستی پێشمەرگەی بەوەجی حیزبەکەیەتی. ئەوە بوو کە دواجار لەگەڵ یەکێک لە دیلەکانی شەر گۆڕینەوەی پێ کرا و لە زیندان ئازاد بوو.

شەهید ڕەسووڵ پاش ئازادبوون دەمودەست بۆ سەنگەری بەرگری لە ماف و مان و کەرامەتی نەتەوەکەی گەڕایەوە و وەک پێشمەرگەیەکی لێهاتوو دژی داگیرکەران وەستایەوە. ڕەسووڵی لەکڵ‌دەرهاتوو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری و گیانبازییەک بوو. سەرکەوتنی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا وای کرد کە بەرپرسایەتیی نیزامیی پێ بدرێ و پلەکانی پێشمەرگایەتی یەک لەدوای یەک بڕی و وەک سەرپەل، سەردەستە، جێگری لک و سەرئەنجام بە فەرماندەری لک دیاری کرا. ئەو لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتییدا چەندین جار لە شەڕ دژی پارێزەرانی کۆنەپەرستیدا بریندار بوو، و هەرجارەی پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی بەئیمانتر لە پێشوو دەگەڕایەوە سەنگەری بەرگری لە ئازادی.

هەڵسوڕیی شەهید ڕەسووڵ لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا بەرچاو بوو. لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی هەبوو و وەک قەڵایەکی پۆڵایین لەبەرانبەر دژیگەلییەکاندا ڕاوەستا. لە شەڕەکانی جادەی سەردەشت-پیرانشار، سەرشاخان، چیانە، سێپەکان، نێو شاری پیرانشار و زۆربەی شەڕە حەماسییەکانی ئەو مەڵبەندەدا بەشداری کرد. فەرماندەیەکی لێوەشاوە و خاوەن‌ئەزموون و شارەزا و بە بیروباوەڕ بوو. خۆشەویستی هەژارانی ناوچە و هاوسەنگەرانی بوو، و لە دڵی هەموویاندا دەژیا. لە ساڵەکانی ١٣٦٧-١٣٦٨ بە فەرماندەی شەهید ڕەسووڵ چەندین عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانە بەڕێوە چوون، وەک کەمین‌دانانەوە، بەرپەرچدانەوەی پەلامارەکانی ڕێژیم، هێرش بۆ سەر چەندین پایەگا و لەو حەماسە لەبیرنەکراوانەشدا شەهید ڕەسووڵ وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی خەباتی ڕۆڵەکانی گەلی کورددا درەوشایەوە.

ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی پێشمەرگەکانی حیزب، ماندوو و شەکەت لە گەشتێکی سیاسی-نیزامی بۆ پشوودان و حەسانەوە چوونە داوێنی کێوی سەرکەش و بەدیمەن و جوانی "دووسەر" لە ناوچەی نەڵێنی پیرانشار. هێزی پێشمەرگە سەرلەبەیانی لەلایەن پێشمەرگەی نیگابانەوە ئاگادار کرانەوە کە ڕێژیمی دژیگەلی هێرشێکی پان و بەرینی هێناوەتە سەریان. پێشمەرگە وەک هەمیشە ئازا لێیان وەدەست هاتن و هێزەکانی ڕێژیم زەبرێکی کاریگەر و گورچکبڕیان وێ کەوت. ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا و بریندار بوون و بە دەیان قەبزە چەک و کەلوپەلی نیزامیی دیکە بوو بە دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە. لەو شەڕەدا ڕەسووڵی قارەمان کە شان بەشانی هاوسەنگەرانی هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن، بەداخەوە گوللەی دژی گەلییەک سینگی پڕ لە ئاواتی پێکرا و خوێنی گەشی ڕژایە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان.

ڕەسووڵ گیانی بۆ نیشتمان بەخت کرد و تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی حیزب و گەل بوو، و لە نێو گەلیشدا ناوێکی بەرز و پیرۆزی پاش خۆی بەجێ هێشت.

# ڕێژیمی ئیسلامی لەنێوان بەرداشی "ناتۆ" و "مسکۆ"دا



محەممەد سلێمانی

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هۆی ئەو هەموو هەڵبەزدابەزە سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازییەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچە دەیکا، زۆری نەماوە سەری خۆی لەسەر دابنێ و، بۆ هەمیشە بە مێژووی کردەوە فیتنەگێڕییەکانی بسپێردرێ. بێ ئەوەی خەونی موختاربوونیان لەسەر ئاستی هەرێمەکەدا بەچاویان ببینن و ببنە دەستڕۆیشتووی ئەو ناوە، وەک خۆیان لەمێژساڵە خەیاڵیان لەسەر هەڵچنیوە و کاری بۆ دەکەن.

پاش ئاشکرابوون و خۆتێهەڵقورتاندنی باڵی سەربازیی دەستڕۆیشتووی سپای پاسداران لە شەڕی نێوان ئۆکراین و ڕووسیە و بەناردنی فرۆکەی خۆتەقین و مووشەک کە ساڵی ڕابردوو مسکۆ بە بیانووی دوورخستنەوەی مەترسیی پێگە و نفووزی ناتۆ لەسەر سنوورەکان شەڕی بە دژی گەلی کیێف ڕاگەیاند، ئەندامانی چالاکی ناتۆ کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ئەو ڕێکخراوەیەدا هەیە، لەو بڕوایە دان هاوکارییەکانی تاران کاریگەریی لەسەر درێژەکێشانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەدا هەیە و باڵانسی شەڕیش بە قازانجی مسکۆ گۆڕدراوە و لە هێندێک شوێن توانیویەتی پێشڕەوی بکا.

ئەو هەڵوێستەی ئێران گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەندامانی ناتۆ سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی بەدوای خۆیدا هێنا و ئێستا بەو ئەنجامە گەیشتوون دەسەڵاتی سەربازیی ئەو وڵاتە بووە بە مەترسیی گەورە و بەرچاو لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە ئوورپاییەکان و بەوپێیە ڕێژیم دەبێ هەوسار بکرێ.




ئێستا وەختی ئەوە هاتووە جیهان بەئاگابێتەوە، لە هەوڵە دژمنکارییەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بەدژی مرۆڤایەتی و هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی گەشتی وڵاتان و بە دیاریکراویش هێزە دژبەرەکان و گەلانی بندەست ئێران. بێگومان کاتێک ناکۆکی و دوژمنایەتی سیاسی و ستراتیژی کۆتایی پێ دێت کە سەرچاوەکەی بنەبڕبکرێ کە دەسەڵاتی سەربازی ڕێژیمی ئێرانە

لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا داگیرکردنی ئۆکراین شتێکی قبووڵکراو نییە و بە مەترسی لەسەر ئاسایشی گشتی جیهان و بەتایبەت وڵاتانی ئوورووپا و بەرژەوەندییەکانیان دادەنرێ، هەروەها هەر پێشڕەوییەکی هێزە سەربازییەکانی ڕووسیە لەنێو خاکی ئۆکرایندا، بە مەترسیی زۆر جیدی سەیر دەکرێ. هەر لایەک و وڵاتێکیش هاریکاری ئەو پێشڕەوییە سەربازیانە بێت، دەبێ بە قوورسی باجەکەی بدا و تاران پشکی سەرەکیی لەو هاریکارییە سەربازییانە بە ڕووسەکان پێ دەبڕێت. لەم ڕووەوە پشتیوانییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە پۆتین، بیر و ڕوانینی دیپلۆماسیی سیاسی زۆر نوێی سەبارەت بە ڕفتار و کردەوەکانی ڕێژیمی دژە ئازادی و دێمۆکراسی لە ئێراندا لێ کەوتۆتەوە و، بەشێک لە پێتەختی بڕیاری سیاسی لەنێو ناتۆدا زۆر بە جیدی لەهەمبەر ئێراندا هاتوونەتە سەر هێڵ و چاوەڕوانی بڕیاری توند بەرانبەر تارانیان لێ دەکرێ.

کاتێک ڕاپەڕینی سەرانسەری لە کوردستان و ئێران سەری هەڵدا و خەڵک دروشمی ڕووخانیان لەدژی کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکان بەرز کردەوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا لەبەر سەرقاڵبوونیان بە شەڕی نێوان ئۆکراین و ڕووسیە، وەک پێویست نەپرژانە سەر شۆڕشی ژینا و ئەو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییانەی لەو وڵاتە ڕوویان دا. پاش تەقینەوە و گاریگەریی ڕاپەڕین کە بوو بە پرسێکی گرینگی جیهانی، پارلمانی یەکیەتیی ئوورووپا، پاش تێگەیشتن لە شوێندانەریی شۆڕشی ژینا و بەدەرکردنی بەیاننامەییەکی سیاسی وێرای ئیدانەکردنی سیاسەتی سەرکوت و توندوتیژی بەرامبەر بە گەلانی ئازادیخوازی وڵات، داوای ڕاگرتنی توندوتیژی و ئازادی زیندانییان و چارەسەرکردنی ئەو ڕاپەرینەی بە لەبەرچاوگرتنی داخوازییەکانیان کرد. هەر لەو بەیاننامەیەدا بەڕوونی ئاماژە بە ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان کرابوو و بۆ یەکەمجار ناوی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرگوێ کەوت، کە ئەوەش دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد کە ناوەندێکی گرینگی جیهانی باسی گاریگەریی کورد لەسەر ڕووداوەکان بکا.

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، وەک پێویست لە کڵپەی ڕاپەڕین و بەرخۆدانی نەتەوەیی گەلانی ئێراندا، وڵاتانی ئوروووپا و ئەمریکا بە هۆکاری ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان لە گۆشەی کۆنەپەرستان سەیری ڕووداوەکانییان دەکرد تا هاوکارییە سەربازییەکانی تاران گەیشتە ڕووسیە. ئیدی ئەو جار ڕوانینی سیاسی و دیپلۆماسی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا گۆڕانی بەسەر داهات و بە کردار دژایەتیکردنی فراوانخوازییەکانی ڕێژیمی ئێران بوون.

بۆ ئەو مەبەستەش سپای پاسدارانیان خستە نێو لیستی تێرۆر و پڕۆژە یاساییەکی تایبەت بەو بابەتەیان وەک سەرەتای بڕیارێکی نێودەوڵەتی دژی تاران دەرکرد. بێگومان گوشاری یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی هێزە ئەمنییەتییەکان و هاوسارکردنی ڕێژیم لە دۆخێکی وەک ئەمڕۆی ئێراندا، کاریگری ڕاستەوخۆی لەسەر بەهێزتربوونی ڕەوتی ڕاپەڕین و هێزە دژبەرەکانی تاران لەسەر ئاستی نێوخۆدا دەبێ. بەو مەرجەی هاوکارییەکانی ئەندامانی ناتۆ بکەوێتە قۆناخێکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەیان کە دەیانەوێت بەرامبەر بە تاران بەڕێوەی بەر، دەستی دژبەرەکانی تاران بە مەبەستی لاوازکردن و ڕووخاندنی ڕێژیم بەهێز بکەن.

ناکۆکییەکانی نێوان ڕووسیە و ناتۆ بە هۆی هێرشی مسکۆ بۆ سەر هاوبەشییەکی نیزیکیان و تێوەگلانی ڕێژیمی ئاخوندی لەو شەڕەدا، جگە لە زیان گەیاندنی بە ژێرخانی سیاسی و ئابووری و لە دەستدانی متمانەی وڵاتان بەرانبەریان، کاردانەوەی جیدی تری بەدوای خۆیدا هینا و وەکوو هاوبەشی نیزیکی ڕووسیە سەیری ئێران دەکرێ.

ئەو ڕەفتارە سیاسی و شەڕەنگێزییانەی ئێران بۆتە هەوێنی پەرەگرتنی دژایەتیی فراوانتر بەرامبەر بە ڕێژیمی ئاخوندی و ئەوەی لەو نێوەشدا دەبێت باجی هەڵوێستە نابەجێکانیان بدات، گەلانی بندەست و چەوساوەی وڵاتن. گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان زیاترین کاریگەرییان لەسەر گەلانی وڵات دەبێ و دارمانی کەرتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

تاران بەکردەوە چۆتە سەنگەری ڕووسیە بەدژی ناتۆ و هەر لە ئێستاوە خۆی کردووە بە بەشێک لەو ئاڵۆزییە سیاسی و سەربازییەکان. ئەگەر بێت و ئەو شەڕە بە شکاندنی مسکۆ کۆتایی بێت، ئێران دەبێ بەقوورسی باجی کردەوەکانی خۆی بدات. ئەگەر ناتۆش ئەوە لە بیر بکا، هەرگیز گەلی ئۆکراین و دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە هەڵوێستی دوژمنکارانەی ڕێژیمی ئاخوندی لەبیر ناکەن. بێگومان زۆربەی دەرگا گرینگەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە هەڵوێست و هەڵبەزدابەزەی تاران توڕە و نیگەرانن و لە ئێستادا وەک هاوبەش و هاوپەیمانی پۆتین تەماشای دەکەن. ئەوەش بەدڵنیاییەوە ئاماژەی خۆش نین لەسەر داهاتووی سیاسی ڕێژیم.

کاتێک تاران بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی و بێ لەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندیی وڵاتەکەی، پشتیوانیی ڕاستەوخۆی مسکۆ لە شەڕ دژی کیەڤ دەکا و ژمارەیەکی بەرچاو فرۆکەی خۆتەقێنەر و مووشەک و کەلوپەلی دیکەی سەربازیی بۆ ڕووسەکان ناردووە کە دەوریان لە کۆمەڵکوژکردنی ئۆکراینییەکاندا هەبووە و ناتۆ ئەو ڕفتارەی تاران بە دوژمنایەتی وەسف دەکا.

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییەش بکرێ کە هاوکارییە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران بۆ مسکۆ وەک نەیاری مەترسیداری ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، کاردانەوەی توندی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ناتۆی بەدوای خۆیدا هێناوە و لە ئاکامی هەستکردن بە نیگەرانییەکانی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆدا، پاریس و بۆن زۆر بەجیدی داوا دەکەن ڕێگری لە بەهێزتربوونی بەرنامە سەربازییەکانی ئێران بکرێ و گەمارۆی زیاتری بخرێتە سەر، کە تێیدا زۆربەی ناوەند و کەرتە سیاسی و سەربازییەکانی ڕێژیم بگرێتەوە.

ئەگەر بەراوردێک لەنێوان وڵاتێکی دێموکراتیک و پێشکەتنخوازی جیهان لەگەڵ دەسەڵاتی ئێراندا بکەیت، ئەو وەختی باشتر مەودایی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی دەردەکەوێت. وڵاتێکی ئازاد، کە گەڵ تێیدا بڕیاردەر بێت جگە لە دابینکردنی ئاسایشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی وڵاتەکەی، بیر لە شتێکی دیکە ناکاتەوە و بەردەوام خۆی لە تێوەگلان و سەرئێشەی لابەلا بەدوور دەگرێت. لە کاتێکدا ڕێژیمی تاران بەشێکی گرینگی سامانی گشتی وڵات لە ڕێگای ئاڵۆزییە ناوچەییەکاندا بەفیڕۆ دەدا و بۆتە سەرچاوەی ئاژاوەگێڕیی سیاسی و سەربازی.

ئێستا وەختی ئەوە هاتووە جیهان بەئاگابێتەوە، لە هەوڵە دژمنکارییەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بەدژی مرۆڤایەتی و هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی گەشتی وڵاتان و بە دیاریکراویش هێزە دژبەرەکان و گەلانی بندەست ئێران. بێگومان کاتێک ناکۆکی و دوژمنایەتی سیاسی و ستراتیژی کۆتایی پێ دێت کە سەرچاوەکەی بنەبڕبکرێ کە دەسەڵاتی سەربازی ڕێژیمی ئێرانە.

لە وڵاتێکدا کە ئازادی سیاسی و مافی نەتەوەیی پێشێل بکرێ و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی ڕێگە پێدراو نەبێ و ئینکاری فرە نەتەوەیی بوونی وڵات یەکێک بێت لە ئەساسی‌ترین کۆڵەکە فیکرییەکانی دەسەڵات و بەرپرسانی سیاسی و سەربازی نێو جوومگە سەرەکییەکان لەلایەن ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی، عەلی خامنەیی دیاری بکرێن و گوێ بە بڕیار و دەنگی خەڵک نەدرێ، نابێت هیوایەک لەسەر باشتربوونی ڕەفتاری کاربەدەستانی سیاسی ڕێژیم هەڵچنرێت. ڕێژیمی ئێران لە ئێستادا لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی گەورە دەست و پەنجە نەرم دەکات، کە بەرچاوترینیان، گوشارە سیاسی و گەمارۆ ئابوورییەکانن. گەمارۆ ئابووری و بازرگانییەکان بە تەواوی کەرتی وەبەرهێنانی ئەو وڵاتەیان لاواز کردووە و ژمارەیەک لە کەرتە تایبەتییەکان کە ڕۆڵیان لەسەر ڕێژی کەمکردنەوەی بێکاریدا هەبوو، لەنێو چوون یان هێزی داراییان لەدەست داوە و بەو جۆرەش ڕێژی بێکاری بەرزبۆتەوە و کاریگەری بەرچاوی لەسەر ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات داناوە.

سامانی گشتی نەتەوەیی بە ڕێگای نادیار و گوماناویدا بە فیڕۆدەچێت و ڕێژەیەکی بەرچاو دەچێتە سەر حیسابی بەرپرسە باڵاسەبازییەکانی سەر بە سپای پاسداران و ڕێژەیەکیش وەک هاوکاری ئابووری دەچێتە سەر حیسابی گرووپە تێرۆریست و میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ناوەندی بڕیاری سیاسیی تاران.

شۆڕشی ژینا کە لەژێر دروشمی " ژن، ژیان، ئازادی" سەری هەڵدا، زۆر ئاشتیانە ڕەوتی خۆی دەپێوا و دواجار بەبڕیاری سیاسی و سەربازی بەرپرسانی باڵای نیزام، بەهێز و توندوتیژی بەرەوڕووی شەقامی ڕاپەڕیوی شارەکانی کوردستان و بەلووچستان و بوون و بە تەقەی ڕاستەخۆ دەیان کەس لە ئازادیخوازانی کورد و نەتەوەکانی دیکەیان شەهید و بریندارکرد و ژمارەیەکی زۆریش ڕەشبگیرکران و بە هەزاران کەس لە بەندیخانەکانی دەسەڵاتی تاران، تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

بەڵێ، ڕێژیمی ئاخوندی کە پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسی و فیکری لەسەر ئینکاری سیاسی و نەتەوەیی دامەزراوە و ئازادییە سیاسی و دێموکڕاتییەکان لە وڵات دەرفەتی گەشەکردنی نییە و هەرکەس و گرووپێک بەپێچەوانەی ئەوان بیر بکاتەوە، وەک نەیاری دەسەڵات هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت و سزای قوورسیان بەسەردا دەسەپێنن.

# دێموکراسی و دەنگی زۆرینە

## (ئیرادەی زۆرینە بەبێ ڕەچاوکردنی ماف و ویستی کەمینە = دیکتاتۆری)



ڕەزا دانشجوو

لەم ڕۆژانەدا سۆشیال میدیا پڕە لە باسی پۆپۆلیستی و فریوکارانە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ڕەوتێکی دیاریکراو ئاراستە دەکرێن و ڕێک دەخرێن.

لە ڕاستیدا ڕەوتی تۆتالیتار بە دوو شێوازی تەواو جیاواز خەریکە بیری فاشیستیی خۆی بڵاو دەکاتەوە. فۆڕمی یەکەم لەشکرێک لە کەسانی سووک و قێزەون سەرکردایەتیی دەکات کە جگە لە "شا" هیچی تریان لە جەغزی فیکریی خۆیاندا نییە و بە کردەوە هیچ ناسنامەیەک بۆ هیچ بزووتنەوەیەکی تر ناناسن. زۆربەی لایەنگرانی پەهلەوی دەتوانرێت لەنێو ئەم گرووپەدا دەستەبەندی بکرێن. ئەوانەی کە بەگشتی لە کەشوهەوای ساڵانی پێش شۆڕشی ٥٧دا ماونەتەوە و هیچ گۆڕانکارییەک ناسەلمێنن. لە چاوی ئەم گرووپەدا، بەگشتی هیچ ئاماژەیەکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمی پەهلەوی لە ڕوانگەی سیاسییەوە ڕێگەپێدراو نییە. ئەرکی خەڵک تەنیا ستایش و پشتیوانی لە سیستەمی پاشایەتییە، تاکە هۆکار بۆ ئەمەش هەندێک وێنەی سەردەمی پەهلەوین کە لەگەڵ سەردەمی ئاخوندی بەراورد دەکرێن و لە کۆتاییدا ئەم پرسیارە ئاڕاستە دەکرێت کە "چی بووین و بووین بەچی؟"

ئەوەی کە لە کەیەوە کۆماری ئیسلامی بۆتە پێوەری جیاکەرەوە بۆ نیشاندانی پێشکەوتن لێرەدا باس لێ ناکەین، بەڵام ئەوەی ئەم کۆمەڵە هەوادارە و لە ڕاستیدا خزمەتکارانی بنەماڵەی پەهلەوی وەک نموونەی پێشکەوتن و گەشەکردن پێشکەشی دەکەن، بەگشتی لە چوارچێوەی جلوبەرگی گرانبایی شای پێشوو یان وێنەکانی سەفەری فەرەح بۆ فڵان شوێنی تایبەت دەمێنێتەوە. کۆتا هونەری ئەم کەسانە نیشاندانی تاقمێک وێنەی تارانی پێش شۆڕشی ٥٧، ئەویش نەک لە دەورووبەری شارەکە، بەڵکوو لە ناوچەکانی ناوەندی شار و بەراوردکردنی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای تارانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی! بەڵام هەرگیز هیچ شتێک لەسەر دانیشتووانی ئاوارە و پەراوێزنشینەکانی شارە گەورەکان، یان شێوەی ژیان لە بەلووچستان یان زیندانە ترسناکەکانی ساواک یان... نە باس دەکرێت و نە دەگوترێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوان دەزانن کە پەهلەوی تەنیا دەبێ لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی بەراورد بکرێت، تیۆری خراپ و خراپتر لێرەدا دەبێتە بەراوردکردنی دۆزەخ و بەهەشت لەگەڵ فانتازیایەکی پۆپۆلیستی، سەبارەت بەم گرووپە لە لایەنگرانی پەهلەوی باسی ڕۆشنگەری زۆر پێویست ناکات. خەڵک باش ئاگاداری پشتپەردەی ئەم ڕەوتەن. ئێستا ئەگەر هێندێک کەس سوێندیان خواردبێت کە مێشکیان بەکارنەهێنن و لە جەهلدا بمێننەوە، ئەوە شتێکی ترە.

بەڵام گرووپی دووەم، بە شێوەیەکی تەواو جیاواز و لە چوارچێوەیەکی بەڕواڵەت دێموکراسییانەدا، بەدوای ئەوەدان فەزا بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی دروست بکەن. لەبارەی ئەم گرووپە دەبێت مرۆڤ زۆر وریا و وشیار بێت، لە ڕاستیدا ئەم گرووپە لە دەرگای دۆستایەتی و یەکگرتوویی هاتۆتە ژوورەوە و بە ڕاگەیاندنی ئەوەی "هیچ حکومەتێک بەسەرتاندا ناسەپێنین، وەرن لەگەڵمان بن تا کۆماری ئیسلامی بڕووخێنین، ڕۆژی دوای ڕووخانی ڕێفراندۆمێکی ئازاد ئەنجام دەدەین و هەموومان ڕێزی لێ دەگرین." ڕەنگە مرۆڤ بڵێت ئەوە بۆچوونێکی تەواو بەجێیە و لەگەڵ پرەنسیپەکانی دێموکراسیدا دەگونجێت. بەڵام کێشەی ڕاستەقینە لە کوێیە و بۆچی دەبێت لە بەرانبەر ئەم ڕەوتە ساختەکارییەدا زۆر وریا بین؟ با بە چەند پرسیارێکی سادە دەست پێ بکەین:

ئەگەر سبەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا ڕێفراندۆمێکی ئازاد ئەنجام بدرێت و بۆ نموونە زۆرینەی خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامی، یان دەسەڵاتی پاشایەتی یان هەر سیستەمێکی تری نادێموکراسی هەڵبژێرن، ئایا دەبێ گوێڕایەڵی بین؟ ئەگەر سبەینێ بۆ نموونە لە ڕێفراندۆمێکی ئازاددا خەڵکی ئێران دەنگی بەدژی فێرکردنی زمانی کوردی دا، دەبێ گوێڕایەڵی بین؟ وە ئەگەر گوێڕایەڵی نەبین، مانای وایە ئێمە باوەڕمان بە دێموکراسی نییە؟ سەرچاوەی هەموو ئەم پرسیارانە یەک پرسیارە، ئایا دێموکراسی بە مانای دەنگی زۆرینەیە؟ بە نموونەیەکی سادە دەست دەکەین بە وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەکە. ئێوە لەگەڵ چوار کەسی تر لە شوێنێکدا کار دەکەن، چوار کەسەکەی تر جگە لە ئێوە جگەرەکێشن، ڕۆژێک لە ڕاپرسییەکی تەواو دێموکراسییانەدا دەنگ دەدەن ئایا جگەرەکێشان لە ژوورەکەدا ڕێگەپێدراوە یان نا؟ چوار کەس دەنگ بە بەڵێ دەدەن و مەسەلەکە دەنگی زۆرینە دێنێتەوە. دێموکراسی دەڵێت کە تۆ دەبێ دەنگی زۆرینە قبوڵ بکەیت، بەڵام ئایا مافە مرۆییەکان دەکرێ بە دەنگی زۆرینە پێشێل بکرێن؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. هیچ دەسەڵاتێک لەژێر هیچ ناونیشانێکدا ناتوانێت ماف و ئازادییە مرۆییە قبوڵکراوەکان پێشێل بکا. "دیموکراسی واتە دەنگی زۆرینە، بەڵام بە ڕێزگرتن لە مافەکانی کەمینە". کەس ناتوانێت بە زۆرینەی دەنگ ناچارتان بکات تەحەمولی دووکەڵی جگەرەی کەسانی تر بکەی، کەس ناتوانێت بە زۆرینەی دەنگ مافە دەستوورییەکان پێشێل بکات، بۆیە دەنگی زۆرینە ناتوانێت حیجابی ناچاری بسەپێنێت و بە پێچەوانەشەوە ناتوانێت حیجاب قەدەغە بکا. دەنگی زۆرینەی خەڵکی ئێران ناتوانن بڕیار بدات کە ئایا خەڵکی کوردستان، ئازەربایجان یان بەلووچستان مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی دایکی خۆیان لە ناوچەکانی خۆیان دەرس بخوێنن یان نا!

ئەمە پێناسەی ڕاست و قبوڵکراوی دێموکراسییە لە جیهانی ئازاددا. لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدایە کە کاتێک خەڵکی سکۆتلەند دەیانەوێت لە بریتانیا جیا ببنەوە، ڕێفراندۆم لە سکۆتلەند ئەنجام دەدرێت نەک لە هەموو شانشینی یەکگرتوودا، یان کاتێک خەڵکی فەرەنسیزمانی "کێبێک" دەیانەوێت کانادا بەجێ بهێڵن، خەڵکی "کێبێک" بڕیار دەدەن کە لە کانادا جیاببنەوە نەک خەڵکی تەواوی کانادا. جێگای سەرنجە کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەم وەڵامی خەڵکی سکۆتلەند و هەم خەڵکی "کێبێک" بۆ ڕێفراندۆمی جیابوونەوە "نا" بووە و ئەوان پێیان باشتر بووە کە لە چوارچێوەی یەکیەتییەکی گەورەتر، بەڵام ئازاددا بمێننەوە، ئەمە واقیعی دێموکراسییەکی گشتگیرە کە لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە.

ئەمجۆرە دێموکراسییە دەبێتە هۆی یەکیەتی و ئەوەی سووتەمەنیی جیابوونەوە دەدات دیکتاتۆرییەت و بیرۆکەی توندڕەوانەیە. کاتێک دێموکراسی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی کەمینەکان دامەزرا، چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی بیرکردنەوە و، کاتێک بیروبۆچوونی جیاواز دەرفەتی دەربڕینی خۆیان بۆ ڕەخساوە، بە دڵنیاییەوە ناعەقڵانییە کەسێک تەنانەت بیر لە جیابوونەوەش بکاتەوە.

ئێستا، ڕەنگە ئەم پرسیارە سەرهەڵبدات، کە بەمجۆرە دەبێتە ئاژاوە و هەموو کەسێک شتێکی جیاوازی دەوێت؟ لە بەرامبەردا دەبێ بگوترێ ئەم ماف و ئازادیانە بریتین لە زنجیرەیەک مافی دیاریکراوی سەرەتایی وەک ئازادیی پۆشین، ئازادی دەربڕینی بیروڕا، ئازادی ئایین و پەروەردە، خوێندن بە زمانی دایکی و... . با ئەوەش بگوترێ هەموو ئەم مافە سەرەتاییانەش تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێگری لە ئازادی کەس یان کەسانی تر نەکەن، ڕێگەپێدراون. بێگومان ئێوە ناتوانن هاوکارەکانتان ناچار بکەن جگەرە نەکێشن، بەڵام ئەوانیش مافی جگەرەکێشانیان لە شوێنێکی گشتیدا نییە. ئەوەی کە کەسێک لە کوردستان بە زمانی کوردی یان لە ئازەربایجان بە زمانی تورکی دەخوێنێت، ڕێگری ناکات لە ئازادیی کەسێک کە لە ناوەندی ئێران دەژی.

ئێستا بەم پێناسە تایبەتەی دێموکراسی، با بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی لە سەرەتای باسەکەدا وروژاندمان. ئەگەر ڕۆژێک هەڵبژاردنێکی تەواو ئازاد ئەنجام بدرێت و دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە کۆماری ئیسلامی یان دەسەڵاتی پاشایەتی یان هەر حکومەتێکی تری نادێموکراسی بە هەر ناو و ناونیشانێک بێت و ئەم حکوومەتە نوێیە دان بە مافە ڕەواکانی کەمینەدا نەنێت، بە دڵنیاییەوە کەمینەکان گوێڕایەڵی نابن. هیچ دەنگێکی زۆرینە ناتوانێت مافی بنەڕەتی مرۆڤ پێشێل بکا. مافی مرۆڤ شتێکە لە دەرەوەی ئازادی و هەڵبژاردن، مۆدێلی حکوومەت هەرچییەک بێت، لەخۆیدا هیچ گرنگییەکی نییە، جۆری حکومەتەکە ئەوکاتە گرینگ دەبێت کە لەسەر بنەمای مافە بنەڕەتی و مرۆییەکانی هەموو دانیشتووانی ناوچەیەکی جوغرافی دامەزرێت. بۆیە پێویستە بگوترێ دەنگی زۆرینە بەبێ ڕێزگرتن لەو مافە بنەڕەتییانە شتێکی جیاواز نییە لە دیکتاتۆرییەتێک کە لەسەر بنەمای زۆرینەی دەنگ دامەزراوە.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی پێشمەرگە

## لە پێوەندی لەگەڵ کۆچی دوایی کاک ئیدریس هۆرمۆزی

ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕایدەگەیەنێ کە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ دووشەممە، ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی، هاوڕێی تێکۆشەر و کۆڵنەدەری ڕێگای سەربەستیی کوردستان، کاک ئیدریس هۆرمۆزی، بەرپرسی مەڵبەندی ١ی کوردستان بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەمانەوە.

کاک ئیدریس هۆرمۆزی، کوڕی مستەفا، خەڵکی پیرانشار، لەدایکبووی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی بوو. خوێندنی سەرەتایی تا دووهەمی دەبیرستان لەو شارەدا درێژە پێ دا و ساڵی ١٣٦٩ پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت. ساڵی ١٣٧٢ بەهۆی هەست بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بە گەل و نیشتمانەکەی پەیوەست بە ڕیزی ئاشکرای حیزبی دێموکراتەوە بوو، و وەک پێشمەرگە لە مەڵبەندی سپیسەنگ لە هێزی قەندیل سازمان درا.

کاک ئیدریس هۆرمۆزی ساڵی ١٣٧٨ لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم، لە گوندی "قەڵاتە"ی مەنگوڕایەتیی پیرانشار هاوڕێ لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بە برینداری بەدیل گیرا و لە بەندیخانەکانی ورمێ و "ڕەجایی شار"ی کەرەج بەند کرا. ئەوان کە هەر کام حوکمی ٢٠ ساڵ بەندکرانیان بەسەردا دەسەپێ، دوای پێنج ساڵ مانەوە لە زیندان، خۆیان دەرباز کرد و ساڵی ١٣٨٣ گەڕانەوە نێو ڕیزەکانی حیزب.

کاک ئیدریسی دەروەست و تێکۆشەر لەماوەی ژیانی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا چەندین بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری خراوەتە سەر شان و بەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتییەوە سەرکەوتووانە ئەرکەکانی بەئەنجام گەیاندوون کە دوایین بەرپرسایەتیی کاک ئیدریس، بەرپرسایەتیی مەڵبەندی ١ی کوردستان بوو.

کاک ئیدریس هۆرمۆزی وەک کادرێکی لێهاتوو و بەوەج و تێکۆشەر و بەهەڵویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەردەم ئامادەی بەڕێوەبردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبەکەی بوو، و تا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی حیزبەکەی مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە شەهیدبوونی کاک ئیدریس هۆرمۆزی تێکۆشەرێکی لێبڕاو و لێهاتوویان لەدەست دا.

سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک ئیدریس هۆرمۆزییەوە ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری ئەو نەمرە و سەرجەم هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دەکات.

ڕۆحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.




**ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**١٧ی ڕێبەندانی ١٤٠١**

# وێستگە

## زارای نیشتمان
## ئەو ژنەی ڕێژیمی بەچۆک داهێنا

**ئاسۆ مینبەری**

ڕۆژی هەینی، ٢١ی ڕێبەندان و ڕێک ڕۆژێک پێش لە بەڕێوەچوونی ڕێپێوانە گاڵتەجاڕییەکەی ڕێژیم بۆ ٢٢ی ڕێبەندان، زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردی لە زیندانی سنە دەر کرا! ئەم دەرکرانە پاش ئەوە بوو کە خامنەیی جەلاد بە دەرکردنی بڕیارێک، لێخۆشبوونی بۆ زیندانیان ڕاگەیاند و ویستی وای پێشان بدات کە سەرەڕای ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵک و دژایەتییان لەگەڵ سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ ئەوە ئەوە لە ئاست خەڵکدا وا دڵی گەورەیە و لەبیری دەکات کە چۆن لە شەقامەکاندا دژی خۆی و دەسەڵاتە نگریسەکەی دروشمی نەمانیان دەدا!

زارا پاش دەرکرانی لە زیندانی سنە، بەپەلە و لەوپەڕی بوێریدا گرتە ڤیدیۆیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا ئاماژەی بەوە کرد کە خۆی و پارێزەرەکەی بە هیچ شێوازێک داوای لێخۆشبوونیان نەکردووە و لە ماوەی ٥ خولەکدا بەبێ ئاگاداریی بنەماڵە و هاوڕێیانی و بەبێ ئەوەی ئیزن بدرێت تەنانەت کەلوپەلەکەی کۆ بکاتەوە، لە زیندان دەر کراوە.

زارا محەممەدی ڕۆژی ٢٧ی ڕێبەندانی ٩٨دا، لە لقی ١ی دادگای شۆڕشی سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر "سەعیدی" حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا، دواتر حوکمەکەی زارا لە لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی سنە، بە سەرۆکایەتیی دادوەر "مستەفا تەیاری"، بۆ پێنج ساڵ زیندانی تەعزیری گۆڕدرا. زارا ڕۆژی دووشەممە ١٨ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٠ لەنێو ئاپۆڕای بنەماڵە و هاوڕێیانیدا چووە بەردەم دادگوستەریی سنە و لەوێوە بەڕێی گرتووخانە کرا.

بە سەرنجدانێکی زۆر سادەی دۆسییەکەی زارا، دەردەکەوێ حوکمی داسەپاو بەسەریدا چەندە ناڕەوا بوو، بەڵام گرینگ خۆڕاگری و بەرخودانێک بوو کە لە زارا دیتمان، بەرخودانێک کە لە کاتێکی زۆر کەمدا وای کرد زارا لای خەڵکی کوردستان بە زارای نیشتمان ناوبانگ دەر بکات و لە ساڵی ٢٠٢٢دا، بچێتە ڕیزی ١٠٠ ژنی کاریگەری جیهانەوە!

ڕێژیم پێی وابوو بە دەسبەسەرکردنی چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی و سەپاندنی حوکمی قورس بە سەریاندا لە چالاکی و تێکۆشان پاشگەزیان دەکاتەوە و دەتوانێ زیندان بکاتە شوێنێک ترس بخاتە دڵیانەوە تا بە پارێزەوە درێژە بە تێکۆشان بدەن نەکا ڕۆژێک ڕێیان بکەوێتە زیندانە ترسناکەکانی ڕێژیمەوە، یان دەنا نەتوانن چیدیکە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. بەڵام بە پێچەوانە کەسێکی وەکوو زارا لەنێوان توێژی ژنانی سەرکوتکراوی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەرکەوت، زارایەک کە لە قۆناغی خوێندکاربوونیشیدا و لە زانکۆدا کە بەردەوام چاوی حەراسەت و کۆمیتە ئینزباتی بەسەر خوێندکارانەوەیە، بەرەوڕووی بیری دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەبووەوە و وەک کچێکی ئازا و بوێر هیچکات ملکەچی بڕیارەکانیان نەبوو، ئەمجارەیان بە هاتنە نێو ڕووبەرێکی گەورەتری کۆمەڵگەی کۆلۆنیکراوی کوردستان و بە وانەوتنەوە بە منداڵانێک کە بە حەز و خولیاوە لە سەر پۆلەکانی وانەوتنەوەکەی دادەنیشتن و لەگەڵ زارای مامۆستایان سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی"یان دەوتەوە، هەوڵی دا زیاتر لە پێشوو چالاکییەکانی بەربڵاو بکاتەوە.

ئەوانەی کە لە بواری زمان و فەرهەنگی کوردیدا لە ڕۆژهەڵات چالاکییان کردووە دەزانن کە ڕێژیم چەندە لە پەرەسەندنی ئەم چالاکییانە دەترسێت، چونکە زمان یەکێک لە پێوەرە گرینگەکانی مانەوەی نەتەوەیە و کاتێک حەشیمەتێکی زۆر ڕوو لە پۆلەکانی خوێندن بە زمانی دایکی دەکەن، بێگومان بیری نەتەوەدۆستی و هەوڵدان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی لە مێشکیاندا چەکەرە دەکات و هەنگاو بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەیان هەڵ دەگرن، بۆیە ڕێژیم زۆر بە ترسەوە چاوی لە پۆلەکانی وانەوتنەوەی کوردی دەکرد و ویستی بە دەسبەسەرکردنی زارا و سەپاندنی حوکمی ناڕەوای زیندان بە سەریدا کە وانە وتنەوە بە منداڵانی کوردستان پاشگەزی بکاتەوە.

لە ڕاستیدا یەکەم هەنگاوی زارا بۆ خۆڕادەستکردنی بە ناوەندە ئەمنییەتییەکان و سەربەرزانە ڕۆیشتن بۆ زیندانی ڕێژیم لەسەر ڕاستییەک کە وەکوو مافی بێ ئەملاوئەولای خۆی و نەتەوەکەی سەیری دەکرد و دواتریش بڵاوکردنەوەی خێرای ڤیدیۆیەک بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لە دەرکرانی لە زیندان، هەموو پیلانەکانی ڕێژیمی تێک شکاند!

ڕێژیم پێی وابوو بە دەرکردنی خێرای زارا لە زیندان، دەتوانێ ناو و خەبات و بەرخودانی زارا لە نێو جەماوەری کوردستاندا خەوشدار بکات و بڵێ ئەوە قارەمانەکەتان! داوای لێخۆشبوونی لە ڕێبەری نیزامەکەمان کردووە و ئێستاش ئازاد کراوە! پێیان وابوو زارا پاش ساڵێک هاتنەدەرەوە لە زیندان دەستخۆشییان لێ دەکات و بۆ لەمەوبەدوا ملکەچی بڕیارەکانیان دەبێ، نەیانزانی کە زارا وەک خۆی لە یەکەم ڕۆژی ڕادەستکردنەوەی بە زیندان گوتی "بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ، قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە" بە هەموو هێزیەوە هیممەتی کردووە کە بەرەنگاری ستەمەکانیان ببێتەوە، بۆیە زارا لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ زیندانیبوونیدا، بێگومان زیندانی کردە قوتابخانە بۆ ئەوەی بتوانێ بەهێزتر لە جاران، هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خۆی و نەتەوەکەی هەڵ بگرێت.

زارا، کچی نیشتمانێکە کە ڕێز لە ژنبوونی کەسانێک وەک زارا دەگرێت؛ زیاتر لە ٥ مانگە کوردستان خرۆشاوە تا داوای مافی خۆی و کچەکانی وەک زارا محەممەدی و ژینا ئەمینی و زەینەب جەلالیان بکات، وەک زارا لە کاتی دەرکرانی لە زینداندا گوتی ، تا چرای ئێمە نەسووتێ ئێوە هەرگیز ڕووناکایی نابینن بە چاوی خۆتان، زاراکان ئەو چرایانەن کە نابێ بهێڵین هیچ پیلانێکی دوژمن، ڕووناکاییان کەم بکاتەوە، بوون و بەردەوامبوونی زاراکان، هێز و وزە بە هەمووومان دەبەخشێ و چۆک بە دەژمن دا دەدا، هەروا کە زارای نیشتمان توانی ڕێژیمی ئاخوندەکان و زیندانەکەیان بەچۆک دابێنێ.

# تۆ دەجووڵێی، ئەوان وەدوات دەکەون

## (ئاشکراکردنی سیستەمی گوێهەڵخستنی یاسایی موبایل لە ئێران)

کەماڵ حەسەنپوور

**پێشەکی**

وەک دەزانین بە سەردەمی ئێمە دەڵێن سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاری. لەو سەردەمەدا کەلکوەرگرتن لە ئینتەرنێت، تەلەفۆنی مۆبایل و پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیالمیدیا بوونە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ. ئەگەر بڵێین دەستڕاگەیشتن بەو خزمەتگوزارییانە بەشێک لە مافەکانی مرۆڤن، شتێکی دوور لە ڕاستیمان نەگوتووە. دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە ئینتەرنێت و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندییەکانی موبایل بە شێوەیەک کە هەرێمی تاکەکەسیی بەکارهێنەران پارێزراو بێ، پەیوەندیی ڕاستەخۆیان بە ئازادیی بیروڕاوە هەیە کە یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤە.

لە کاتێکدا کە سیستەمە ئازاد و دێموکراتیکەکان هەوڵ دەدەن لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی سەرهێڵ بۆ خەڵکی وڵاتەکەیان، پارێزگاری لە هەرێمی تاکەکەسیی بەکارهێنەرانیش بکەن. لە زۆر وڵاتی دێموکراتیکدا جگە لەوانە، بودجەی تایبەتی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەواڵ و زانیاریی چەواشەکارانە، کە لە هێندێک لاوە بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵکی ئەو وڵاتە بەڕێوە دەچن، تەرخان دەکرێ. بەپێچەوانە لە وڵاتانی دیکتاتۆر و یەکێک لەوان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، نەتەنیا دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی سەرهێڵ ئاسانکاریی بۆ ناکرێ، بەڵکوو بە زۆر شێوە سنووردار دەکرێ و پێشی پێ دەگیرێت. هاوکات بودجەی تایبەتی بۆ چەواشەکردنی ڕووداوەکان تەرخان دەکرێ تا بیروڕای جەماوەریی بەلاڕێدا ببەن، لەو خزمەتگوزارییە کەمەشدا کە پێشکەش دەکرێ، ئەوەی لەلای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گرینگ نییە، هەرێمی تاکە کەسیی بەکارهێنەرانی ئەو خزمەتگوزارییانەیە. بێجگە لە سیخوڕی و گوێهەڵخستن، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدایە تا هەرکات پێی خۆش بێ دەستڕاگەیشتنی تاک یان جەماوەر بە ئینتەرنێت، خزمەتگوزارییەکانی سیستەمی پەیوەندیی موبایل و پلاتفۆرمەکانی سۆشیالمێدیا بپچڕێنێ یان سنوورداریان بکات.

لە کاتی سەرهەڵدانە جەماوەرییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا و هەروەها لە شۆڕشی هەنووکەی ژیناشدا، کۆماری ئیسلامی هێندێک جار هێڵی ئینتەرنێتی بەتەواوی پچڕاندووە یان تا ڕادەیەکی زۆر سنوورداری کردووە، باسی سانسۆڕیش ناکەین کە هەمیشە بەڕێوە چووە و دەچێت.

ئەو وتارە کورتکراوەی ڕاپۆرتێکە کە سیتیزێن لاب (Cityzen lab)، تاقیگایەکی سەر بە زانستگای تۆرۆنتۆی کانادا بۆ توێژینەوە و گەشەپێدانی سیاسەتی ستراتێژیک لە ئاستی باڵادا بۆ تێوەگلانی یاسایی لە یەکبڕینی تەکنەلۆژیاکانی زانیاریی، پەیوەندیی و هەروەها مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی جیهانییە، بڵاوی کردۆتەوە. وتارەکە پشت بە ڕێژەیەکی زۆر بەڵگەنامە دەبەستێ کە سەرچاوەیەکی نهێنی بۆ ڕێکخراوی هەواڵی سەرهێڵی ئینتەرسێپتی ناردووە و ئەوانیش لەگەڵ سیتیزێن لاب بەشیان کردووە. لە وتارەکەدا باس لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵی پەیوەندیی موبایل و ئینتەرنێت و هەروەها سیخوڕیی و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرجەم تاکی ئێرانی کە کەلک لە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیی موبایل وەردەگرن کراوە. ئەگەرچی ئەو پرۆژەیە هێشتا بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە بەڵام بەشێکی هەر ئێستا جێبەجێ کراوە و بێتوو ڕێژیم لەو پرۆژەیەدا سەرکەوێ، ئەو وڵاتە یەکێک لە داخراوترین وڵاتان لە ڕوانگەی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت و زانیاریی سەرهێڵ دەبێ.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕێژیمی ئێران، توندوتیژیی بەردەوام دژی مافەکانی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانە، ئازادیی ئایینی و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە. کۆماری ئیسلامی بۆ سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی ڕێکاری جیاوازی بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی گۆڕەپانی دیجیتال هەڵبژاردووە، لەناویاندا گوێهەڵخستنی سەرهێڵ، سانسۆڕ، سیخوڕیی سایبەری و یاسای کۆنترۆڵکردنی زانیاریی پەسەند کردوون و هەوڵ دەدا ببێتە پۆلیسی گوتاری سەرهێڵ.

ئێران لە مەزەندەکردنی ئاستی ئازادیی چاپەمەنیدا لە ساڵی ٢٠٢٢، لە نێوان ١٨٠ وڵاتدا پلەی ١٧٨ی وەدەست هێنا و لە مەزەندەکردنی ئازادیی ئینتەرنێتدا وەک وڵاتێکی "گەلێک سنووردار کراو" سەیر دەکرێ. ئەو ڕێژیمە کەلک لە ژمارەیەک ڕێوشوێنی پێشکەوتووی کۆنترۆڵکردنی زانیاریی بە مەبەستی کارتێکەری لەسەر و بەربەستدانان بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، فۆرمدان بە نێوەڕۆکی سەرهێڵ و دامرکاندنی نارەزایەتی وەردەگرێ. یەکێک لە گرینگترینی ئەو ڕێوشوێنانە ڕایەڵەی زانیاریی نەتەوەییە کە بە ناوی "ئینتەرنێتی حەڵاڵ" ناسراوە و وەها نیشان دەدرێ کە گوایە بە مەبەستی باشترکردنی پانتایی ئینتەرنێت، بەرفراوانکردنی ڕووبەری ناوچەی خاوەن ئینتەرنێت، پارێزگاری لە ئاسایشی زانیاریی و پێشگرتن بە گوێهەڵخستنی ناودەوڵەتی دامەزرێندراوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەکارهێنەران لەژێر چاودێریی بەردەوامدان و ئامانج لەوە پێشگرتن بە بەشێک لە نێوەڕۆک و فیلتەرکردنە. بەگوێرەی ناوەندی ئازادیی سەرهێڵ، کاربەدەستانی ئێران توانایی ئەوەیان هەیە لە ماوەی چەند کاتژمێردا دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕان نەهێڵن.

یاسای تازەپەسەندکراو، بە تایبەتی یاسای پارێزگاری لە بەکارهێنەران، دەتوانێ ئێران بەتەواوی لە ڕوانگەی دیجیتاڵییەوە تەریک بخاتەوە. بەگوێرەی ئەو یاسایە کۆنترۆڵی دەروازەکانی ئینتەرنێت (Internet Gateway) لە ئێران دەکەوێتە دەست هێزە ئەمنییەتییەکان، دابینکارانی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی بیانی ناچار بە ملکەچ بوون بۆ یاساکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێن و کەڵکوەرگرتن لە vpn لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە مەبەستی دەورلێدانەوەی سانسۆڕ بە تاوان دێتە ئەژمار. وەک بەشێک لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، دەوڵەت کەلک لە شێوازی پشکنینی قووڵی پاکەتان بۆ دیتنەوە و لەکارخستنی پەیوەندیی بە vpn وەردەگرێ.

کاربەدەستانی ئێرانی بە شێوەی ستراتێژیک کەلک لە پچڕاندنی هێڵی ئینتەرنێت لە کاتی هەڵبژاردنەکان و نارەزایەتیی جەماوەریی وەردەگرن، ئەوان هەروەها زۆرجار خزمەتگوزارییەکانی سێ کۆمپانیای سەرەکی دابینکردنی پەیوەندیی موبایل واتە "ایرانسل"، "رایتل" و "همراه اول"یان وەستاندووە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی سیتیزێن لاب لەو بەڵگەنامە و ئیمەیلانەی لەبەر دەستیاندا بوون، چوار کۆمپانیا و ناوەند لە پرۆژەی سیخوڕیی و کۆنترۆڵی پەیوەندییە سەرهێڵەکانی بەکارهێنەرانی ئێرانی بەشدارن کە بریتین لە:


– ئاریانتێل (Ariantel) ئۆپەراتۆرێکی ڕایەڵەی مەجازی موبایلە لە ئێران.

– تێلینسۆل (Telinsol) کۆمپانیایەکی بریتانیایی ڕاوێژکاری پەیوەندیی ساتەلایتی کە بە نوێنەرایەتیی ئاریانتێل مامەڵەی بازرگانیی لەگەڵ هێندێک کۆمپانیای ناودەوڵەتی کردووە.

– پرۆتەی (PROTEI) فرۆشیارێکی ناودەوڵەتیی سیستەمی پەیوەندییەکانە کە لە ڕووسیە دامەزراوە و لەلایەن ئاریانتێلەوە بۆ دابینکردنی پێکهاتە سەرەکییەکانی تۆڕ وەک ئامێری ناسینەوەی ڕەسەنایەتی بەکارهێنەر، بەڕێوەبەریی داتا، پشکنینی قووڵی پاکەت، گەیاندنی کورتەپەیام و ئاماژەدانی تۆڕی موبایل، هەڵبژێردراوە.

– پۆرتا وان (PortaOne) کۆمپانیایەکی کانادایی و فرۆشیاری سیستەمی پشتگیریی سیستەمی موبایلە و وەک لە بەڵگەنامەکان دەردەکەوێ لە لایەن ئاریانتێل وەک دابینکەری دروستکردنی ئەژماری موبایل، دابینکردنی خزمەتگوزاریی، سیستەمی وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزارییەکە و جێگیر کردنی تایبەتی لەگەڵ سیستەمی چاودێریی یاسایی ئێران، هەڵبژێردراوە.

– دەسەڵاتی تۆمارکردنی پەیوەندییەکانی ئێران دامودەزگای ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئێرانە کە ئەرکی جێبەجێکردنی دەسەڵاتە حکوومییەکان، چاودێریکردن و دەسەڵاتە جێبەجێکارەکەی وەزارەتی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکانی لە ئەستۆیە.




وردەکارییە تەکنیکییەکانی نێو بەڵگەنامەکان، تیشکی نوێ دەخەنە سەر ئاستی پێشکەوتوویی ئەو ئامرازانە کە کاربەدەستانی ئێران بەتەمان بە یارمەتیی ئەوان ئۆپەراسیۆنی چاودێری و کۆنترۆڵی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی و پەیوەندییەکانی موبایل دەستەبەر بکەن. نەرمەواڵە و خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی فرۆشیاران ڕێگا بە دەسەڵاتی تۆمارکردنی پەیوەندییەکانی ئێران دەدەن تا ئەی پی ئای (API) تایبەتی لە ناو ئامێرەکانی ئۆپەراتۆرەکانی پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتدا کە بۆ وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزاریی، چالاککردنی خزمەتگوزاریی و ئەرکەکانی بەڕێوەبردن کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، جێگیر بکات. یەکێک لەو ئەی پی ئایانە ناوی "سیام"ــە کە بۆ شوێنهەڵگرتن و کۆنترۆڵی تەلەفۆنی موبایل کەلکی لێ وەردەگیرێت.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکان سیستەمی چاودێریی یاسایی لە چەند بەش پێک هاتوون کە لە سەرانسەری ئێران کاریان پێ دەکرێ و بریتین لە:

١- سیستەمی چاودێریی یاسایی. ئەو بەشە بۆ چالاکیی کۆنترۆڵ و چاودێریی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەو سیستەمە زانیاریی لە بارەی کەلکوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەک لەلایەن بەکارهێنەری موبایل کۆ دەکاتەوە و دەتوانێ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکە لەکار بخات یان دەستکاریی بکات. سیستەمی چاودێریی یاسایی دەتوانێ داوای تۆماری بەکارهێنانی ورد بکات و خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان لەکار بخات. بۆ ئەو کارە ئەی پی ئای سیام لە لای سەرجەم دابینکارانی خزمەتگوزاریی موبایل لە ئێران جێگیر کراوە.

٢- سیستەمی کۆنترۆڵی ئامێری نایاسایی. ئەو بەشە بۆ ئاگادارکردنەوەی سیستەمی چاودێریی یاسایی لە ئاڵوگۆڕەکانی پرۆفایلی خزمەتگوزاریی سیمکارتی بەکارهێنەر کەلکی لێ وەردەگیرێ. سیستەمی کۆنترۆڵی ئامێری نایاسایی، سیستەمی چاودێریی یاسایی لە دۆخی هەنووکەیی سیم کارتی چالاک کە بە ناوی بەکارهێنەرێک تۆمار کراوە یان خەریکی تۆمار کردنە ئاگادار دەکاتەوە.

٣- سیستەمی شاهکار. کۆگایەکی داتایە کە زانیاریی لەسەر سەرجەم بەکارهێنەرانی موبایل لە ئێران بۆ پشکنینی "ڕەوایی بەکارهێنەر" کۆ دەکاتەوە و بێتوو سیستەمی چاودێریی یاسایی بڕیار لەسەر نارەوایی هەوڵەکە بدا، پێش بە هەر هەوڵێکی تۆمار کردن [هی بەکار هێنەر] دەگرێ. ئامانجی سیستەمی شاهکار ئاگادارکردنەوەی سیستەمی چاودێریی یاساییە لە هەوڵی بەکارهێنەران بۆ گواستنەوە بۆ پێشکەشکارێکی دیکەی خزمەتگوزاریی [ئۆپەراتۆر]، گۆڕینی زانیاریی ئابوونەکەیان یان گۆڕینی ژمارە تەلەفۆنەکەیان. شاهکار پێش بە بەکارهێنەران دەگرێ ئەژماری موبایلی نوێ لە پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی دیکە وەرگرن. بەتایبەتی، لە بەڵگەنامەکاندا ئاماژە بە نموونەیەک کراوە کە لەویدا هەوڵی تۆمار کردن دراوە: "شاهکار لەو زانیارییەی بۆی نێردراوە دەکۆڵێتەوە و دەبینێ بەکارهێنەر لە لای پێشکارێکی دیکە تۆمار کراوە، بۆیە تۆمار کردنەکە قەدەغە دەکرێ." ئەو شیکردنەوە ئەوە دەگەیەنێ کە ئێران بڕیاریداوە هەر بەکارهێنەرێک یەک سیم کارتی هەبێ تا ئاسانکاریی بۆ ئۆپەراسیۆنی چاودێرییەکەی بکات. ئەوە بە سیستەمی چاودێریی یاسایی ئەو توانایە دەبەخشێ تا دەستبەجێ داوای ئەژمارێکی موبایل لە لایەن بەکارهێنەرێک یان ئاڵوگۆڕ لە هەژماری هەنووکەیی ئەودا هەڵوەشێنێتەوە.

٤- شەمسا. ئەو بەشە وەک ڕووکارێک بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، کورتەپەیام، وردەکاریی پەیوەندییەکان و وردەکاریی داتای پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت، کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

جێگای ئاماژەیە کە ئەو سیستەمەی خزمەتگوزاریی یاسایی کە لە بەڵگەنامەکاندا باسی دەکرێ تا ڕادەیەکی زۆر لە ستانداردە یاساییەکانی چاودێریی، گەشەپێدراو لەلایەن تاقمە کارییەکانی ٣ جی پی پی (3gpp) و کۆمیتەکانی ستانداردی ئێتسی (ETSI) جیاوازە.

### دۆزینەوە سەرەکییەکان

ڕێساکانی دەسەڵاتی تۆمار کردنی پەیوەندییەکان لە ئێران دەڵێن سەرجەم ئۆپەراتۆرەکانی پەیوەندیی موبایل لە ئێران دەبێ دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە سیستەمەکەیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزارییەکان لە بەکارهێنەران، بدەن بەو ناوەندە. بە ئاماژە بە پێناسەی بەرینی "گوێهەڵخستنی یاسایی" لە لایەن خۆیانەوە، ئەو ناوەندە بەتەمای کەلکوەرگرتن لە سیستەمی پێشکەوتوویە بۆ پاشەکەوتکردنی زانیاریی بەکارهێنەران، ڕێگاپێدان یان ڕەتکردنەوەی دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەر بە خزمەتگوزارییەکانی موبایل و، سەیر کردنی مێژووی کەڵکوەرگرتنی دەنگیی، کورتەپەیام و داتا.

سیستەمی چاودێریی یاسایی دەسەڵاتی تۆمار کردنی پەیوەندییەکان، بۆ جێگیرکردنی ڕاستەخۆ لە ناو سیستەمی کارپێکردنی ئۆپەراتۆرەکاندا کەڵک لە ئەی پی ئای وەردەگرێ تا بتوانێ زانیاریی ورد لەسەر خزمەتگوزاریی کەڵک لێ وەرگیراو، ئاستی دابین کردنی خزمەتگوزاریی و مێژووی دانی تێچووی خزمەتگوزارییەکان، وەدەست بێنێ. هەر داوایەکی نوێ، کۆتاییهێنان و داوای ئاڵوگۆڕ لە سیم کارتی بەکارهێنەران دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە ئەی پی ئاییەکانی ئەو ناوەندە پەسەند بکرێ.

ئەو جۆرە سیستەمی پشتگیریکراو لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕایەڵەی موبایلی سەربەخۆ لە وڵاتێکدا لە ناو پیشەسازیی مودێڕنی پەیوەندیگرتنی موبایلدا لە ڕادەبەدەر دەگمەنە. بێتوو ئەوە بەو شێوەیەی لەو بەڵگەنامانەی ئێمە لێیان کۆڵیونەوە بەتەواوی جێبەجێ بکرێ، توانایی ئەوە بە دامودەستگای دەوڵەتی دەبەخشێ تا سەرجەم پەیوەندییە مۆبایلییەکانی خەڵکی ئێران، لە ناویاندا ئەوانەی ئالنگاریی بۆ ڕێژیم دروست دەکەن، ڕاستەوخۆ چاودێریی بکات، گوێهەڵخات، لادا، کەم بکاتەوە یان بە تەواوی بیپچڕێنێ.

بەڵگەنامەکان نیشان دەدەن کە کۆمپانیای ڕووسیەیی، بریتانیایی و کانادایی خەریکی گفتوگۆی بەربڵاون بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی بازرگانی و تەکنەلۆژیا بۆ پشتگیریی لە داواکانی گوێهەڵخستنی یاسایی ئێران بۆ چاودێریی، کۆنترۆڵی خزمەتگوزاری و بەڕێوەبرایەتی ئەژمار. لە کاتێکدا ئەو بەڵگەنامانەی ئێمە پێداچوونمان بۆ کردوون باسی جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتنانە ناکەن، دانوستانەکان لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکاندا مەودایەکی باشیان بڕیوە و وردەکاریی بەربڵاو لەمەڕ سیستەمی گوێهەڵخستنی ئێران و شێوەی خزمەتگوزاریی و ئەو تەکنەلۆژیایەی کە لە کەرتی تایبەتییەوە بۆ ئەو مەبەستە دەتوانن دابین بکرێن، لە خۆ دەگرن.

کوردستان
● ژمارە: ٨٤١
٣٠ی ڕێبەندانی ١٤٠١ _ ١٩ی فێورییەی ٢٠٢٣

# تیرێژەکانی گەلاوێژێک

## (بەبۆنەی سەدەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی د. عەلی گەلاوێژ)

**د. کامران ئەمین‌ئاوە**



**"کوڵی بۆ تۆڵە، خوێنی خاوێنم**
**بە شێعری خوێنین خۆم دەلاوێنم**
**تەم و تاریکی و خەم و هەژاری**
**بێ شک لادەچێ لە کوردەواری**
**بەکەیفی خۆمان دەگەین بە ئاوات**
**زامنی فەتحە حیزبی دێموکرات**
**بۆ حیزبەکەمان گیانمان فدا کەین**
**دەست دەینە دەست یێک، دەردمان دەوا کەین"**
***ئاگری(١)، جۆزەردانی ١٣٢٨***

کەم نین ئەو وڵاتانەی بەپێی ناوی کەسایەتییە بەناوبانگەکانیان پێناسە دەکرێن و ئەو کەسایەتییانە هۆی شانازیی و سەربەرزیی خەڵک و نەتەوەکانی خۆیانن. گەلی کوردیش دەتوانی شانازی بەوەی بکات کە سەرەڕای نەبوونی دەوڵەت و کەیانی خۆی و، هەبوونی گەلێک دوژمنی غەددار و حیلەکار خاوەن کەسایەتیی بەنرخ و بەرز لە بواری جۆراوجۆرە، و هەرکام لەوان لە پێناوی بەختەوەری و گەشەسەندی کۆمەڵگەی خۆیان تێکۆشاون و تەنانەت گیانی پاکی خۆیان فیدای گەل و نیشتمانیان کردووە.

یەکێک لەو کەسایەتییە گەورانەی گەلی کورد، زانای پایەبەرز دوکتور عەلی گەلاوێژە کە مامۆستا هەژار بەحەق وەکو "مەولانای ڕۆمی زەمانی شەمسی تەبریزی" پێناسەی دەکات. بە داخەوە ژیانی درێژخایەنی نزیک بە چوار دەیە لە تاراوگە، مانەوەی کورتخایەنی لە ئێرانی پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاویی و گیرانی و لە سێدارەدرانی لە زیندانی ئێڤینی تاران لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساند بتوانێ توانایی خۆی بخاتە خزمەتی وڵات و گەلەکەی خۆی و گەلی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانیتر بتوانن ناسیاوی تواناییەکانی لە بواری جۆراوجۆری زانستی، ئابووری، سیاسیی و شێعر و ئەدەبی کوردی بن و سوودی لێ وەربگرن. عەلی گەلاوێژێک کە بەرهەمە زانستییەکانی سەبارەت بە کوردستان بە زمانی تورکیی ئازەربایجانی و ڕووسی وەک سەرچاوەیەکی جێ‌متمانە لەلایەن زانایانی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی یەکیەتیی سۆڤییەتییەوە کەڵکی لێ وەردەگیرا و سەدان خوێندەواری سۆڤییەتیی کۆماری ئازەربایجان لە بواری زانستیدا لە پۆلی وانە گوتنەوەی ئەو پەروەردە ببوون و دەکرا لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا زانست و تواناییەکانی بخرێتە خزمەت گەڵ و نیشتمانەکەی، بە داخەوە بە دەستی نوێنەرانی نەزانی و خورافاتی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا.


کوردستان

یەکی ڕەشەمەی، ئەمساڵ بەرامبەرە لەگەڵ سەدەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی عەلی گەلاوێژ، کە ساڵی ١٣٠١ی هەتاویی لە گوندی ساروقامیش، لە ٣٠ کیلۆمێتری ڕۆژهەڵاتی شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر، ئازادیخواز و فەرهەنگدۆستی فەیزوڵڵابەگی لەدایک بوو.

نەمر دوکتور عەلی گەلاوێژ ڕێگایەکی پڕ لە هەوازونشێوی دوور و درێژی لە ژیانی پڕ لە ڕووداوی خۆی بڕی. ڕۆژگاری منداڵی و لاویەتیی ئاوێتەی ڕیزێک لە ڕووداوە گەورە و چارەنووسسازەکان لە ئاستی ئێران و جیهاندا بوو. گەلاوێژ شایەدی زیندووی زوڵم‌وزۆری حکوومەتی ڕەزاشا لە کوردستان، هاتنی هێزی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ ئێران و کوردستان، خۆبەدەستەوەدانی سپای شلوێقی ئێران، هەڵاتنی ژاندارمە سەرکوتکەرەکان لە کوردستان و، کرانەوەی فەزای سیاسی لە ناوچە ئازادکراوەکان، ڕاگەیاندنی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٤ و کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا، هەروەها سەرهەڵدانی هیوای بەرچاوی نەتەوەیەک بوو کە بۆ هەوەڵ جار تامی شیرینی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی دەچێشت. گەلاوێژی لاو شایەدی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی خۆی بە دوور لە حوکمی سەرنێزەی ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتیی ئێران بوو.

گەلاوێژ وەکوو یەکێک لە بەشدارانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سپای میللی کوردستاندا بە پلەی کاپیتانی گەیشت و لە یەکی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥ لەگەڵ گرووپێک لە لاوانی کورد بۆ خوێندن لە زانستگای سپایی چوو بۆ ئازەربایجانی سۆڤییەتی. دوای سەرکوتکرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان لە ئێران و لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی لە ١٠ خاکەلێوەی ١٣٢٦ لە چوارچرای مەهاباد، ناچار بوو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو، بولغارستان و ئاڵمانی دێموکراتیک بمێنێتەوە و سەفەری باکۆی پتر لە سێ دەیەی خایاند. بەڵام دووریی نیشتمان و یاد و بیرەوەریی قازی محەمەد و کۆماری ساوای کوردستان کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر تەواوی ژیانی سیاسی و فەرهەنگی گەلاوێژ دانا و، بوو بە هۆی خولقاندنی گەلێک شێعر و نووسراوەی بەکەڵکی زانستی و سیاسی بە زمانی کوردی، ڕووسی، تورکی ئازەربایجانی و فارسی لە دەرەوەی وڵات.

گەلاوێژ لە ساڵانی بوونی لە تاراوگە، وەکوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ساتێکیش نەتەوە و زێدی خۆی لەبیر نەکرد و لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و فەرهەنگی بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد و گەشەکردنی سیاسی و فەرهەنگی نەتەوەکەی هەوڵێکی زۆری دا.

ئەو یەکێک لە کارگێڕانی دەرکردنی نزیکەی ١٣٣٧ ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، بێژەری ڕادیۆ پەیکی ئێران، نووسەری کتێبی بە نرخی "پێوەندییە وەرزێڕییەکانی کوردستانی ئێرانی ئەمڕۆ، بە تورکی ئازەریی، باکۆ ١٩٥٥" و بە ڕووسی، باکۆ١٩٦٠، "پێوەندییە ئەرزییەکانی کوردستان: ڕووخانی سیستمی عەشیرەیی بە زمانی فارسی، تاران ١٣٦١"، هۆنراوەی زووحەیاتەین بە زمانی کوردی، بابەتی زۆر لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی کوردستان لە گۆڤاری "دنیا" و هتد بوو.

گەلاوێژ کە بە ئاواتی ئازادی و بەختەوەریی کوردستان و خەڵکەکەی بوو، بەم باوەڕە کە لە جیهانی دوو جەمسەریی سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا، ئارەزووە نەتەوەیی، ئینسانی و دادپەروەرەکانی لە سیستمێکی سۆسیالیستی وەدی دێ، وێڕای پاراستنی کارتی ئەندامیەتیی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و باوەڕی ڕاستەقینە بە مافی چارەی خۆ نووسینی نەتەوەکان، وەکوو کوردێکی دێموکرات پەیوەست بوو بە تەنیا حیزبی چەپی سەردەمی خۆی واتە حیزبی تودەی ئێران و لەم پێناوەدا خەریکی چالاکییەکی ڕاستەقینە و بەردەوام بۆ ناساندنی مافی ڕەوای گەلەکەی بوو.

ئاهەنگی دەنگ و قسەکانی لە بەشی کوردی ڕادیۆ پەیکی ئێران تەواوی کوردستانی تەنییەوە، هەتا ڕادەیەک خەڵکی کوردستان عینوانی "ئاغا دەنگ خۆشەکەیان" پێ دابوو و هەموو ڕۆژێ بە تامەزرۆییەوە لە شار و گوندەکانی کوردستان گوێیان بە قسەکانی گەلاوێژ دەدا کە بە ناو، خۆی نەناساندبوو. گەلاوێژ لە ساڵانی ژیانی لە تاراوگە درێژەی بە خوڵقاندنی بەرهەمی گەورەی زانستی، سیاسی و فەرهەنگی دا و بە دڵێکی پڕ لە هیوا لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٣٥٨ بۆ بەشداری لە ڕەوتی چاکسازیی وڵاتەکەی گەڕایەوە ئێران و، بوو بە بەرپرسی ڕێکخراوەی ئەیالەتیی حیزبی توودەی ئێران لە کوردستان.

مخابن ڕێبازی حیزبی توودەی ئێران پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ بە هۆکاری عەینی و زەینی نەیدەتوانێ ئاکامێکی باشی لێ بکەوێتەوە و سیاسەتی "یەکیەتی و ڕەخنەگرتن"ی ئەم حیزبە لە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئەنجامدا بە گیران و کوژرانی ڕێبەران و ئەندامانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ هات.

عەلی گەلاوێژ کە لە شیعرەکانیدا بەڵێنی گەڕانەوە بۆ نیشتمان و مردن لەوێی دابوو، پاش چەند دەیە خەبات، ئاوارەبوون و ژیانی تاراوگە، پاش گیرانی لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢ لە تاران لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سپای پاسداران و هەڵکردن لەگەڵ ساڵانی زیندان و ئەشکەنجەی زۆر سەخت و لە ڕادەبەدەر، لە کارەساتی کوشتاری بەکۆمەڵی خەرمانانی ١٣٦٧(١٩٨٨) لەگەڵ هەزاران شۆڕشگێر و خەباتکاری دیکەی ڕێگای ئازادی لە زیندانی ئێڤینی تاران لە سێدارە درا و چووە نێو ڕیزی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی.

نەتەوەی کورد لە مێژووی خۆیدا تووشی دەیان کارەساتی گەورە و بچووک بووە و هەزاران ڕۆڵەی خۆی پێشکەشی ئازادی و بەختەوەریی وڵاتەکەی کردووە. کەسایەتییەکانی کورد بەپێی دەرفەتی ژیان بە شوێن ئەوەوە بوون کە بە دیتنەوەی دۆستێکی جێ متمانە و بە بیروهزرێکی ئەمرۆیانە ڕێگایەک بۆ گەیشتنی وڵاتەکەیان بۆ ئازادی بدۆزنەوە. لە سەردەمی دووجەمسەریدا ڕۆڵەی کورد بەو باوەڕەی کە بیری سۆسیالیزم و پێکهاتنی وڵاتێکی سۆسیالیستی دەتوانێ تەنیا ڕێگای ئازادبوونی نیشتمانەکەی بێ، ڕووی لە حیزبە چەپەکان کرد. باشترین ڕۆڵەکانی کورد وەکو نەمران دوکتور قاسملوو، عەلی گەلاوێژ، کەریم حیسامی، مامۆستا هێمن، حەسەن قزڵجی، حەمەدەمین سێراجی، غەنی بلووریان، دوکتور جەعفەر شەفیعی، سەدیقی کەمانگەر، فوئاد سوڵتانی، حەمەدەمین شێرخانی، تەها پارسا و هەزاران سەربازی ونی کورد خۆیان لەم بەرەیدا دیتەوە و لەم پێناوەدا کوێرەوەری و زیانی زۆریان بینی، تەنانەت بەشێکیان وەک مامۆستا قزڵجی، گەلاوێژ و مینە شێرخانی لە زینداندا گیانیان بەختکرد یا وەک دوکتور قاسملوو و سەدیق کەمانگەر لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێرۆر کران یان بە هیوای گەیشتن بە ئاواتە لەمێژینەکانیان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات سەریان لە غەریبایەتی نایەوە.



**راوەستاوان لە ڕاستەوە:** کەریم ئەیووبی، ڕەحمان گەرمیانی، حەسەن حیسامی. **دانیشتووان لە ڕاستەوە:** عەلی گەلاوێژ، ڕەحیم قازی، مستەفا شەڵماشی

ئەرکی ڕووناکبیری کورد ئەوەیە بە دوور لە پاوانخوازی، دەمارگرژی و ڕۆمانتیزمی خەیاڵی، وێڕای پیرۆزڕاگرتنی یادی هەموو ئەو کەسایەتییانە کە بێ هیچ چاوەڕوانییەک باشترین سات و کاتی ژیانی خۆیان تەرخانی خزمەت بە گەلەکەیان کرد، مێژووی گەلەکەی و حیزب و کەسایەتییەکانی بە دروستی هەڵسەنگێنی و سوود لە ئەزمونی ئەوان وەربگرێ، تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ژیانی کەسایەتییەکان و بارودۆخ و توانایی ئەوان بە هەمان ئەو چەشنەی کە بووە لێک بداتەوە و ئاوات و چاوەڕوانییەکانی خۆی پێوەری لێکدانەوە و داوەری نەکات. مێژوو ئەوە نییە کە ئاواتی ئێمەیە، مێژوو ئەوەیە کە لە دنیای ڕاستەقینەدا ڕووی داوە و ئەگەر لە ڕەوتی خەباتدا کەس یان حیزبێک بۆ کورتخایەن تووشی هەڵەیەکی سیاسی بووبێ، ئەمە نابێ پێوەری هەڵسەنگاندنی تەواوی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و چاوپۆشی لە دەیان ساڵ خەباتی لەپێناوی ئازادی و بەختەوەریی نەتەوەکەی بێ. لە ژیانی ڕاستەقینەدا هیچ کەس و هیچ حیزبێک ناتوانێ ئیددیعای ئەوە بکات کە چالاکی، لێکدانەوە و پێشبینییەکانی هەمیشە ڕاست دەردەچن و تووشی خەتای گەورەو بچووک نابێ. ئەوەی کار دەکات تووشی هەڵەش دەبێ، بەڵام لەم ڕەوتەدا، گرنگ ئەوەیە، هێڵی سەرەکیی خەباتی ئەوان لە پێناو و لە خزمەتی گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئازادی، دێموکراسی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی کەیان و سەروەریی نەتەوەییدا بووبێ.

***

١) ئاگری نازناوی د. عەلی گەلاوێژە

---

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# هەر خامنەیی دەزانێت کێ کۆنەپەرەستە!

ئەوانەی باس لە گرانیی پێداویستیی خەڵک و بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار دەکەن، کۆنەپەرستن، کۆنەپەرست.

هێشتا ئەم خەڵکە گێژە یانی ئەو خەڵکەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی پێی‌وایە گێژن، مانای کۆنەپەرستی نازانن. نازانن کۆنەپەرستی یانی وابەستەبوون بە شتی کۆن و دژایەتی‌کردنی شتی نوێ و تازە.

عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی لەژێر کاریگەریی خۆپێشاندانی کۆنەپەرستانەی سێ‌چوارمانگ لەمەوبەری خەڵکی کۆنەپەرستی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا ناچار بوو بە مەبەستی حەسانەوە تریاکێکی زۆرتر بکێشێت. جەنابیان لەبەر ئەوەی ئەم ساڵ لە ساڵوەگەڕی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان تریاکێکی زۆری کێشابوو، هەتا سێ‌چوار ڕۆژ دواتر نەیتوانی پەیام و مەیامێک بەم بۆنەیەوە بڵاو بکاتەوە.

دوای ئەوەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان نەشئەیی ئەو کێشانەی بەسەر چوو، پەیامێکی زۆر ژیرانەی ڕوو بە خەڵکی کۆنەپەرستی ئێران بڵاوکردەوە. خامنەیی باسی ئەو کەسانەی کرد خۆیان بە سیاسی دەزانن و لەم دواییانەدا ڕەخنەیان لە گرانیی شتومەک گرتووە. ئەو داوا دەکات ئەوانەی خۆیان بە سیاسی دەزانن، نابێت ڕەخنە لە گرانی و دەستنەکەوتنی پێداویستییەکانی خەڵک بگرن و ئەو کەسانە بە "کۆنەپەرست" ناو برد. لە قامووسی سیاسیدا کۆنەپەرست بەو کەسانە دەگوترێت "دژی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی بنەماکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی یان پێوەندییە کۆمەڵاتی، ئابووری و سیاسیەکانن."

بۆ ئەوەی بە خوێنەر بسەلمێنین کۆماری ئیسلامی خاوەنی هەموو تایبەتمەنییەکانی پێشکەوتن‌خوازنەیە و هەموو تایبەتمەندییەکانی کۆنەپەرستبوون و دژی گۆڕانکاری و پێشکەوتن لای دژبەرانی ئەم پێکهاتە پیرۆزیی کۆماری ئیسلامییە، لە خوارەوە چەمکی کۆنەپەرستی زیاتر شی دەکەینەوە و بەکورتی باس لە دوو جۆری کۆنەپەرستیی مێژوویی و کۆنەپەرستیی سەردمیانە یان کۆنەپەرستیی هاوچەرخ دەکەین:

### کۆنەپەرستیی مێژوویی:

فڕێندانی لەچک و سەرپۆشی ژنان کارێکی زۆر کۆنەپەرستانەیە. کاتێک بمانهەوێت بەقووڵی باس لە کۆنەپەرستی بکەین، دەتوانین لایەنگرانی کۆنەپەرستی لە زۆر ڕوانگە و گۆشەنیگاوە بخەینە بەر باس. یەکێک لە جۆرە هەرە گرینگەکانی دابەشکردنی کۆنەپەرستی دابەشکردنی مێژووییە. لە مێژووی کۆندا پێش هاتنی ئیسلام و دینەکانی دیکە خەڵکی ئەو سەردم نەک هەر سەرپۆش و ڕووپووش بەڵکوو جلوبەرگی زۆر کەمیشیان لەبەر دابووە. بەڵگەی مێژوویی دەڵێن دوای ئەوەی مرۆڤ بەڕووتی هاتووەتە سەر گۆی زەوی، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە ڕووت و قووتی سووڕاوتەوە، سەرەتا پاش و پێشی خۆی داپۆشیوە. دواتر ژنان لە داخی پیاوان سینگ و یەک دوو شوێنی دیکەی دیکەشیان بە توێکڵەدار و گەڵای پان داپۆشیوە. دیارە لەو سەردەمەدا کەس بیری قژ داپۆشینی نەکردووەتەوە. ئەم کۆنەپەرستییە یانی دانەپۆشینی قژ و لامل و سەرووی سینگی ژنان ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە وڵاتانی دواکەوتووی ئورووپا و ئەمریکا و خۆرهەڵاتی ئاسیا بەردەوامە و تەنانەت لە چەند وڵاتی دوررووبەریش کەم‌تاکورتێک ڕەچاوی دەکەن و لە ئێرانی هەمیشە ئیسلامیی ئێمەش کۆمەڵک کۆنەپەرەست داوای ڕەچاوکردنی دەکەن و تەنانەت خۆیانی لەپێناودا بەکوشتن دەدەن. بۆیە ئاغای خامنەیی دوای ئەوەی تەزووی تریاک و مریاکەکە بەری دا بە بیری داهات بڵێت ئەوانەی باس لە لادانی حیجاب و میجاب دەکەن کۆنەپەرستن.

### کۆنەپەرستیی سەردەمیانە:

بۆ پێشاندانی دۆخی کۆنەپەرستیی سەردەمیانە، باسکردن لەم نرخی دۆلارە لە ئێران نموونە و وێنەیەکی زۆر بەردەست و بەرهەستە. ئەگەر دوور نەڕۆین هەر سی چل ساڵ بەر لە ئێستا نرخی دۆلارێکی ئەمریکا لە بازاڕی ئێران حەوت تومەن بوو. یک دۆلاری ئەمریکا بە ٧ دانە تاکە تومەن دەفرۆشرا، بەڵام ئێستا هاوکات لەگەڵ دەرفرتاندنی فەرمایشتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، یک دۆلاری ئەمریکا لە بازاڕی " سەوزە مەیدان"تاران یانی چەند چەند شەقام خوارتری شوێنی نیشتەجێبوونی خامنەیی بە ٤٧ هەزار ٥٠٠ تومەن فرۆشرا. یانی هەر دۆلارێکی ئێستا ٦٧٨٥ ئەوەندەی ئەوکات نرخی بەرز بووەتەوە. لێرەدا هیچ پێویست ناکات دژی فەرمایشتی خامنەیی بین. هەر لە تۆی خۆێنەر دەپرسم گێڕانەوەی دۆلاری پەنجا هەزار تومەنی بۆ نرخی حەوت تومەنەکەی سی‌چل ساڵ لەمەوبەر کۆنەپەرستی نییە. ئەدی کۆنەپەرستی بە چی دەڵێن؟

درنگانی شەوی ٢٧ی ڕێبەندانی ١٤٠١ خەریک بووین پنتی کۆتایی ئاخرین ڕستەی ئەم دێڕانە دابنێن، بەڵام کۆنەپەرستان جارێکی دیکە لە تاران، شیراز، ئیسفەهان، خوڕەم‌ئاوا، تەورێز، ڕەشت و چەندین شاری دیکە هاوار دەکەن "نه این وری نه آن وری "..." تو بیت رهبری". ئەمەشیان ئەوپەڕی کۆنەپەرستییە بەشێک لە ئەندامی لەشیان داوێنە نێو بنەماڵەی خامنەییەوە!



KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:841 19 February 2023

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# چەند دیدارێکی دیپلۆماتیکی وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە ئەمریکا







کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ سەردانێکی دیپلۆماتیک لە ئەمریکایە، لە ماوەی چەند ڕۆژدا لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی سیاسی، ئاکادمیک و دەزگاکانی توێژینەوە و ڕاگەیاندن کۆ بۆوە.

دواگۆڕانکارییەکانی شۆڕشی ژینا لە ئێران و کوردستان، پرسی زیندانیانیی سیاسی و پێشێلکردنی مافەکانیان و مەترسیی ئێعدام لەسەر بەشێک لەوان، هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ئەمنییەتی جیهانی، بەتایبەت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێگە و کاریگەریی حیزبی دێموکرات لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان و خواست و داواکانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران، پێویستیی پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت ئوورووپا و ئەمریکا لە شۆڕشی خەڵکی ئێران چەند تەوەرێکی باس و دانیشتنەکانی کاک خالید لەگەڵ ئەو نوێنەرانی ئەو شوێن و کەسایەتییانە بوون کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکرێت:

– دیدار لەگەڵ لەگەڵ خاتوو فیۆنا بروس، پارلمانتاری پێشووی بریتانیا و نێردەی تایبەتی سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە بۆ ئازادیی باوەڕ و ئایین و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ.

– چاوپێکەوتن لەگەڵ جان فیگەڵ، ئەندامی کۆمیساری یەکیەتیی ئوورووپا بۆ پەروەردە، ڕاهێنان، ڕۆشنبیری و لاوان و نوێنەری پێشووی یەکیەتیی ئوورووپا بۆ ئازادیی باوەڕ و ئایین.

– سەردانی دەزگای مێدیایی نیوزمەکس و کۆبوونەوە لەگەڵ جۆن گەزی، سەرۆکی تیمی ئەو

– دیدار لەگەڵ مایکڵ جەنکینس، سەرۆکی بڵاوکراوەی «واشنگتۆن تایمز».

– سەردانی ناوەندی هێرەتێجی واشنگتۆن و کۆبوونەوە لەگەڵ نیکۆڵ ڕوبینسۆن، لێکۆڵەری پلەبەرزی لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر بە پەیمانگای «دەیڤس» بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوە.

– کۆبوونەوە لەگەڵ براد داکوس، سەرۆکی ڕێکخراوی «زەریای هێمن» بۆ دادپەروەری.

– سەردانی ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ چەند لێکۆڵەری ئەو پەیمانگەیە.

## خالید عەزیزی:

# دەبێ ڕێژیمی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەر بکرێت



کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیدار لەگەڵ دوکتور کاترینا لانتۆس سویت، سەرۆکی دامەزراوەی لانتۆس بۆ مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری و هەروەها لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دوکتور کریستین سیکوێنزیا، هاوسەرۆکی هەڵمەتی مێزی دەورەیی لووتکەی ئازادیی ئایین بۆ نەهێشتنی یاساکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ داوای کرد ڕێژیمی ئێران لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان دەر بکرێت.

کاک خالید عەزیزی لەو دیدارانەدا تیشکی خستە سەر پرسەکانی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەهۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و، لەبارەی ڕەوتی بەردەوامی ڕەشبگیری چالاکانی سیاسی و ئایینیی کورد و مەترسیی لەسێداردانی بەشێک لەو بەندییە سیاسییانە بە بڕیاری دەسەڵاتدارانی تاران، زانیاریی پێشکەش کرد. وتەبێژی حیزب داوای لەو دوو کەسایەتییە کرد لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و قسەکردن لەگەڵ ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهان، گوشاری هەمەلایەنە بخەنە سەر ڕێژیمی ئێران تاکوو دەست لەو پێشێلکارییانە هەڵبگرێت و هەوڵ بدرێت ڕێژیمی ئێران لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان دەر بکرێت.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارانەدا پرسی پەنابەران و مەترسیی بەردەوامیی هێرشەکانی تاران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پێویستیی پێشگرتن بەو هێرشانە قسەیان لەسەر کرا. لە درێژەی دیدارەکەشدا دوو لایەن لەمەڕ چۆنیەتیی هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێک پرۆژە و کاری هاوبەش لە ئاستی ئەمریکا و جیهان، گرێدراو بە پرسەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

## کارەساتی سەدە

# کوژرانی ۴۶ هەزار کەس بەهۆی بوومەلەرزەیەکی سامناک

ئاماری قوربانییانی بومەلەزرەکەی باکوور و ڕۆژاوای کوردستان ٤٦ هەزار کەسی تێپەڕاند.


بەرپرسانی تورکیە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی سێشەممە ڕایانگەیاند، ژمارەی قوربانییانی بومەلەرزەکەی تورکیە کە زۆر لە ناوچەکانی باکووری کوردستانیشی گرتەوە، لە ٤٠ هەزار کەس تێپەڕیوە. بەرپرسانی سووریەش دەڵێن ئاماری کوژراوەکانی بوومەلەرزەکە لەو وڵاتە کە بەشێکی زۆری ڕۆژاوای کوردستانیشی گرتۆتەوە، لە ٦ هەزار کەس زیاترن.

ئەو بوومەلەرزەیە ڕۆژی ١٧ ڕێبەندان بە بەهێزیی ٧.٨ ڕیشتەر پانتاییەکی بەربڵاو لە دوو وڵاتی تورکیە و سووریەی گرتەوە و پاش دوو حەوتوو سەرەڕای بێهیوابوون لە ڕزگارکردن و دۆزینەوەی زیندووکان لەژێر داروپەردوودا، بەڵام هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی خەڵک هەروا بەردەوامە.

ئەم بوومەلەرزەیە بووەتە هۆی ئاوارەبوونی چەند میلیۆن کەس لەو دوو وڵاتە کە بەشێکی زۆریان هەتا ئێستاش بێ سەرپەنان و سەرەڕای یارمەتییە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی بیانی، خەڵکی لێقەوماوی دڵبریندار لەگەڵ سەرما و کەمیی خۆراک و دەرمان بەرەوڕوون و ڕۆژانێکی پڕسەخڵەتی بەڕێ دەکەن.

## بەر لە ماڵاوایی

# تەواویەتی ئەرزی و تەجزییەتەڵەبی وەک گوتاری بەئەمنییەتیکردن



ئارمان حوسێنی

بێگومان تا ئێستا ئەم دوو چەمکە واتە «تەجزییەتەڵەبی» و «تەواویەتی ئەرزی»مان لە زمان و وتارەکانی داکۆکیکارانی ویژمانی ئێرانشاری و کۆماری ئیسلامی بیستووە. چەمکگەلێک کە لە بەرانبەر مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین و دابینبوونی مافی نەتەوە بندەستەکان و باقی کۆمەڵ و گرووپەکانی ئێران بەردەوام وەکوو چەکێک کەڵکی لێ وەرگرتووە. کەوابوو هەرکات پرسی مافی نەتەوەکان و فرەنەتەوەبوونی ئێران هاتووەتە بەرباس، بە زەقکردنەوەی تۆمەتی «تەجزییەتەڵەبی» و «تەواویەتی ئەرزی» وڵامی خواستی ڕەوای ئەوان دراوەتەوە. بەڵام پرسیار ئەمەیە کە چەمکی «تەجزییەتەڵەب» و «تەواویەتی ئەرزی» بەرهەمی چ ویژمانێکە و بۆ لە ئاوەها تۆمەتگەلێک لە بەرامبەر خواستی ڕەوای نەتەوە بندەستەکان کەڵوەردەگرن؟

دەتوانین وڵامی ئەم پرسیارەمان لە «قوتابخانەی کۆپنهاگن» و گەڕانەوە بۆ چەمکی بەئەمنییەتیکردن Securitization ببینینەوە. قوتابخانەی کۆپنهاگن تا ئێستا بە وڵامە گونجاوەکانی خۆی توانیویەتی وڵامی زۆربەی پرسیارەکانی پێوەندیدار بە پرسی ئەمنییەت (نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی) بداتەوە.

پێش لەوەی بپەرژینە سەر پرسیارەکەمان پێویستە ئەم ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت کە چالاکانی ئەمنییەتیساز یان بەئەمنییەتیکەر کەس یا گرووپێکن کە بوونی پرسێک یان شتێک بە مەترسی دەزانن و بۆ ئەوەی پرسێک بە ئەمنییەتی بکرێت، دەبێت سنوورەکان و یاساکانی وڵاتێک وەلا بنێت یان لەژێر پێ بنێت. بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی پرسێک بەئەمنییەتی بکرێت پێویستە وا پێشان بدرێت کە ئەو پرسە بووەتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە کە بە شێوەیەکی ئاسایی یان لە ڕێگای سیاسییەوە چارەسەر نابێت و پێویستە ڕێگاچارەیەکی خێرا و نائاسایی بگیردرێتە بەر.

لە ئێران بۆ ئەوەی نەتەوەکان و داخوازییە نەتەوەییەکان بەئەمنییەتی بکەن هەوڵ دەدەن باسکردن لەو مافانە کە لە ڕاستیدا سیاسین وەک هەڕەشەیەکی هەبوو و ڕاستەقینە نیشان بدەن. هۆی ئەم بەئەمنییەتیکردنەش ئەوەیە کە کاتێک پرسێک وەکوو کێشەیەکی سیاسی بێتە ئەژمار، ناتوانن بە ئاسانی پشت گوێی بخەن و سەرکوتی بکەن، بەڵکوو پێویستە لە ڕێگای گفتوگۆ یان سیاسەتی ئاسایی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. بەڵام کاتێک پرسەکە بوو بە پرسێکی ئەمنییەتی، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت دژی بوەستێتەوە و بە پەنابردن بۆ هێزە چەکدارەکان سەرکوتی بکات و هەوڵی لەنێوبردنی بدات. لە ڕاستیدا لە ئێرانی سەردەمی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامیدا بەو جۆرە، واتە بە پەنابردن بۆ چەمکگەلێک وەک تەجزییەتەڵەبی و تەواوییەتی ئەرزی باسکردن لە مافە نەتەوەییەکانیان بەئەمنییەتی کردووە.

پرسی بەئەمنییەتیکردن لە ئێران بۆ سەردەمی سەپاندن و دامەزراندنی دەوڵەت – نەتەوە لە ئێران دەگەڕێتەوە. هاوبیرانی ڕەزا پاڵەوی بۆ ئەوەی پڕۆژەکەیان کە بریتی بوو لە ئێرانی یەک زمان، یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە سەر بکەوێ، هەوڵیان دا بە دروستکردنی قوتابخانە، زانکۆ و ناوەندیی فەرهەنگستانی زمانی فارسی و ڕێوشوێنە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی دیکە ئەم ئامانجە بێتە دی. ئامانجەکەش ڕوون و ئاشکرایە، بۆ ئەوەی ئێران بکرێت بە یەک نەتەوە و یەک زمانی هەبێ، دەبوو هەموو فێری زمانی فارسی بن و شوناسی خۆیان لەدەست بدەن و تێکەڵ بە شوناسی ساختەی دەسەڵات بن کە هیچ ڕەنگ و بۆنێکی نەتەوە نافارسەکانی تێدا بەدی نەدەکرا. بە وتەی مێژوونووسانی بیانی، گەر دەتانەوێ سەردانی کرماشان بکەن پێویستە وەرگێڕێکتان لەتەکا بێت لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان لە زمانی فارسی تێ ناگەن. بێگومان بۆ نەتەوەکانی دیکەیش هەروایە و لە زمانی فارسی تێ ناگەن و خاوەنی ناسنامە و زمانی نەتەوەیی خۆیانن.

بێجگە لە زمان کە ئاماژەمان پێکرد هەموو نەتەوەکان وەکوو نەتەوە بە هەموو مافەکانیانەوە یاساغ کران لەبەر ئەوەی وڵاتی نوێ بە ئێرانی یەک نەتەوە و یەک ئاڵا و زمان پێناسە کرا.

لە بەرانبەر ئەم پڕۆژە فاشیستییەی ناوەندگەراکان، نەتەوەکان و لەسەرەوەی هەموویانەوە نەتەوەی کورد نەک هەر کۆڵیان نەدا، بەڵکوو بە خۆڕاگری خۆیان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە دەستی پێ کرد کە تا ئێستاش بەردەوامە.

بیرمەندانی ویژمانی ئێرانی نوێ، بۆ ئەوەی هەموو سامان و سەرچاوەکانی هێز لە ئێراندا بخەنە ژێر دەستی خۆیان لە گوتاری بەئەمنییەتیکردن کەڵکیان وەرگرتووە و هەر چەشنە خواستێکی نەتەوەکانیان لە چوارچێوەی سیاسی دەر هێناوە و کردوویانتە پرسێکی ئەمنی.

بۆیە دەبینین کە چ لایەنگرانی سەڵتەنەت و چ لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی و هەموو ناوەندگەراکان لە بەرانبەر ویست و خواستی ڕەوای نەتەوەی کورد چەمکی «تەجزییەتەڵەب» و تەواویەتی ئەرزی» زەق دەکەنەوە و کوردەکان تۆمەتبار بە پارچەپارچەکردنی ئێران دەکەن.

لە ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، بەئەمنییەتیکردن پێویستی بە سێ فاکتەرە: ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر، بەردەنگ و دەق.

ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر بە دەسەڵاتداران و جێگرەوەکانیان دەگوترێ کە بە کەلکوەرگرتن لە هێز و چەواشەکردنی مێژوو خۆیان بە حەقدار و خاوەن ماف دەناسێنن. بەردەنگ هەمان خەڵکانێکن کە بەهۆی نەزانین یان مەبەستدار بە شوێن ئەم ویژمانە دەکەون و کاری بۆدەن و بەردەوام دەیڵێنەوە و هەوڵی جێخستنی دەدەن. دەقیش بریتییە لە گێڕانەوەی بەئەمنییەتیکەران کە هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکان و چەواشەکاری دەدەن و هاوکات هەوڵ دەدەن پرسێک وەک هەڕەشە بنوێنن. بۆ ئەم کارەش قوتابخانەکان، زانکۆکان و ناوەندە ئەدەبی، سینەما و ... دەوری سەرەکییان گێڕاوە.

بەم ڕوونکردنەوە کورتە دەبێ لەم ڕاستییە تێگەیشتبین کە ئامانجی ئەم تۆمەت و ناوزڕاندنانە (تەجزییەتەڵەبی و تەواویەتی ئەرزی) کە بەردەوام لە بەرامبەر پرسی مافی نەتەوەکان بەرجەستە دەکرێنەوە، یەک ئامانج هەیە ئەویش بە ئەمنییەتیکردنی پرسی کورد و مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردە. بۆیە کاتێک دەڵێین پرسی کورد و کوردستان سیاسییە و ڕێگەچارەی سیاسی هەیە، مەبەست ئەوەیە کە لە ڕێگەی دیالۆگ و یاسا و ڕێکەوتنەوە دەکرێت مافەکانمان دابین بن، ئەمە پێچەوانەی ڕوانگەی ناوەندگەراکانە کە دەیانەوێت لە ڕێگای بەئەمنییەتیکردنەوە ڕێگاچارەی ناسیاسی واتە سەرکوت و پەنابردن بۆ هێز و هێزە چەکدارەکان بگرنە بەر.